iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف

ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر

بابان ئەنوەر

# مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا

## تۆنی کلیف

وەرگێڕانی

بژار سەردار - ئازاد ئارمان

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (118)

ناوی کتێب: مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا
بابەت: فکری
ناوی نووسەر: تۆنی کلیف
وەرگێڕانی: بژار سەردار - ئازاد ئارمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1396)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

# مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا

تۆنی کلیف

وەرگێڕانی: بژار سەردار

2016

**سەرچاوەی ئەسڵی بابەتەکە:**

Marxism at the Millennium- London-2000

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| دەربارەی نوسەر | 7 |
| 1. ئایا مارکسیزم باوی ماوە؟ | 11 |
| 2. بۆچی ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی شۆڕشگێڕە؟ | 25 |
| 3. گرنگی تیۆریی مارکسیستی | 49 |
| 4. «جهیانگیری» – ئەفسانەکان و راستییەکان | 61 |
| 5. رژێمی ستالینی – سەرمایەداری دەوڵەتییە | 69 |
| 6. ماو، کاسترۆ، گیڤارا و بزوتنەوە نیشتیمانییەکان | 89 |
| 7. مارکسیزم و مەسەلەی چەوسانەوە | 115 |
| 8. خەبات دژی فاشیزم | 121 |
| 9. وانە گرنگەکانی رووداوی ئایاری 1968 | 135 |
| 10. شۆڕشی روسیا | 149 |
| 11. سەرمایەداریی و میلیتاریزم | 163 |
| 12. شۆڕشی دیموکراتی یاخود شۆڕشی سۆسیالیستی؟ | 169 |
| 13. مارکسیزم و دیموکراسی | 181 |
| 14. ئایا دەکرێت شۆڕشی جیهانی بەرپابێت؟ | 189 |
| 15. سەدەی بیست و یەك: لە نێوان هیوا و ترسدا | 199 |

## دەربارەی نوسەر

«تۆنی کلیف» ساڵی 917، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیای تێدا بەرپابوو، لە فەلەستین لە دایکبووە. ساڵی 1930 بووە بە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ و یەکێك بووە لە پەیڕەوکەرانی «لیۆن ترۆتسکی»، دوای ئەوەی لە فەلەستیندا کاری کردووە

بۆ پێکهێنانی گروپێکی گچکەی شۆڕشگێڕ، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا هاتۆتە بەریتانیا، دوای خوێندنەوەیەکی چڕو تێبینیکردنی بارودۆخی وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات، کە لە فەزای یەکێتی سۆڤیەتدا دەخولانەوە، دەستبەرداری ترۆتسکیزمی ئەرسەدۆکس بووە.

«تۆنی کلیف» گروپی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی دامەزراند کە بووە زەمینەیەك بۆ پێکهێنانی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان لە شەستەکان و هەروەها پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە حەفتاکاندا. چەندین پەرتووکی نوسیوە. لەوانە سێ بەرگ دەرباری بیۆگرافیای لینین و چوار بەرگیش لە بارەی بیۆگرافیای ترۆتسکی. ماوەیەکی کەم دوای دەرچوونی پەرتووکێك لە بارەی ژیانییەوە بە ناوی (ژیانێك بۆ بردنەوە: بەسەرهاتی شۆڕشگێرێك) لە نیسانی ساڵی 2000دا کۆچی دواییکرد.

ئەم وتارانەی لەم پەرتووکەدا کۆکراوەتەوە لە دوا ساڵی ژیانیدا بۆ رێکخراوە سۆسیالیستە شۆڕشگێرەکانی ئەڵمانیا و تورکیای نوسیوە. لێرە لە بەریتانیا بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە، بە چاپگەیەنەرانی ئەم پەرتووکە زۆر سوپاسی هاورێ (کلیف)یان کرد، هاوڕێیانی و هاوسەرەکەی جانی رۆزنبێرگ (Chanie Rosenberg) بۆ ئەو هاوکارییانەی پێشکەشیان کردووە لە کۆکردنەوەی ئەم وتارانەدا.

# بەندی یەکەم

## ئایا مارکسیزم باوی ماوه؟

لە قوتابخانە مێژوویان وافێرکردووین وەك ئەوەی چیرۆکێك بێت لە بارەی پیاوە مەزنەکانەوە: پادشاکان، جەنەراڵەکان، ئیمپراتۆرەکان. لە یادمە کە پێیانوتووم کیلۆپاترا لە حەوزی پڕ لە شیردا خۆی شوشتووە، بەڵام هەرگیز مامۆستاکەمان خۆی لە قەرەی ئەوە نەداوە کە کێ ئەو شیرەی بەرهەمهێناوە و چەند منداڵی میسری بە هۆی نەبوونی شیرەوە بەدخۆراك بوون و لە برسانا ناڵاندویانە. ئێمە هێرشەکەی ناپلیۆنمان لە ساڵی 1812 بۆسەر روسیا وەك وانەیەکی مێژوویی خوێندووە، بەڵام پێمان نەوتراوە چەند جوتیاری روسی یاخود چەند جوتیاری فەرەنسی لە بەرگی سەربازیدا بە هۆی شەڕەکانەوە مردون.

مانیفێستی کۆمۆنیست ئەوەی روونکردۆتەوە کە گرنگترین بزوێنەر لە مێژوودا کارو کردەوەی ملیۆنی مرۆڤە:

تێکڕای مێژووی کۆمەڵگە، مێژووی خەباتی چینایەتییە. لە نێوان مرۆڤی ئازاد و مرۆڤی کۆیلەدا، ئەرستۆکراتی و رەش و رووتدا، دەرەبەگ و کۆیلەی زەویدا، وەستاو شاگرد، بە کورتی لە نێوان چەوساوە و چەوسێنەردا، کە رووبەڕوی یەکتر وەستاونەتەوە و بێپسانەوە تاوێك ژێر بە ژێر، تاوێکی تر لە شەڕێکی دەستەویەخەدا کە یان بە بەرپابوونی ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا، یان بە لێکترازان و نابووت بوونی چینە دەرگیربووەکان کۆتایی دێت.

هەر دوو «سۆسیالیزمی» ستالینی و «سۆسیالیزمی» سۆسیال دیموکراتەکان جۆرێکن لە سۆسیالیزمی سەروی خەڵك، بە تایبەتی لە سۆسیالیزمی ستالینیدا ئەمە زۆر ئاشكرا و روونە، کاتێك ستالین بپژمێت سەرجەم ئەندامانی پارت دەبێت دەسرەکانیان بە لوتیانەوە بگرن.

«سۆسیالیزمی» سۆسیال دیموکراتەکان لە رووکەشدا دیموکراسییە، بەڵام لە راستیدا دیموکراسیەتێکە بۆ هەڵبژاردەیەکی کەمایەتی کۆمەڵ. پیاوان و ژنان بە چوار پێنج ساڵ تەنها جارێك بۆیان هەیە دەنگ بدەن، دواتر دەبێت پاڵی لێبدەنەوە. ئەگەر مرۆڤێك لە تێکڕای ژیانی خۆیدا (10) جار دەنگ بدات، ئەوا دەشێت بڵێین ئەو کەسە لە تەمەنیدا بۆ ماوەی (30) دەقیقە گەمەی دیموکراسییەتی کردووە. ئەبی لینکۆن دەڵێت، «ناکرێت کۆمەڵگەیەکت هەبێت نیوەی مرۆڤەکانی ئازادبن و نیوەکەی تری کۆیلە». رابەرانی سۆسیال دیموکرات پێیانوایە دەبێت زۆرینەی خەڵك سەرتاپای ژیانیان بە کۆیلایەتی بەرنەسەرو تەنها ئەو (30) دەقیقەیە نەبێت کە تیایدا بەشداری کایەی دیموکراسیەت دەکەن.

## ناکۆکیەکانی سەرمایەداریی

لە سایەی سەرمایەداریدا ئەوانەی کاردەکەن خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نین، ئەوانەش کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن هیچ کارێك ناکەن.

له سەرمایەداریدا بەرهەمهێنان کردارێکی کۆمەڵایەتییە، کرێکاران لە یەکە گەورەکانی وەك کارخانە و هێڵەکانی گواستنەوە و نەخۆشخانەکاندا کاردەکەن. بەرهەمهێنان کۆمەڵایەتییە، بەڵام خاوەندارێتی وانییە.

خاوەندارێتی لە دەستی تاکە کەسەکان، دامەزراوە سەرمایەداریەکان یاخود لە دەستی دەوڵەت دایە. لە هەر تاکێك یەکەیەکی بەرهەمهێنانی نەخشەسازی هەیە، بەڵام هیچ جۆرە پلانێك نییە یەکە جیاوازەکانی سەرمایە هاوئاهەنگ بکات. لە دامەزراوەیەکی وەکو ڤۆکس واگن Volkswagenدا بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك مەکینەیەك، بۆدییەك، چوار ویل (یان زیاتر بە پێی پێویست)، بەرهەم دەهێنن. هەر ئاستێکی بەرهەمهێنان هەماهەنگی خۆی هەیە، بەڵام هیچ هەماهەنگییەك نییە لە نێوان بەرهەمەکانی فۆکس واگن و جەنەڕاڵ مۆتۆرز General Motorsدا. پلاندانان و بێسەروسامانی دوو دیوی دراوێکن لە سایەی سەرمایەداریدا.

کەواتە دەگونجێت سەرمایەداریی وەکو قۆناغێك دابنێین لە نێوان سەردەمی فیودالیزم (پێش خۆی) و سەردەمی سۆسیالیستی (دوای خۆی). لە سایەی فیودالیزمدا بەرهەمهێنان تاکەکەسی بوو، هەروەها خاوەندارێتیش، بەڵام لەسایەی سۆسیالیزمدا هەم بەرهەمهێنان کۆمەڵایەتی دەبێت و هەم خاوەندارێتیش.

لە فیودالیزمدا ناتوانیت باس لە هیچ جۆرە پلاندانانێك

بکەیت، چ لە یەکە تاکە کەسییەکاندا و چ لە سەرجەم ئابوری وەکو یەك (یەکەیەکی) گەورە، بەڵام لە سۆسیالیزمدا پلاندانان هەم یەکە ئابوریەکان دەگرێتەوە و هەم ئابوریش خۆی وەکو یەکەیەکی گەورە.

بە هۆی ئەو هەموو بزاوتە بێ سنورەی سەرمایەداریی و بەرهەمهێنانە فراوانەکەی کە هاوکاتە لە گەڵ بێسەروبەریەکی ئاشکرا لە یەکەکانیدا، ئێمە دەبینین لە جەرگەی سامان و داهاتێکی زۆردا هەست بە دیاردەی برسێتی فراوان دەکەین. مرۆڤ هەزارەها ساڵ بە هۆی نەبوونی خۆراکی تەواوەوە بە دەست برسێتییەوە ناڵاندویەتی، بەڵام سەرمایەداریی تاکە قۆناغێك و سیستمێکە کە تێیدا مرۆڤ بە هۆی زۆری خۆراکەوە دووچاری برسیەتی بووە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا (کەشتی تایبەتی)یان بەو مەبەستە دروستکردووە کە ژێرەکەی لە ناو دەریادا بکرێتەوە و ئەو بارە دانەوێڵەیەی هەڵیگرتووە نقوومی دەریاکانی بکات بۆ ئەوەی نرخی لە بازاڕدا هەر لە بەرزیدا بمێنێتەوە.

هەژاریی و دەوڵەمەندیی لە سەرمایەداریدا شێوەیەکی وەهای بەخۆیەوە گرتووە هەرگیز لە مێژوودا وێنەی نەبووە. بە پێی ئامار لە دونیادا (58) ملیاردێری هەمەڕەگەز هەن کە سامانەکەیان یەکسانە بە کۆی داهاتی نیوەی مرۆڤایەتی، ئەو نیوەیەی کە جگە لە هەژارەکان بەشێکی زۆریش لە دەوڵەمەندان دەگرێتەوە.

کێبڕکێ ی نێوان سەرمایەکان و چەوساندنەوەی کرێکاران

لە سایەی فیودالیزمدا ئاغا لە پێناوی باشترکردنی ژیانی خۆی جوتیارانی دەچەوساندەوە، هەروەکو مارکسیش روونی کردۆتەوە «سنوری چەوسانەوەی کۆیلەکانی زەوی دیوارەکانی گەدەی ئاغا بووە». بەڵام ئەوەی دامەزراوەی فۆرد دەخاتە گەمەی چەوساندنەوە خواستی بەکارهێنان نییە. ئەگەر مەسەلەکە وابوایە سەرقاڵیی سەرمایەداران کەمتر سەر ئێشێنەر و بارەکەشیان سووکتر دەبوو. فۆرد 250000 کرێکاری رەگەز جیاوازی هەیە و گەربێت و هەر کرێکارێك رۆژانە تەنها یەك پاوەند وەکو زێدەبایی کارەکەی ببەخشێت بەسە بۆئەوەی خاوەنەکانی فۆرد بە تێرو تەسەلی بژین. مەسەلەکە بەمشێوەیە کۆتایی نایەت. چونکە ئەگەر وابوایە، لەبەر ئەوەی دینامیکیەتی ئابوری زۆر لە دینامیکیەتی بەکارهێنانی هەرتاکە کەسێك گەورەترە، ئەوا دەبوو ئەو قورساییەی لە سەر شانی کرێکارانە بە تێپەڕبوونی کات بەرەو کەمبوونەوە بچێت، بەڵام پاڵنەری چەوساندنەوە لای سەرمایەدار خواستی بەکارهێنان نییە، بەڵکو هەڵپەی کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. بۆ ئەوەی فۆرد لە بەرامبەر جەنەڕاڵ مۆتۆرز لە پێشبڕکێدا بمێنێتەوە، پێویستە چەندینجار دەست بە کارخانەکانی خۆیدا بهێنێتەوە تا هەرچی زیاترە سەرمایە وەبەربهێنێت. لایەنێکی تری بێسەروسامانی لە کێبڕکێی نێوان سەرمایەداراندا ئەو بەربەریەتەیە کە لە سایەیدا کرێکارانی تیا دەچەوسێنرێنەوە لە هەر یەکەیەکی سەرمایەداریدا.

## سروشتی دەوڵەتیی سەرمایەداریی

بە هەر لایەکدا بچین پێمان دەوترێت کە حکومەت لە سەروی کۆمەڵەوەیە: چونکە حکومەت نوێنەرایەتیی نەتەوە دەکات. مانیفێستی کۆمۆنیست روونیکردۆتەوە کە چۆن حکومەت چەکێکە بە دەست چینی دەسەڵاتدارەوە: «دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەتی نوێ شتێك نییە جگە لە کۆمتیەیەك بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی بۆرژوازی «.

لە شوێنێکی تر دا مارکس دەنوسێت کە حکومەت «جەستە پڕچەك کراوەکانی پیاوان پاشکۆکانیەتی لە سوپا و پۆلیس، دادگا و زیندانەکان».

مارکس لە شوێنێکی تردا سوپا بە جۆرێك لە پیشەسازی پێناسە دەکات و پێی دەڵێت «پیشەسازیی سەربڕین»، کە پشتی بەستووە بە پیشەسازیی راسەقینەوە. هێزە بەرهەمهێنەرەکان هێزە رووخێنەرەکان دیاری دەکەن، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە بەرامبەر ئەو جوتیارەی کە خاوەنی ئەسپێك و ئامور بوو، شاسوارێك هەبوو کە خاوەنی ئەسپێکی باشترو شمشێرێکی تیژ بوو. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کاتێك ملێونەها مرۆڤ خزێنرانە سوپاوە، بە ملیۆنانی تر رەوانەی کارخانەکان کران بۆ بەرهەمهێنانی تفەنگ و فیشەك و شتیتر. ئەمڕۆش کە لە تواناداهەیە تەنها بە فشاردانانی پەنجەیەك بە سەر دوگمەیەکدا هەزارەها (پاوەند) بڕژێتە بانکەکانەوە، دەتوانرێت پەنجەیەکی تر بە دوگمەیەکدا بنرێت بۆ لە ناوبردنی 60000 مرۆڤ لە هێرۆشیما. پیشەسازیی مەرگ و خودی پیشەسازیش وەکو

دەستکێش و دەست لە گەڵ یەکتریدا گونجاوون. ئەگەر کەسێك خەڵکی مەریخ بێت و دەستکێشێك بدۆزێتەوە، لەوە تێناگات کە بۆچی پێنج پەنجەی هەیە، بەڵام هەرکە زانی ئەو دەستکێشە بۆ ئەوە دروستکراوە تا دەستێکی پێنج پەنجەیی تێبچێت، ئیتر سەرسامیەکەی دەڕەوێتەوە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سوپا جۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکاتەوە، گەر لە سوپادا پلەکان بە پێی جەنەڕاڵ، کۆلۆنێل (پلەیەکی ئەفسەریی بەرزی سوپایە) هەتا سەربازی پیادە دیاری کرابن، ئەوا بە هەمانشێوە لە کارخانەکانیشدا پلەی بەڕێوەبەر و چاودێر و کرێکار بوونی دەبێت - هەر پلەیەك لێرە بەرامبەر پلەیەکە لەوێ.

### شۆڕشی پرۆلیتاریا

بۆ داماڵینی خاوەندارێتیی لە سەرمایەداران، دەبێت چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێت. بەڵام هەروەکو مارکس روونیکردۆتەوە - کرێکاران هەروا بە سادەیی ناتوانن ئامێرە باوەکەی حکومەتکردن بخەنەوەکار. چونکە دەوڵەتی ناو پێکهاتەی پلەبەندیی سەرمایەداری لە خۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە. کرێکاران پێویستە ئەم ئامێرە تێکبشکێنن و بە جۆرێکی تری دەسەڵاتی سیاسی جێگای بگرنەوە، کە نە سوپای هەمیشەیی، نە بیرۆکراسیەتی هەمیشەیی لە خۆی نەگرتبێت و هەموو کارمەندەکانی هەڵبژێردراوبن، توانای لابردنیان هەبێت و هیچ نوێنەرێکیش موچەکەی لە موچەی ئەو کرێکارانە زیاترنەبێت کە نوێنەرایەتییان دەکات. مارکس

بە هۆی ئەزموونی (کۆمۆنەی پاریس)ەوە بە ئەنجامێکی وەها گەیشتووە کە ساڵی 1871، کرێکاران توانیان ئەو راستییە بسەلمێنن. مانیفێستی کۆمۆنیست دەڵێت:

« سەرجەم بزوتنەوە مێژووییەکانی رابردوو، بزوتنەوەی کەمایەتیەکان بوون یان لە بەرژەوەندیی کەمایەتیەکاندا بوون. بزوتنەوەی پرۆلیتاریا بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ و هۆشیارانەی زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵە و لە بەرژەوەندیی زۆرینەدایە».

مارکس ئەوەش راڤە دەکاتەوە کە بۆچی ئێمە پێویستمان بە شۆڕش هەیە: «چینی دەسەڵاتدار بە زەبری هێز نەبێت دەست لە سامان و دەسەڵات هەڵناگرێت، چینی کرێکاریش بە بێ شۆڕش لە دەست (گەندەڵی چەندین سەدە) رزگاری نابێت».

سەرمایەداریی لە سەرێکەوە هۆیەکە بۆ یەکگرتنی کرێکاران و لە سەرێکی ترەوە هۆی دابەشبوونیانە. پێشبڕکێ لە پێناوی کار و داڵدە و شتیتر، چینی کرێکاران لە یەکتری دادەبڕێت، بەڵام ململانێ لە گەڵ خاوەن کارەکاندا یەکیاندەخات. لوتکەی یەکگرتن و جەرگەی شۆڕش لە هەناوی مانگرتنی فراواندایە، شۆڕش کاری شەو و رۆژێك نییە، بەڵکو زنجیرەیەکی نەپساوەی مانگرتن و خۆپیشاندان و کاری ترە کە کرێکاران نزیکدەخاتەوە لە رۆژی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

توندو تیژی – کە زۆرجار ناڕەوا بە شۆڕش دادەنرێت – وەکو مارکسیش دەڵێت: «مامانی کۆمەڵگەیەکی نوێیە»، سەرنج بدەن «مامانە» نەوەك خودی « کۆرپەلە لە دایکبووەکەیە».

ئاستی هەرە گرنگی شۆڕش گۆڕانکارییە گیانییەکانی چینی

کرێکارە. بۆ نموونە: لە سایەی دەسەڵاتی تزاری دا جولەکەکان مامەڵەیەکی زۆر توندوتیژانەیان لە گەڵدا دەکرا. هەتا لە لایەن دەوڵەتیشەوە بەرنامە دانرابوو بۆ دژایەتی کردنیان و ڕێگە بە هیچ جولەکەیەك نەدەدرا بەبێ مۆڵەتی تایبەتی لە (پترۆگراد) و (مۆسکۆ) ی پایتەختدا نیشتەجێ ببێت، جگە لە چەند سنوردارییەکی تریش. کاتێك کە شۆڕش بەرپابوو، بەرپرسی شورای پترۆگراد (ترۆتسکی) جولەکە بوو، هەروەها (کامینۆڤ) بەرپرسی شورای مۆسکۆ جولەکە بوو، (سڤێردلۆڤ) بەرپرسی کۆماری شورایی جولەکەبوو. جیا لە مانە ترۆتسکی خۆشی رابەری سوپای سوربوو.

دیاردەیەکی تری گۆڕانکارییە روحییە گەورەکان ئەوەبوو لە ساڵی 1917دا و لە یەکەمین مانگی شۆڕشدا (لۆنا چارسکی) کۆبوونەوەیەکی بۆ (30 40-) هەزار کەس بەست و تیایدا دوو بۆ سێ سەعات لە بارەی ولیەم شکسپیر و درامای یۆنانی و بابەتی تری ئەدەبی دوا.

بە گشتی بارودۆخی شۆڕشگێرانە هەروەکو لینین شیکردۆتەوە، پێکدێت لە چوار ئاست:

1. قەیرانی سەرتاپاگیر و قووڵی کۆمەڵگە.

2. چینی کرێکار بە ئاشکرا ئەوە نیشانبدات کە چیتر توانای قبوڵکردنی هەلومەرجی ئێستای نەماوە.

3. چینی دەسەڵاتدار متمانەی بە تواناکانی دەسەڵات بەڕێوەبردنی نەمێنێت و لە ئەنجامیشدا دابەش بوون و ئاژاوەی ناوخۆ بە خۆوە ببینێت.

4. سەرهەڵدانی پارتێکی شۆڕشگێڕ.

## سۆسیالیزم یان فاشیزم

هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا مارکس دەڵێت: «خەباتی چینایەتی یان ئەوەتا – بە دووبارە بنیاتنانەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە کۆتایی دێت یان ئەنجامەکەی تێکشکان و نابووتبوونی چینە دەرگیرەکانە». ئەم ئەنجامگیرییەی مارکس لە ڕێی تێبینیکردنی ئەزمونی داڕوخانی کۆمەڵگەی کۆیلەکانی ڕۆماوە سەرچاوەی گرتووە. سپارتاکۆس بە شکست گەیشت و کۆیلەکانیش کارێکی وایان نەکرد چینی کۆیلەدارەکان لە نێوبەرن. کۆمەڵگە لە بەریەك هەڵوەشاوە و کۆیلەکان لە ئارادا نەماون و بوون بە (کۆیلەی زەوی، خاوەن کۆیلەکانیش بوون بە دەرەبەگ. (کاری داگیرکەرانەی خێڵە جێرمانییەکان بەشێك بوو لەم پرۆسەیە).

لە هەمان ڕوانگەوە ئەنگڵس دیدگایەکی خستۆتە ڕوو بەوەی – تەنها دوو ئەڵتەرناتیڤ دەخاتە بەردەم مرۆڤایەتی، سۆسیالیزم یان بەربەریزم. ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگیش هەمان ڕوانگەی هەیە بۆ مەسەلەکە، بەڵام هیچکام لە مانە بە قەد ئێمە لە بارەی بەربەرییەتەوە شتیان بە چاوی خۆیان نەدیووە. ئەنگڵس لە ساڵی 1895دا کۆچی دواییکرد و ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگیش لە کانونی دووەمی ساڵی 1919دا، تیرۆر دەکرێت. هیچیان لە بارەی ژوورە پڕ گازە ژەهراوییەکان، هیرۆشیما، ناگازاکی و برسێتیی بە کۆمەڵی خەڵکی ئەفەریقیایان نەبیستوە و نەدیووە.

کاتێك نازییەکان لە دەرگەی دەسەڵاتیاندا. سەرکردەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) پێیانوابوو کە باشترین ئەڵتەرناتیڤ بۆ نازییەکان، پاراستنی هەلومەرجەکەیە وەك خۆی. لە بەر ئەوەش دەنگیاندا بە (فیلد مارشاڵ هایدنبێرگ) بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆك لەبەر ئەوەی لە پارێزگاران بوو، سەر بە نازییەکان نەبوو، بەڵام هەر خودی ئەوبوو لە 30ی کانونی دووەمی 1933دا، هیتلەری کرد بە سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا. سۆسیال دیموکراتەکان پشتگیرییان لە باری نائاسایی راگەیەندراوی برۆنی کرد کە کرێکارانی خستبووە بارودۆخێکی نالەبارەوە و بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی نازییەت دەشکایەوە. فریتز ستارنۆ (Fritz Starnow)ی تیۆریسیۆنی سەندیکای کرێکارانی ئەوکاتە وتویەتی»سەرمایەداری نەخۆشە و ئێمەش پزیشکەکەین). لە کاتێکدا مارکس وتویەتی چینی کرێکار گۆڕهەڵکەنی سەرمایەدارییە. جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان پزیشك و گۆڕهەڵکەندا. دکتۆر سەرین دەخاتە ژێرسەری نەخۆشەکەوە، لە کاتێکدا گۆڕهەڵکەن سەرینەکە دەخاتە سەردەمی.

لە بەرئەوەی فاشیزم بزوتنەوەیەکی نائومێدبەخشە، سۆسیالیزمیش بزوتنەوەیەکە بۆ چاندنی هیوا. پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە رووبەڕوی فاشیزم نەك هەر لەگەڵ فاشیستەکاندا بجەنگێین، بەڵکو رووبەڕوی ئەو بارودۆخەش ببینەوە کە نائومێدی بەرهەمدەهێنێت. کەسێك کە بیەوێت

جرج بکوژێت، دەبێت ئەو کەندەڵانەش دارمێنێت کە تیایدا زاوزێ دەکەن. کەسێك بیەوێت فاشیست لە ناوبەرێت، دەبێت لەگەڵ سەرمایەداریدا بکەوێتە جەنگ کە هەلومەرجێك دێنێتەئاراوە تیایدا فاشیزم گەشە دەکات - هەلومەرجی بێکاری، بێلانەیی، لادانی کۆمەڵایەتی ....هتد.

**مارکسیزم لە هەموو کاتێکی تر لە بارترە**

ئەمڕۆ ناکۆکییەکانی سەرمایەداری زۆر قووڵترە لەو رۆژانەی کە مارکس تێیدا کۆچی دواییکردووە لە ساڵی 1883دا، ناکۆکیەك کە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە لە کردارەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی خەڵك و ئەو جەنگانەی کە بەردەوام وڵات بە وڵات دەگرێتەوە ...هتد. چینی کرێکار ئەمـڕۆ زۆر بەهێزترە لە رۆژانی ساڵی 1883. بۆ نموونە چینی کرێکاری کۆریای باشور بە ژمارە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی چینی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهاندا هەبووە کاتێك کە مارکس مردووە، هەرچەندە ئێستاش کۆریای باشور یانزەهەمین دەوڵەتە لە جیهاندا لە رووی ئابوریەوە. بە گرێدانی ئەو ژمارەیە بە ژمارەی کرێکارانی ئەمەریکا، یابان، روسیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا ...هتد. مەیل بەرەو سۆسیالیزم لە هەرکاتێك زیاتر دەبێت.

# بەندی دووەم

# بۆچی ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی شۆڕشگێڕە؟

### خود هۆشیاری لە ناو چینی کرێکاراندا

بۆچی ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی شۆڕشگێڕە؟ وەڵام و هۆی سەرەکی ئەمەش لە دوو دەربڕیندا خۆی دەبینێتەوە کە مارکس دایڕشتووە، یەکەمیان: «رزگاری چینی کرێکار بەندە بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە». دووەمیان – کە هاوکات لەگەڵ دەربڕینی یەکەمدا وتراوە ئەوەیە: « بیروباوەڕی زاڵی ناو هەر کۆمەڵگەیەك بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە.»

جۆرێك ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو دەربڕینەدا هەیە، بەڵام هۆی ناکۆکییەکە لە سروشتی بیرکردنەوەی مارکسدا نییە، بەڵکو راستییەکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەمشێوە لە ناکۆکی. ئەگەر هەر یەکێك لەو دوو دەربڕینانە نیشانەی راستی بپێکی بە جیا لەوەی تر، پارتی شۆڕشگێڕ هیچ جۆرە پێویستییەکی نامێنێت. ئەگەر بە سادەیی رزگاری چینی کرێکار لە دەست چینی کرێکار خۆیدابێت – ئەوا راستگۆیانە دەکرێت بڵێین پێویستمان بە خەبات نییە لە پێناوی سۆسیالیزمدا و پاڵبدەینەوە و زەردەخەنە بمانگرێت، چونکە کرێکاران خۆیان خۆیان رزگار دەکەن.

لە لایەکی ترەوە – ئەگەر مەسەلەکە تەنها ئەوەبێت کە – «بیروباوەڕی زاڵی نێو کۆمەڵگە، بیروباوەڕی چینی

دەسەڵاتدارە» کرێکاران بێ ئەملاولا ملکەچی بیروباوەڕی دەسەڵاتدارانیان دەبن و ئەوکاتەش دەتوانین دەستەوئەژنۆ لێی دابنیشین و بگریین، چونکە کار لە کار ترازاوە و دەسەڵات نییە.

بەڵام لە راستیدا هەردوو دەربڕینەکە راستن، هەموو کاتێك خەباتی چینایەتی گوزارشت لە خۆی دەکات، نەك تەنها لەو ململانێیەدا کە لە نێوان کرێکاران و سەرمایەداراندا هەیە، بەڵکو لە نێوخۆی چینی کرێکاریشدا. کرێکاران بۆئەوەی لە هێڵی مانگرتندا راناوەستن تا رێگە بە سەرمایەداران نەدەن خۆیان کارەکە بکەن - سەرمایەداران لە ژیانیاندا کاریان نەکردووە، لەبەر ئەوە هەرگیز لە کاتی مانگرتنیشدا کار ناکەن. هێڵی مانگرتن خۆی بریتییە لەو دەستە کرێکارانەی کە هەوڵدەدەن رێگری لەوە بکەن کۆمەڵە کرێکارێکی تر هێڵی مانگرتنەکە نەبەزێنن بە قازانجی خاوەن کارەکان.

لە بارەی دەسەڵاتی کرێکارانەوە - کە مارکس پێی دەڵێت دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا - پرسیارێك خۆی قووتدەکاتەوە، ئەگەر چینی کرێکاران بە گشتی یەکگرتوون و تەنها کۆمەڵێکی کەم لە سەرمایەداران لە بەرامبەریاندا راوەستاون، ئیتر دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا چ پێویستییەکە؟ چونکە دەتوانیت بە کەمایەتیەش لە سەرمایەداران بڵێین بڕۆنەوە ماڵەوە و چیتر پێویستمان بە بەڕێوەبردنی ئێوە نییە، ئەگەر چی کرێکاران

سەرتاپای یەکگرتووە، دەتوانین تف لە چاوی ئەو کەمایەتییە بکەین و توڕیان هەڵدەینە نێو زەریای ئەتڵەسییەوە!

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەشێك لە کرێکاران دەکەونە لایەك و کرێکارانی دواکەوتوویش لە لایەکەی تردا دەوەستنەوە. لەبەر ئەوەی «بیروباوەڕی زاڵی ناو کۆمەڵ بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە» کرێکاران دابەش دەبن بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازی هۆشیارییەوە.

تەنها ئەمەش نا، بەڵکو لەوانەیە تاکە یەك کرێکاریش لە خودی خۆیدا دابەش بێت بەسەر چەند ئاستێك لە هۆشیارییەوە. ئەو کرێکارە (پیاوبێت یان ژن) لەوانەیە کەسێکی خەباتگێڕ بێت و رقی لە چارەی خاوەن کارەکەی بێت، بەڵام پێست رەشێك دەبینێت لەوانەیە بچێتە ئاستێکی ترەوە.

لە یادمە کە لەگەڵ کرێکارێکی چاپخانەدا لە ماڵێکدا دەژیام. پیاوێکی زۆر زیرەك بوو. کاتێك رۆژی پشوودانمان هات لێم پرسی: « ئایا سبەینێ بە فڕۆکە سەفەر دەکەیت؟» لە وەڵامدا وتی: «نەخێر ناتوانم سبەینی سەفەر بکەم، چونکە هەینییە و 13 ی مانگە) و دەبێت چاوەڕێی شەمە بکەم». ئەم پیاوەی کە لە سەدەی بیستەمدا دەژی، کار بە بیروباوەڕێك دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزار ساڵ.

**لە دژی ئۆپۆرتۆنیزم و لە دژی سیکتاریزم (تاقمچێتی)**

دەکرێت لە هێڵی مانگرتنێکدا راوەستابیت و کرێکارەکەی تەنیشتت رەگەزپەرستانە بکەوێتە قسە. لێرەدا دەتوانی یەکێ

لەم سێ هەڵوێستانە نیشان بدەیت: یەکەمیان – بڵێت من لە گەڵ ئەمجۆرە کەسانەدا لە مانگرتنێکدا راناوەستم و دەڕۆمەوە بۆماڵەوە چونکە لەوێ جێیەك نییە بۆ رەگەزپەرستی، ئەمە سیکتاریستییە (تاقمچیەتییە) چونکە « ئەگەر رزگاری چینی کرێکار گرێدراوە بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە» ئەوا دەبێت لە گەڵ ئەو کرێکارەدا لە سەر هێڵی مانگرتنەکە بمێنیتەوە. دووەم هەڵوێست ئەوەیە: بە سادەیی گوێی خۆت لە قسەکانی کەڕ بکەیت و وای نیشان بدەیت کە گوێت لە وشەکانی نەبووە و بابەتەکە بە قسەکردن لە سەر ئاو و هەوا بگۆڕیت ئەمەش ئۆپۆرتۆنیزمە (هەڵپەرستی یە).

سێیەم هەڵوێست ئەوەیە: لە گەڵ ئەو کرێکارەدا بکەویتە دەمەتەقێ و دژی رەگەزپەرستی قسە بکەیت – دژی بیروباوەڕی زاڵی چینی دەسەڵاتدار، دەبێت گفتوگۆی زۆری لە گەڵدا بکەیت. ئەگەر سەرکەوتوو بوویت ئەوە ئەنجامێکی باشە، گەر نا هەر لە جێی خۆتدا بمێنەوە و کاتێکیش لۆرییە پڕ لە مانگرتنشکێنەکان هاتن – قۆڵت بە قۆڵیدا بکە بۆئەوەی ئەو لۆرییانە رابگرن، چونکە «رزگاری چینی کرێکاران گرێدراوە بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە».

### پارتی شۆڕشگێڕ: زانکۆی چینی کرێکارانە

بۆرژواکان بیست ساڵ بەر لە شۆڕشەکەیان، هیچ پارتێکی شۆڕشگێڕیان نەبووە. یەعقوبییەکان (Jacobians) لە فەرەنسا پێش ساڵی 1785 هیچ جۆرە بوونێکیان نەبوو.

ئەی بۆچی ئێمە دەبێت بەر لە بیست سی تا پەنجا ساڵی شۆڕشەوە دەستپێ بکەین؟ ئێمە بۆ ئەوەی چینی کرێکاران لە خەبات و شۆڕشدا رابەرایەتی بکەین، دەبێت قسە لە سەر پێویستی پارتێکی شۆڕشگێڕ بکەین.

لە هەناوی شۆڕشدا یەعقوبییەکان رێکخراوەکەی خۆیان دامەزراند، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ بڕوانیتە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی، دەبینی کە زۆر جیاوازە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان سەرمایەداری و چینی کرێکاراندا هەیە.

بەڵێ ئەوە راستە کە سەرمایەداری دەبێت دەرەبەگایەتی لە ناوبەرێت و چینی کرێکارانیش بەسەر سەرمایەداراندا زاڵبێت، بەڵام لەم نێوەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە. راست نییە دەرەبەگایەتی هەموو شتێکی هەبووە و سەرمایەداران هیچ. سەرمایەداران دەتوانن رووبکەنە دەرەبەگەکان و پێیان بڵێن: « باشە ئێوە خاوەنی زەوین ئێمەش خاوەنی پارە و بانکەکانیش لە دەستی ئێمەدایە. کاتێك ئێوەی دەرەبەگ موڵکەکانتان لە دەستدەدەن، چۆن خۆتان لە کێشەکان رزگار دەکەن؟ ئێوە دەبێت خوێی خانەدانانەی خۆتان لە گەڵ ئاڵتونی ئێمەدا تێکەڵاو بکەن و خوازبێنی کچەکانمان بکەن». کاتێکیش قسە لە بارەی بیروباوەڕەوە بێت سەرمایەداران دەتوانن بە دەرەبەگەکان بڵێن: «زۆر چاکە ئێوە قەشەتان هەیە، ئێمەش پرۆڤیسۆر. ئێوە ئینجیلتان هەیە، ئێمەش ئینسکلۆپیدیا، با بزانین کێمان دەیباتەوە».

سەرمایەداران لە رووی رۆشنبیرییەوە سەربەخۆ بوون لە بیروباوەڕەکانی دەرەبەگایەتی، ئەوان زیاتر کاریان دەکردە سەر دەرەبەگایەتی نەك بە پێچەوانەوە. شۆڕشی فەرەنسا بە کۆبوونەوەیەك لە بارەی «سێ کوچکە پیرۆزەکە» دەرەبەگایەتی، قەشەکان و چینی ناوەڕاست دەستی پێکرد. کاتێکیش کار گەیشتە دەنگدان، دەرەبەگ و قەشەکان بوون دەنگیان بۆ سەرمایەداراندا نەك بە پێچەوانەوە.

ئایا ئێمەی چینی کرێکاریش هەمان جێگە و رێگەمان هەیە؟ نەخێر. ئێمە ناتوانین رووبکەینە سەرمایەداران و پێیان بڵێین: (باشە...ئێوە دامەزراوەکانی فۆرد و جەنراڵ مۆتۆرز و ICI تان هەیە و ئێمەش جووتێ پێڵاو). لە بارەی بیروباوەڕیشەوە بڕوا ناکەم تاکە کەسێکیش لە ناو سەرمایەدارانیشدا هەبێت کە لە لایەن رۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست Socialist Worker کاری تێ بکرێت.. لە کاتێکدا ملیۆنان کرێکار لە ژێر کاریگەری رۆژنامەیەکی وەك سەن SUN دان!

پارتی شۆڕشگێر بۆرژوازی دەکرێت لە هەمان رۆژی بەرپابوونی شۆڕشدا بونیادبنرێت. ئەوان پێویستیان بە خۆئامادەکردن نییە و دڵنیان. ئایا رۆژی 14ی تەموزی 1789 چی روویدا؟ رۆبسپێر کە رابەری یەعقوبییەکان بوو، پێشنیازی کرد پەیکەرێك بۆ لویسی شانزە لە بەرامبەر باستێلدا، دروست بکرێت. ئەو نەیدەزانی کە سێ ساڵ دوای ئەم قسەیە هەرخۆی سەری لویسی شانزەهەم لە لاشەکەی جیادەکاتەوە.. ئایا ناوی یەعقوبییەکان لە چییەوە هاتووە؟ لەو کڵێسایەوە هاتووە

که تیایدا کۆدەبوونەوە. ئەگەر بیانزانیایە کە چوار ساڵ دوای ئەوە دەست بەسەر تەواوی موڵك و ماڵی کڵێساکان دادەگرن، هەرگیز بە ناوی ئەو کڵێسایەوە خۆیان نەدەناساند.

ئەوان سەربەخۆبوون. بە هێز بوون و دەیانزانی چی دەکەن، بەڵام هەلومەرجی ئێمە تەواو جیاوازە، ئێمە سەربەو چینە ستەملێکراوەین کە هیچ ئەزمونێکی نییە لە بارەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە، لەبەر ئەوەی سەرمایەداران نەك هەر بە تەنها خاوەنی هۆکارە مادییەکانی بەرهەمهێنانن، بەڵکو هۆکارە فکرییەکانی بەرهەمهێنانیش لەبەر ئەوە پێویستمان بە پارتە- پارت زانکۆی چینی کرێکارە. ساند هێرست Sand Hurst چەندە پێویستە بۆسوپای بەریتانی، ئەوەندەش چینی کرێکار پێویستی بە پارتێکی شۆڕشگێر هەیە؟

مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا دەڵێت: (کۆمۆنیستەکان لە ئەزمونە مێژوویی و نێونەتەوەییەکانی چینی کرێکارەوە دەتوانن بڕیارەکان بگشتێنن. بە مانایەکیتر، تۆ تەنها لە ئەزموونی خۆتەوە فێری شت نابیت، چونکە بەشێکی زۆرکەم پێکدەهێنیت لە مێژوو و هەریەکێك لە ئێمە ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەری کەمی هەیە. تۆ پێویستت بەوەیە ئەزمونەکان بگشتێنی و بۆئەوەش پێویستت بە رێکخراو هەیە. وەکو خۆم ئەزمونێکم نییە لە بارەی کۆمۆنەی پاریسەوە، چونکە لەوێ نەبووم. من لە ساڵی 1871دا زۆر گەنج بووم! لەبەر ئەوە پێویستم بە یەکێك هەیە زانیاریم بداتێت. لەبەر ئەوە ترۆتسکی دەڵێت: پارتی شۆڕشگێڕ یادداشت نوسەرەوەی چینی کرێکارە.

## سێ جۆر لە پارتی کرێکاران

سێ جۆر پارتی کرێکاران هەیە: شۆڕشگێر، ریفۆرمیست و میانڕەو. مانیفێستی کۆمۆنیست بەمشێوەیەی خوارەوە پێناسەی پارتی شۆڕشگێڕ دەکات:

کۆمۆنیستەکان تەنها بە چەند شتێك لە پارتەکانی تری ناو چینی کرێکار جیادەکرێنەوە: یەکەم – لە ململانێ نەتەوەییەکانی پڕۆلیتاریای وڵاتە جیاوازەکاندا، بەرژەوەندییە هاوبەش و گشتییەکانی پرۆلیتاریا لەبەرچاو دەگرن و دەیخەنە پێش هەموو شتێکەوە، سەربەخۆ لە هەموو شوناسێکی نەتەوایەتی. دووەم- لە هەر ئاستێکدا کە گەشەکردنی ململانێی چینی کرێکار لە گەڵ بۆرژوازیدا پێیدا تێپەڕدەبێت، ئەوان بەردەوام بەرجەستەکەرەوەی بەرژەوەندییەکانی تەواوی بزوتنەوەکەن.

لەبەر ئەوە کۆمۆنیستەکان، لە لایەکەوە – بە کردەوە- بەشی هەرە پێشەنگ و بڕیاردەری ناو پارتە کرێکارییەکانی هەر وڵاتێکن. ئەو بەشەی کە بەشەکانی تریش بە دوای خۆیا رادەکێشێت. لە لایەکی ترەوە- لە رووی تیۆرییەوە- بەوە لە پێشەنگی پڕۆلیتاریادان کە تێگەیشتنێکی روونیان هەیە بۆ هێڵی بەرەوپێشچوون و هەلومەرجەکان و لوتکەی ئەنجامە گشتییەکانی بزوتنەوەی پرۆلیتاریا.

جۆری دووەمی پارتە کرێکارییەکان پارتە ریفۆرمیستەکانە. لینین لە وتەیەکدا بۆ کۆنگرەی دووەمی ئەنتەرناسیونالی

کۆمۆنیست (ئەنتەرناسیونالی سێیەم) پارتی کار وەکو پارتێکی سەرمایەداری کرێکاران دەناسێنێت. لەبەرئەوەش پێیوتووە سەرمایەداری، چونکە سیاسەتمەدارانی پارتی کار خۆیان لە سەرمایەداری جیانەکردۆتەوە. ئەی بۆچی دەڵێت پارتی کرێکاران؟ بە دڵنیاییەوە لەبەرئەوە نییە کە کرێکاران دەنگی بۆدەدەن. چونکە بێگومان پارتێکی سەرمایەدارییە. لینین لەبەر ئەوە بە پارتی کار دەڵێت پارتێکی کرێکارییە، چونکە تەعبیر لە دیدگایەکی کرێکاران دەکات بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، دژی سەرمایەداری. کاتێك یەکێك لە تەلەڤیزیۆندا سەیری کۆنفرانسی پارتی کار دەکات، ئاشکرایە کە ئەندامانی ئەم پارتە تەعبیر لە چەند دیدگای جیاواز دەکەن کە بە ژمارە زۆرترە لە وانەی پارتی تۆری Tory Party لە کۆنفرانسی پارتی تۆریدا چەپڵە بۆ ئەو قسەکەرانە لێدەدرێت کە هێرش دەکەنەسەر یەکێتییە کرێکارییەکان و پێست رەشەکان. هەروەها لە هەمانکاتدا ستایشی سوپا و پۆلیس دەکەن... هتد، بەڵام لە کۆنفرانسی پارتی کاردا چەپڵە بۆ ئەو قسەکەرانە لێدەدرێت کە پێویستبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی باشتر و پەروەردەی چاکتر و دابینکردنی خانووبەرە دەخەنە ڕوو. لە نێوان پارتە شۆڕشگێڕەکان و پارتە ریفۆرمیستەکان، جۆری سێیەمی پارت یانی پارتە میانڕەوەکان جێگیربوون. شوناسی سەرەکی ئەم پارتانە Fudge واتە دوو رەگن. ئەسپ دەتوانێت ئەسپ بەرهەمبهێنێت، گوێدرێژیش دەتوانێت گوێدریژ،

کاتێکیش مێیەی ئەسپێك و گوێدرێژێك بە یەك دەگەن هێستر بەرهەم دێنن. ساڵی 1936 پارتی کرێکارانی مارکسیستی ئیسپانیا POUM 40 هەزار ئەندامی هەبوو، ئێستا پارتی کرێکارانی مارکسیست مردووە و وەکو پارتی کاری سەربەخۆ لە بەریتانیا چوار کورسی پەرلەمانی بە دەستهێنا لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی 1945دا. ئێستا تەنانەت پارتی کاری سەربەخۆ شوێنەواریشی نەماوە. هەمان چیرۆکیش دەربارەی SAP لە ئەڵمانیا هەیە، باڵی بلاند لیرایت Bland Lerite ی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا، ئەندامە پاسیڤیستەکانی SPD و ساڵانی دەیەی سییەکان، پارتێکی گەورە بوو، بەڵام ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نییە.

پارتی شۆڕشگێڕ وانە بە چینی کرێکار دەڵێتەوە و لێشیەوە فێردەبێت

لە ژێر رۆشنایی هەموو ئەزموونەکانی رابردوو، پارتی شۆڕشگێڕ دەبێت رابەرایەتی چینی کرێکار بکات. کەواتە، پارت مامۆستای کرێکارانە، بەمشێوەیە ئەوپرسیارە سادەیە سەرهەڵدەدات: «ئەی کێ مامۆستای ئەم مامۆستایەیە؟» بۆ وەڵامدانەوەش زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە ئێمە لە لایەن چینی کرێکارەوە فێردەکرێین هەموو بیرۆکە گەورەکان لە لایەن کرێکاران خۆیانەوە دێنەئاراوە.

ئەگەر مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس بخوێنیتەوە، دەبینیت کە باسی پێویستی حکومەتی کرێکاران دەکات،

یانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. دوای ئەوە لە ساڵی 1871 دا دەنوسێت کە کرێکاران ناتوانن ئامێری کۆنی دەوڵەت بە دەستەوە بگرن: دەبێت تێکیبشکێنن – سەرجەمی سوپای دامەزراو و بیرۆکراسی و پۆلیس، دەبێت ئێمە هەموو بونیادە میراتییەکەی تێکبشکێنین و جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت بنیادبنێین – دەوڵەتێك بێ سوپای پیشەیی و بیرۆکراسی و هەموو کارمەندەکانی هەڵبژێردراون و هەر کارمەندێك مووچەکەی یەکسان بێت بە مووچەی کرێکاران. ئایا مارکس ئەم مەسەلەیەی بە هۆی بیرکردنەوەیەکی زۆر لە مۆزەخانەی بەریتانیادا هەڵهێنجاوە؟ نەخێر، نا. هۆکاری ئەم ئەنجامگیرییە کرێکارانی پاریس بوون کە هەر بە دەسەڵات گەیشتن، ئەو کارەیان کرد.

بەڵێ مارکس لەوانەوە فێربوو. ستالینییەکان هەمیشە پێیانوایە کە لینین بیرۆکەی شورا (سۆڤیەت)ی داهێناوە. لە فەرهەنگی ستالین دا لینین داهێنەری هەموو شتێکە! ئەوان بۆچوونێکی پیرۆزی ئاینییان هەیە. ئێمە نوسینەکانی لینینمان لەبەر دەستە و کاتێك کرێکاران یەکەم شورایان لە پترۆگراد ساڵی 1905دامەزراند، لینین چوار رۆژ دوای ئەوە دەنوسێت و دەڵێت – ئەی هاوار ئەمە چییە؟

کرێکاران لە خەباتدا پێویستیان بە شێوەیەکی نوێی رێکخراو بوون هەبوو، بە خەستی فێری ئەوەبوون کە کۆمیتەی مانگرتنی کارخانەیەك لە سەردەمی شۆڕشدا

کاریگەرییەکی ئەوتۆ نییە. پێویستی بە کۆمیتەی مانگرتنی هەموو کارخانەکانە. شوراکانیش ئەمە بوون کە لە کۆبوونەوەی کارخانەکان هەڵبژێردرابوون بۆ رابەرایەتی کردنی ئەو نمایشە. کرێکاران ئەمەیان کرد و لینینیش شوێنیان کەوت. پارت هەمیشە لە چینی کرێکارەوە فێری کارکردن دەبێت.

ئایا پارت هەمیشە لە پێشەنگی چینەکەدا دەبێت؟ وەڵام ئەوەیە کە پارتی شۆڕشگێڕ لە هەموو بارێکدا دەبێت پێشەنگی چینەکەی بێت و کەمتر لەوە پارتی شۆڕشگێڕ نییە. بەلشەفیکەکان لەساڵی 1914دا و لە دەسپێکی جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر لە پێشەوەی چینی کرێکار بوون. ئەوان دژی جەنگ بوون لە کاتێدا زۆرینەی کرێکاران لە گەڵیدا بوون.

بەڵام ساڵی 1917 دەبینین لینین چەندینجار دووپاتی دەکاتەوە لە ئاب و ئەیلولدا کە پارت لە دوای چینی کرێکارەوە هەنگە شەلەیەتی. کە چینەکە زۆر لە پێش پارتەوەیە و ئێمە دەبێت بە خێرایی بچینە پێشەوە تا بە چینەکە بگەینەوە. ئەمەش تەنها هۆیەکی سادەی هەبوو: بۆماوەیەکی دوورو درێژ کرێکاران متمانەیان لە دەستدابوو لەبەر ئەوە لە دوای پارتی شۆڕشگێڕەوە بوون. بە تێپەربوونی کات گۆڕانکاری لە بارەکەدا روویداو چینەکە زۆر بە خێرایی گۆڕا، کێشەی شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە پێویست بە رۆتینێك

دەكات بۆ زیندوومانەوە، بەڵام ئەم رۆتینە كارت تێدەكات، تۆ وامەزەندە دەكەیت كە لە پێشەنگی چینی كرێكار دایت، بەڵام هەركە كرێكاران بزوتن، دەبینی چەند ترسناك تۆ لە دواوەیت! پارتی شۆڕشگێڕ پێویستە لە پێشبڕكێدا بێت لەگەڵ چینی كرێكاردا. پارت بریتی نییە لە كۆمەڵێك خەڵك. ئەوان كەسانێكی شۆڕشگێڕن و دەبێت لێرە بە دواوە هەمیشە رابەر بن. ئەمە قسەیەكی پووچە پێویستە تەواوی هەوڵت بدەیت تا هەموو كاتێك رابەر بیت و هەمیشەش فێر ببیت بۆئەوەی هەمیشە لە پێشەنگ دابیت.

ئەمە تەنها لە كاتی شۆڕشدا راست نییە، هەر لە جێی خۆتدا دەبینی كە كەسێك بۆماوەی 20 ساڵ لە پارتی كرێكارانی سۆسیالیست (Socialist Workers Party) هاوڕێیەكی دڵسۆزە و كەسێكی تریش تازە هاتۆتە ناو پارتەوە. چەند مانگێك دەگوزەرێت و كاتێك كە دێتە سەر هەڵسەنگاندنی چالاكی دەبینیت كە ئەو هاوڕێیەی تازە هاتۆتە پارتەوە زۆر لە پێش ئەو هاوڕێیەوەیە كە بیست ساڵە ئەندامە. ئەمە نموونەیەكە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

بە دەستهێنانی رابەرایەتی وەكو مەشینەی پارەی بانك نییە. كاتێك پارە لە بانك دادەنێی قازانجێكت دەستدەكەوێت، بەڵام رابەرایەتی شۆڕشگێڕانە وەها نییە، چونكە دەبێت هەموو رۆژێك بە دەستی بهێنیت ، هەموو مانگێك، لەبەر ئەوە، ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕان لە بەرچاوە ئەوەیە كە لە

هەفتەی رابردوودا چیان کردووە و ئەم هەفتەیە خەریکی چین و بۆ هەفتەی داهاتوو چیان بە دەستەوەیە بیکەن. تۆ دەتوانی لە ئەزموونی 100ساڵەوە فێری شت بیت، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بزانیت ئەم هەفتە چیدەکەیت، پێویستە بجەنگێت بۆ ئەوەی رابەرایەتی بە دەستبهێنیت.

ئەندامانی پارتە ریفۆرمیستەکان خۆبەدەستەوە دەر و خۆگونجێنەرن

لەبەر ئەوەی پارتی ریفۆرمیست هەوڵی تەنها بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین دەنگە، ئەوا دەڕوانێتە نزمترین خاڵە هاوبەشە باوەکان و خۆی دەداتە دەست بیروباوەڕە زاڵەکان.

ئایا بە راستی بڕوات وەهایە کە هیچ یەکێك لەوئەندام پەرلەمانانەی پارتی کار هیچ لە بارەی چەوسانەوەی «گەی و لەزبییان» نازانن؟ بەڵام ئەوەتا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1987هێرش دەکاتەسەر «چەپی شێت و وێت» لە ئەنجومەنی راوێژکاری کە پشتگیری لە (گەی و لەسبییانەکان) دەکەن. ئایا ئەو بۆ وایکرد؟ چونکە بە بڕوای ئەو ئەمە رێگەی جەماوەری بوونە. ئێستاشناملیکەیەکی جۆن ستراکیم (John Strackey) لایە کە بە خۆی دەڵێت مارکسیست. لە هەڵبژاردنی 1929دا هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمان، بەڵام کێشەی ئەوەبوو، جوولەکە دەرچوو. لەبەر ئەوە ناملیکەیەکی بە ناونیشانی «جۆن ستراکی بەریتانیە»وە نوسی و تێیدا پێشبڕکێی هەرکەسێکی دەکرد کە لە دادگادا بیسەلمێنێت جولەکەیە. ئەو بۆ وای وت،

پێویستە من بڵێم کە جولەکەم و هەرکەسێك لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست پێی بوترێت جولەکە. دەڵێت «بەڵێ وایە من جولەکەم و شانازی پێوەدەکەم» تۆش نکۆڵی لەوە ناکەیت.

بەڵام ئەگەر بە دوای ژمارەی زۆردا دەگەڕێی، ئەوا دەبێت خۆت بخەیتە ژێرکاریگەری بیروباوەڕی زاڵەوە. لەبەر ئەوەشە پارتە ریفۆرمیستەکان پارتی گەورەن، بەڵام بە تەواوی خۆ بەدەستەوە دەرن. بۆ نموونە پەرتووکێك هەیە بە ناوی «رەگورِیشەکانی کار»، کە لە پێکهاتەی سەردەم دەدوێت، ساڵی 1984پارتی کاری سۆسیالیستە لاوەکان 573 لقی هەبوو، ساڵی 1990 ژمارەی لقەکان هاتە سەر 15. ژمارەی ئەو ئەندامانەی کە تەمەنیان لە 66 ساڵی و بەسەرەوەیە، سێ ئەوەندەی ئەوانەیە کە تەمەنیان 25 ساڵ و خوارترە. ئەندامانی پارتی کار دەیانپرسی کە چەندجار لە مانگێکدا خۆیان لە چالاکییە کرێکاریەکان دەدەن: لە سەدا پەنجایان دەیان وت هیچ لە سەدا، سییان پێنج سەعات لە مانگێکدا و سەعاتێك لە هەفتەیەکدا، تەنها لە سەدا دەیان دەیان وت، لە نێوان پێنج بۆ دە سەعات.

خۆبەدەستەوەدانی تەواو - ئەمە سروشتی پارتی کارە. دیوەکەی تری هەمان دراو کۆنترۆڵی بیروکراتییە. بیرۆکراتەکان باڵادەستن لە پارتی دا. ئەنجامی ئەوەش سکتاریزمە (کوتلەچێتییە). ئەندامانی ئەم پارتە بە سادەیی

دەڵێن: « ئێمە دەمانەوێت تەنها لە گەڵ ئەوکەسانەدا رێگە بکەین کە لە گەڵمان دێنەوە. ئێمە تەنها لە خەمی ئەوانەداین کە هاوبیری خۆمانن.»

شۆڕشگێڕەکان ئەوانەن کە جیاوازن لە زۆرینەی چینی کرێکار، بەڵام لە هەمانکاتدا بەشێکن لە چینی کرێکار. مەسەلە بۆ شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە چۆن پەیوەندی یەك لە گەڵ کرێکارە نا شۆڕشگێڕەکاندا دروست بکەن. چۆن رایەڵەیەك لە گەڵ ئەوکەسانەدا دروست بکەیت کە بە رێژەی 60% لە گەڵتایە و چۆن لە کاتی خەباتدا ئەو رێژەیە بەرز بکەیتەوە بۆ 80% . ئەگەر تۆ سکتاریست بیت دەڵێت « تۆ لە 40% لە گەڵ مندا نایەیتەوە، من هیچ کارم بەسەر تۆوە نییە» ئەگەر تۆ شۆڕشگێڕ بیت دەڵێت» ئێمە لە 60% هاوبیرین، با لێرەوە دەست پێ بکەین و لەسەر ئەو لە 40%ەش گفتوگۆتان لە گەڵدا دەکەم کە جیامان دەکاتەوە و لە کاتی خەباتدا هەوڵدەدەم قەناعەتت پێ بکەم.

سەنترالیزمی دیموکراتیك

پێکهاتەی پارتی شۆڕشگێڕ چۆنە؟ بۆچی ئێمە باسی ناوەندێتی دیموکراتی دەکەین؟

با سەرەتا تێبگەین کە بۆچی پێویستمان بە دیموکراسییەتە. ئەگەر بتەوێت لە لەندەنەوە بچیت بۆ بێرمینگهام پێویستت بە پاسێك و شوفێرێکە، پێویستت بە موناقەشەیەکی دیموکراتی نەماوە چونکە پێشتر کردومانە و ئێستا پێویستمان

به شوفێرێکی باش و پاسێکی باشە. کێشەکە لەوەدایە کە گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بەرەو سۆسیالیزم شتێکە پێشتر تاقیکراوەتەوە. هیچ لەبارەیەوە نازانین.

ئەگەر شتێکت نەزانی، تاکە رێگەیەك هەیە بۆ فێربوون ئەویش ئەوەیە ریشەت لەناو چینی کرێکاردا داکوتابێت و لە چینەکەوە فێربیت، مەسەلەکە هەروا سادە نییە کە دیموکراسیەت هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات. گەر دەتەوێت بزانی کە ئایا هاتنەخوارەوەیەك هەیە لە رادەی قازانج ، ئایا مارکس لە سەر هەقە، ئەمە مەخەرە دەنگدانەوە. شت لە بارەیەوە بخوێنەوە دوایی بڕیار بدە.

چەندین شتیش هەیە کە دەبێت بیخەیتە دەنگدانەوە، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان هەیە بە خەباتەوە دەبێت بخرێتە بەر تاقیکردنەوە.چونکە بە سادەیی هێشتا ماومانە بیزانین. چونکە گەر « رزگاری چینی کرێکار بەندە بە خەباتی چینی کرێکار خۆیەوە» ئەوا چینی کرێکار لە رێگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە فێرمان دەکات.

وەسفێکی جوان هەیە لینین دەریبڕیوە کاتێك لە شوێنی خۆشاردنەوەدا بوو دوای رۆژانی تەموزی ساڵی 1917 کاتێك پارتی بەلشەفیك تیایدا داخراو چاپخانەکەی تێکوپێکدرا. بەلشەفیکەکان بەوە تاوانبار کران کە سیخوری ئەڵمانیان. لینین نەیدەزانی دەسەڵاتی دژە شۆڕش گەیشتۆتە چ ئاستێك. ئەو وەسفی نانخواردنێك دەکات لە گەڵ کرێکارێکدا کە لە

گەڵ خۆیدا بوو لە هەمان پەناگەدا کاتێك کرێکارەکە نانێکی دەداتێت پێیدەڵێت « ئەمە نانێکی باشە، ئەوان، واتە چینی سەرمایەداران لێمان تۆقیون « لینین دەڵێت (ئەوساتەی ئەم قسانەم بیست تێگەیشتم پەیوەندی چینایەتی هێزەکان چییە، تێگەیشتم کرێکاران لە راستیدا چۆن بیردەکەنەوە – کە سەرمایەداران هێشتا لێمان دەترسێن، هەرچەندە ئێمە هێشتا یاساغین و شکستمان خواردووە، بەڵام هێشتا ئەوە سەرکەوتنی دژە شۆڕش نییە.

کاتێك دەتەوێت بزانیت کرێکاران متمانەیان پێتە. بە چ رێگەیەك دەزانی؟ ناتوانی لە چاپخانەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەیت، رێگەی ئەمەت پێنادرێت، ناشتوانی لەگەڵ یەکگ بەیەکییان کۆببیتەوە. ناتوانی شۆڕشی چینی کرێکاری دوور لە دیموکراسییەتێکی قووڵ ئەنجام بدەیت. ئەوەی پەیامی شۆڕشیشە ئەوەیە کرێکاران بگەیەنێتە ئاستی چینێکی دەسەڵاتدار. بەمەش دیموکراتیترین رژێم، لە مێژوودا بخوڵقێنێت. کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا هەر پێنج ساڵ جارێك کەسێك هەڵبژێریت بۆ ئەوەی ببێتە «نانوێنەری» تۆ، لەم رژێمەدا مەسەلەکە تەواو جیاوازە. لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا قەت دەنگدان ئەنجام نادەین، ئایا کارخانەیەك دابخەین یان نا، ئەفسەرانی سوپا یان دادوەران هەڵنابژێرین؟ لە حکومەتی کرێکاریدا هەموو شتێك لە ژێر رکێفی کرێکاراندایە، هەموو شتێك لە دەسەڵاتی کرێکاراندایە. ئەوە گەورەترین شێوەی دیموکراسییەتە.

ئەگەر ئەمانە هەمووی راستن، کەواتە ناوەندێتییان بۆچییە؟

بۆئەوەی بەسەر ئەم بەشبوونەدا، ئەم ئەزموونە بەرتەسکەدا زاڵبیت. پێویستیت بەوەیە هەموو ئەزموون و بەشەکان لە ناوەندێکدا کۆبکەیتەوە، هەروەها بۆیە ناوەندێتیت پێویستە چونکە چینی دەسەڵاتدار ئەوپەڕی ناوەندێتی هەیە. گەر تۆ هاوشانی دوژمنەکەت نەبیت هەرگیز ناتوانیت سەربکەویت.

من قەت خۆبەدەستەوەدەر (پاسیڤیست) نەبووم، گەر یەکێك چڵە پوشێکم لێبەرزبکاتەوە، دەبێت چڵێکی گەورەترم هەبێت! بڕوام بەوە نییە بڕگەیەك لە کتێبی (سەرمایە)ی مارکس هێرشی سەگێکی هارم لێدوربخاتەوە. ئێمە دەبێت هاوشانی دوژمنەکانمان بین. هەر ئەمەشە وام لێدەکات لە ئەنارکیستەکان تێنەگەم کاتێك دێن و دەڵێن دەوڵەتمان ناوێت، سەرمایەداران دەوڵەتیان هەیە. چۆن دەتوانی حکومەتێك تێکبشکێنیت کە تۆ حکومەتێکی نەیاریت نەبێت؟

ئەنارکیستەکان هەمیشە نکوڵی لە دەوڵەت دەکەن، بەڵام کاتێك گەیشتنە ئەوپەڕی هێز بەشداری لە حکومەتدا دەکەن. هەرواشیانکرد لە ئیسپانیای سەردەمی شەڕی ناوخۆ کاتێك چوونە ناو حکومەتەوە. بۆچی؟ چونکە ئەوە سودی نییە نکوڵی لە شتێك بکەیت هەتاوەکو تێکی نەشکێنیت و کاتێکیش تێکتشکاند دەبێت بە شتێکیتر جێگەی بگریتەوە؟

به کرێکارانی چەکدار، کە ئەمەش خۆی حکومەتی کرێکارییە.

پێویستبوون بە پارتێکی شۆڕشگێڕی جەماوەری

کاتێك باسی پارتێك دەکەین کە رابەرایەتی چینەکە بکات و مەسەلەکە تەنها ئەزموون، زانیاری رەگوریشە نییە. رابەرایەتی دەبێت زمانی کرێکاران بە کاربهێنێت، هەست و نەستی کرێکارانی هەبێت. تۆ دەبێت پەیوەندیت بە کرێکارانەوە هەبێت، چونکە ئەوە رابەرایەتییە. تۆ دەڵێیت و گوێ دەگریت، تۆ تەنها هەر قسە ناکەیت، تۆ بە زمانێك قسە دەکەیت کە تێت بگەن.

بەڵام تەنها ئەمە بەس نییە. ئێمە پارتێکی گەورەترمان دەوێت. پارتی کرێکارانی سۆسیالیست بچووکترین پارتی جەماوەرییە لە جیهاندا. پارتی بەلشەفیك لەساڵی 1914دا چوار هەزار ئەندامی هەبوو. دوای شۆڕشی شوباتی 1917 ژمارەی ئەندامانی گەیشتە بیست و سێ هەزار ئەندام. لە ئابی 1917دا چارەکە ملیۆنێك ئەندامیان هەبوو. بە چارەکە ملیۆنێك دەتوانی چینێکی کرێکاری سێ ملیۆنی رابەرایەتی بکەیت.

پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە ساڵی 1918دا چوار هەزار ئەندامی هەبوو. ئەگەر چی هەموویان زۆر لێهاتوو بوون، بەڵام نەیانتوانی شۆڕش سەربخەن. تۆ پێویستت بە پارتێکی قەبارە گۆڕاوە چونکە بۆ ئەوەی رابەرایەتی بکەیت پێویستە لە هەموو کارخانەیەکدا بنکەیەکت هەبێت.

من پێشتر ئاماژەم بە رۆژەکانی تەمموز کرد، کاتێك (لینین)یان بە سیخوڕی ئەڵمانیا تاوانبارکرد، 10 هەزار کرێکار لە کۆی30 هەزار لە کارخانەی پۆتیلۆڤ بۆ ماوەی یەك رۆژ مانیانگرت و وتیان ئێمە باوەڕمان بە لینین هەیە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بەڵشەفیکەکان500 ئەندامیان هەبوو لە کارخانەی پۆتیلۆف.

ئەگەر بتەوێت ملیۆنەها کەس رابەرایەتی بکەیت. پێویستیت بە سەدان ئەندام هەیە

ئەگەر بتەوێت کەرنەڤاڵێکی کۆمەڵەی دژە نازی 150 هەزار کەسی بەرێبخەیت. کە ئەمەش بەراورد بە شۆڕش شتێکی زۆر گچکەیە. هەتا بۆ ریکخستینی ئەم کۆمەڵەیە ئێمە پێویستیمان بە شەش، حەوت یان هەشت هەزار ئەندامی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست هەیە.

من رقم لەوەیە کاتێك دەبینیم خەڵکانێك دەڵێن مارکسیزم شێوەیەکە لە چالاکی رووناکبیری: بۆ لێکدانەوەی شتەکان، ئێمە تێگەیشتووین، ئێمە زۆر بە تواناین، بەڵام مارکسیزم پەیوەستە بە کاری کردەوە، کردەوەش پێویستی بە قەبارەیە، بۆ کاری کردەوەش پێویستیمان بە هێزە. ئێمە پێویستیمان بە پارتێکی جەماوەری نیو ملیۆنی هەیە.

# بەندی سێیەم

## گرنگی تیۆری مارکسیستی

لینین هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەستەمە پارتێکی شۆڕشگێڕ هەبێت بە بێ تیۆرێکی شۆڕگێڕانە. مارکسیزم لە لایەن مارکس و ئەنگڵسەوە، وەکو سۆسیالیزمی زانستی پێناسەکراوە. هەموو زانستێکیش فیزیا بێت یان کیمیا یاخود مارکسیزم ناکرێت وەکو کۆمەڵێك هێما بە بێ تێگەیشتن ئەزبەر بکرێت. بەڵکو دەبێت بە گرنگییەوە لێی بکۆڵینەوە.

کاتێك مارکس و ئەنگلس لە نوسراوەکانیاندا داوا لە شۆڕشگێڕان دەکەن کە ئەزموونە مێژوویی و نێونەتەوەییەکانی چینی کرێکار گشتگیر بکەنەوە، ئەوا ئاماژە بە کارێك دەکەن کە بێ لێکۆڵینەوە و بێ بوونی تیۆریەك ئەنجام نادرێت. ئێستا کەسێك نییە لە رێگەی ئەزموونی تاکەکەسی خۆیەوە زانیاری لە بارەی کۆمۆنەی پاریسەوە بزانێت. لەبەر ئەوە پێویستە پەرتووکەکان بخوێنینەوە. ترۆتسکی بە چەند وشەیەکی جیاواز هەمان بیرۆکە دەردەبڕێت کاتێك دەڵێت پارتی شۆڕشگێڕ یاداشتی چینی کرێکارە و لە هەمانکاتیشدا زانکۆکەیەتی. لە زانکۆشدا خوێندکاران تیۆر دەخوێنن.

بۆ ئەوەی خۆت بۆ داهاتوو ئامادە بکەیت، دەبێت لە رابردووەوە شت فێربیت. کارڵ رادێك کە رابەرێکی بەلشەفیکی بووە باس لەوە دەکات کە چۆن لینین لە جەرگەی رۆژە پڕ لە هەژانەکانی ساڵی 1917دا پێیوتووە کە

پەرتوکێکی لە بارەی شۆڕشی فەرەنساوە بخوێنێتەوە بۆئەوەی ببێتە یارمەتیدەرێك بۆی لە تێگەیشتنی ئەو ئەرکانەی لە داهاتوودا دێتە رێی. هەر لەو رۆژنەشدا بوو لینین یەکێك لە هەرە گرنگترین کارە تیۆرییەکانی خۆی نوسییەوە بە ناوی دەوڵەت و شۆڕش. سان جەست لە رۆژانی شۆڕشی فەرەنسادا وتویەتی « ئەوکەسانەی شۆڕشەکەیان نیوەچڵ ئەنجامدەدەن، ئەوا گۆڕ بۆخۆیان هەڵدەکەنن».

هەموو شۆڕشێك نیوەچڵ دەست پێدەکات، نوێ و کۆن هاوزەمان بە یەکەوە دەردەکەون. شۆڕشی شوباتی 1917 کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسەر و پۆلیس هێنابوو. شوراکان کۆمیتەکانی کرێکارانی لە کارخانەکان هێنایەئارا کە ئەمانە هەموو شتی تازە بوون، بەڵام شتە کۆنەکانیش هەرمانەوە: جەنەراڵەکان لەناو سوپادا مانەوە، سەرمایەداران لە خاوەندارێتی کارخانەکاندا بەردەوام بوون و ئاغاکان زەوییەکانیان بۆمایەوە و شەڕی ئیمپریالیستیش هەر بەردەوام بوو.

سۆخانۆڤ (Sokanov) ی مێژوونووس دیمەنێکی ئەو رۆژانەمان دەخاتە بەرچاو: کاتێك لینین لە نیسانی ساڵی 1917 دا گەڕایەوە روسیا، 10 هەزار کرێکار لە وێستگەی فینلەندا لە پترۆگراد، پێشوازییانکرد. لێپرسراوی شوراکانی پترۆگراد چێکهایدز باڵی راست، واتە مەنشەفیك بوو. چەپکێك گوڵی گەورەی پێشکەش بە لینین کردو وتی»

بە ناوی شۆڕشی سەرفرازی رویساوە بەخێربێیتەوە».
لینین چەپکە گوڵەکەی لاداو روویکردە هەزارەها سەرباز و کرێکار، وتی: « کام شۆڕشە سەرکەوتووەی روسیا؟ بەڵێ ئێمە رزگارمان بووە لە قەیسەر.فەرەنسیەکانیش لە ساڵی 1792 دا لە دەست پاشاکەیان رزگاریان بوو، بەڵام سەرمایەدارەکان خاوەندارێتی کارخانەکانیان لە دەست نەدا. کەواتە بڕوخێ حکومەتی کاتی، کۆتایی بێت جەنگ! زەوی، نان، ئاشتی، هەموو دەسەڵاتێك بۆ شوراکان!» دەبێت ئەو دیمەنەشمان لە بەرچاو بێت کە لەگەڵ ئەوەی هەزاران کرێکار و سەرباز هاواری هەربژییان بۆ لینین کردووە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بە شێوەیەك سەرمەستی هەوای نەمانی قەیسەریزم و پۆلیس بوون کە نەیاندەتوانی لەوە تێبگەن بۆچی پێویستە رەخنە لە بارودۆخەکە بگیرێت. تاکە دەنگێکیش کە لەو ئاپۆرەیەدا بیسترا هاواری گۆڵدنبێرگی ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەلشەفیك بوو کە دەیوت «لینین شێتە، بەڵێ ئەو بە تەواوی شێتبووە». کەسێکی وەك لینین لەبەر ئەوەی قسەکانی سان جەستی لا رۆشن بوو، بەردەوام بوو لە سەر رابەرایەتیکردنی شۆڕش تا دوا سەرکەوتنی.

لە ساڵی 1917 بە دواوە چەندین شۆڕشی ناتەواو لێرەو لەوێ ئەنجامدرا کە سەرئەنجام بە دژە شۆڕش کۆتاییان هاتووە.

لێرەدا چەند نموونەیەك دێنمەوە:

لە تشرینی دووەمی ساڵی 1918 لە ئەڵمانیا شۆڕش کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسەر هێناو ئەنجومەنە کرێکارییەکان (شوراکان)یان هێنایەکایەوە، بەڵام بە داخەوە جەنەڕاڵەکان و خاوەن کارگەکان هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە. لە ساڵی 1919 ئەفسەرانی سوپا رۆزا لۆکسۆمبورگ و کارڵ لیبکنخت و چەندین کۆمۆنیستی تریان تیرۆر کرد. دوای چەند ساڵێکی تریش نازییەکان توانییان دەسەڵات بگرنە دەست.

لە ساڵی 1979 مانگرتنە جەماوەرییەکان بە رابەرایەتی ئەنجومەنە کرێکارییەکان (شوراکان) لە ئێران بەرپا بوو، کۆتایی بە دەسەڵاتی شای ئێران هێنا. لەو کاتەدا پارتی کۆمۆنیست (حیزبی تودە) و چریکی فدائییان کە پاشکۆی مۆسکۆ بوون، رابەرایەتی کرێکارانیان دەکرد. ئەمانە بانگەوازی یەکێتی خەڵکی ئێران و سەرجەم موسڵمانانیان دەکرد و لەگەڵ (خومەینی) سازشیان کرد و لە بەرامبەردا ئەویش قەسابخانەیەکی بۆ کردن بە دیاری.

سێیەم نمونە ئەندۆنوزیا. لە سەرەتای شەستەکاندا، پارتی کۆمۆنیستی ئەندۆنوزیا 3 ملیۆن ئەندامی هەبوو - کە ئەم ژمارەیە زۆر لە ژمارەی بەلشەفیکەکان (کە 250 هەزار ئەندام بوو) زیاتر بوو. هەروەها 10 ملیۆنی تر کە لە رێکخراوە پاشکۆکانی پارتی دا بوون، بەڵام سەرکردایەتی

پارتەکە ستالینی بوون و بانگەوازی یەکێتی نەتەوەیی ئەندۆنوزیا و هەموو موسڵمانانیان دەکرد. ئەوان پشتیوانیان دەربڕی بۆ (سۆکارنۆ - سەرۆکە نەتەوە پەرستە بۆرژواکەی ئەندۆنوزیا.. لەگەڵ هاتنی ساڵی 1966 دا جێگرەکەی جەنەراڵ سۆکارنۆ – واتە جەنەراڵ سۆهارتۆ – کودەتایەکی ئەنجامداو بووەهۆی بەرپابوونی قەسابخانەیەك بۆ 500 هەزار تا ملیۆنێك کۆمۆنیست.

ئێمە پێویستە لە رابردووەوە وانە فێربین تاکو خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتوو. دەبێت ئابوریناسی مارکسیستی بخوێنینەوە هەتا لەو ناکۆکیانە تێبگەین کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە و ئەو هێزانە بناسین کە لە هەناویدا دەبنە هۆی تەقینەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین رابەرایەتی بکەین دەبێت توانای پێشبینی کردنمان هەبێت، بۆئەوەی پێشبینیش بکەین دەبێت تێگەیشتنێکی تیۆریانەی روونمان هەبێت بۆ ئابوری، کۆمەڵگە، سیاسەت، مێژوو و فەلسەفە.

تەنها ئەوە بەس نییە کەمایەتییەك لە ئەندامانی پارت لە بارەی تیۆرەوە شت بزانن. بەڵکو پێویستە ئەندامان هەموویان زانیاری تیۆریان هەبێت. لینین رایدەگەیەنێت کە لە پارتی شۆڕشگێردا ئاست و پلە بوونی نییە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو کەسێك زانیاری لە بارەی مارکسیزمەوە هەبێت. پارتی شۆڕشگێڕ وێنەیەك نییە لە کارخانەیەك یان

سوپایەکی سەرمایەداری بچێت. لە کارخانەدا بەڕێوەبەران بڕیاردەدەن و کرێکاران دەبێت گوێڕایەڵ بن، لە سوپای سەرمایەداریشدا ئەفسەران فەرمان دەکەن  و سەربازەکان دەبێت جێبەجێی بکەن، بەڵام لە پارتی شۆڕشگێڕدا هەموو ئەندامێك دەسەڵاتی بیرکردنەوە و بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەیە.

راستە کە لە رووی پراکتیکییەوە ئاستی جیاواز هەیە لە هۆشیاری و زانیاری تیۆری بۆ هەر کەسێك لە ناوخۆی پارتدا، بەڵام ئەم بەرزو نزمییە دەبێت چارەسەر بکرێت. زەبری هەرە کوشندە کە دەکرێت ئاڕاستەی پارتی شۆڕشگێڕ بکرێت بریتییە لە هێرشکردنەسەر بیریارانی ناوخۆی پارت بە ناوی نواندنی هەڵوێستی پرۆلیتاریانەوە. لە راستیشدا ئەمجۆرە هێرشە تەنها قورساییەکی ناکەوێتە سەر بیرمەندان، بەڵکو دەکەوێتە سەر کرێکارانی ناوخۆی پارت. ئەوپەڕی سوکایەتی کردنە بە کرێکاران کە وا مەزەندە بکرێت ئەوان ناتوانن لە بابەتە تیۆریەکان تێبگەن، پێتوایە لە پای چی مارکس 26 ساڵ تەمەنی خۆی لە نوسینی پەرتوکی سەرمایەدا بردۆتەسەر؟ هەرچەندە لە راستیشدا فریای تەواوکردنیشی نەکەوت و تەنها بەرگی یەکەمی لە ماوەی ژیانیدا بە چاپ گەیاندووە. بەرگی دووەم و سێیەمی پەرتوکەکە دوای مردنی مارکس، لە لایەن ئەنگڵسەوە بە چاپ گەیەندراوە. پێتوایە لەبەرچی مارکسیستەکانی روسیا

له سالآنی 1890 به دواوه قوتابخانەی شەوانەیان بۆ کرێکاران رێکدەخست بۆئەوەی وانەی مارکسیزمییان پێ بڵێنەوە؟

یەکێك لەو پەرتوکانەی کە بە باشترین شێوە بەرەنگاری لە رۆڵی بیریاران لە ناوخۆی پارتدا دەکات، پەرتوکی پێویستە چی بکرێتی لینینە کە لە ساڵی 1902 دا نوسراوەتەوە. نەیارانی لینین - کە پێی دەوتن ئابوریزاناکان پێیانوابوو کرێکاران ناتوانن سنوری هۆشیاری سەندیکایی ببەزێنن و دوورتر لە داواکردنی کرێی زیاتر و سەعاتی کاری کەمتر بچن.

دیسانەوە، هەر مارکسیستێکی شۆڕشگێڕی ئیتاڵی وەك گرامشی بوو کە لە بارەی پێویستی خوڵقاندنی کرێکاری بیرمەندەوە نوسی.

ئەوە باڵی راستی ناو سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی بوو کە هێرشی کردە سەر ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ، هەر لە بەرئەوەی ژنە و بە بەراورد لە گەڵ ئەواندا زۆر بیرمەند بوو. ئەمانە نەیاندەتوانی ئەو راستییە قەبووڵکەن کە ئەم کەسە پۆڵەندییە و هەم ژنە و هەم بیانییە. بە هەمانشێوە لە ساڵی 1923 (کۆسمۆپۆلۆتی) – ئەمەش هەر لەبەر ئەوە بوو کە ترۆتسکی جولەکە بوو.

کەمکردنەوەی بایەخی تیۆر لە پارتی شۆڕشگێڕ، لە بنچینەدا سوکایەتی کردنە بە کرێکاران. بەوشێوەیەی کەوا

مەزەندە بکرێت کە کرێکاران ناتوانن بیرۆکەکان هەرس بکەن و خۆشیان پێنایەت.

خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مارکسیستی و گوێگرتن بۆ سیمینارە مارکسیستییەکان بەس نییە بۆئەوەی وا لە ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ بکرێت لە تیۆری مارکسیستی تێبگەن. دەبێت هەرکەسێك ئەڵقەیەکی نزیکایەتی هەبێت لە گەڵ ئەندامانی پارتدا. کاتێ لینین دەڵێت هەموو ئەندامێك لە پارتی شۆڕشگێڕدا رابەرە، مەبەستی ئەوەیە کە هەر ئەندامێك دەبێت رابەری کرێکاران بکات لە دەرەوەی پارتدا. بۆ نموونە ئەگەر ئەندامێکی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست پەیوەندی هەبێت بە دوو کەسەوە لە چوارچێوەی شوێنی کارەکەیدا، دراوسێکانی یاخود قوتابخانەکەی دەتوانێت ئەو پرسیارانەیان پێ بوروژێنێت کە لە سەریەتی وەڵامیان بداتەوە. بۆئەوەی نموونەیەك بهێنینەوە. لەوانەیە یەکێك بپرسێت «تۆ بانگەوازی شۆڕش دەکەیت، بەڵام سەیرکە شۆڕشی روسیا بوو بە بەدیهێنەری زۆرداری. بۆچی پشتگیری لە شۆڕش بکەین؟» . ئەگەر ئەو ئەندامەی پارت بتوانێت ئەوە شیبکاتەوە کە چی لە روسیادا روویداوە دوای شۆڕش، چۆن شکستی شۆڕشی ئەڵمانی بووە هۆی تەریك کەوتنەوەی روسیا، چۆن ئەمەش بووە هۆی شێواندنی رژێم و هاتنەکایەوەی ستالین – ئەوکەسەی بووە گۆڕهەڵکەنی شۆڕش و بنیادنەری سەرمایەداری

دەوڵەتی. ئەو کاتە ئەندامەکەی پارت بە روونی لە تیۆر دەگات. قسەوباس لە گەڵ خەڵکانی نائەندامدا ئەوەی بۆ روونەدەکاتەوە کە چی دەزانێت و لە مەش گرنگتر چی نازانێت و پێویستە فێری ببێت.

دیالێکتیك دڵی مارکسیزم پێکدەهێنێت. دیالۆگی نێوان ئەندامان و نا ئەندامان، تاك تاکی ئەندامانی پارت چۆن دەتوانن خەڵك وا لێبکەن دیالۆگیان لە گەڵدا بکەن؟ کلیلەکە فرۆشتنی بڵاوکراوە پارتییەکانە، نەك هەر لەکاتی خۆپیشاندان یان لەسەر شەقامەکان، بەڵکو لە کاتی فرۆشتنی رۆتینیانەی تاکە تاکی بڵاوکراوەکانیش لە شوێنی کارو دراوسێ و قوتابخانەکانیشدا، چونکە فرۆشیارەکە ئەوکەسانە دەناسێت و چەندینجاریش گفتوگۆی لە گەڵکردوون.

لینین نوسیویەتی کە بڵاوکراوەی شۆڕشگێرانە رێکخەری پارتە. چۆن رێکیدەخات؟ نەك هەر لە ناوخۆدا - بە رێکخستنی کرداری فرۆشتنی بڵاوکراوەکان و کۆکردنەوەی پارەکانیان، بەڵکو لە هەمانکاتدا بە هۆی ئەو بوار پێدانە بە ئەندامان تا ئەڵقەکانی خۆیان رێکبخەن. ئێمە لە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستدا وەکو شتێکی بەڵگە نەویست دامان ناوە کە سەرەڕای فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی لە کاتی خۆپیشاندان و لەسەر شەقام و لە کۆبوونەوە گەورەکاندا. فرۆشتنی تاکە تاکی بڵاوکراوەکان لە لایەن ئەندامانی

پارتییە و گرنگییەکی زۆری پێدراوە. هەر چ ڕێکخراوێك بازنەیەکی گرنگی نەبێت، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو تاقمێکی خۆبەدەستەوەدەرە و لەکوێ با هات لەوێ شەن دەکات. «شۆڕشگێڕان» بە بێ بازنە وەکو ماسی دوور لە ئاون.

# بەندی چوارەم

## «جیهانگیری»- ئەفسانەکان و راستییەکان

لەم ساڵانەی دواییدا وشەیەکی تازە هاتەناو فەرهەنگی زمانەوە ئەویش جیهانگیرییە Globalization . رابەرانی پارتە سیاسییەکان بە پارێزگار و ریفۆرمخوازیانەوە ئەم دەستەواژەیان وەکو دیاریەکی خواوەند پەسەند کردووە. چاپخانە و تەلەڤزیۆن و راپۆرتدەری کۆمپانیاکان و رابەرانی سەندیکاکانیش لە هەمان ئاهەنگدا دەستیانگرتووە. بە کورتی بیروباوەڕێك هاتەکایەوە کە ئیتر بازاڕی جهیان و کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان ئەوەندە بەهێز بوون کە وایکردووە کرێکاران لە هەر جێیەك بن یان لە هەر کۆمپانیایەکی فرەنەتەوەیی دابن، تەواو بێدەسەڵات بێنە بەرچاو. هەروەها دەوڵەتی نەتەوەییش بە لاواز دەربکەوێت.

ئێدوارد مۆرتیمەر Edward Mortimer کە لە رۆژنامەیەکی باڵی راستی پارێزگاراندا فایننەنشاڵ تایمز Financial Times دا دەنوسێت، لە وتارێکدا دەریدەخات کە مانیفێستی کۆمۆنیستیش جەختی لە تیۆری جیهانگیری کردۆتەوە. ئەم وشانەی خوارەوەی لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا وەك نموونە هێناوتەوە:

«پێویستی بوونی بازاڕێکی جێگیری روو لە فراوانی وەك نێچیر بۆرژوازی راودەنێت. بازاڕێك دەبێت هەموو شوێنێك بگرێتەوە و پەیوەندی لە گەڵ هەموو لایەکدا گرێ بدات››

بۆرژوازی بە هۆی پاوانکردنی بازاڕی جهیانییەوە سیفەتێکی

کۆسمۆپۆلیتی دەداتە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان لەهەر وڵاتێکدا. هەموو دامەزراوە نەتەوەییە پیشەسازییە کۆنەکان تێکدەشکێنرێت و رۆژانە لە ناودەبرێن و بە پیشەسازی نوێ جێیان پڕدەکرێتەوە. ئەو پیشەسازییەی کە چیتر پشت نابەستێت بە کەرەستە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو بە کەرەستەیەك کە نەك هەر لە چوارچێوەی نیشتیماندا بەرهەمەکانی ساغ بێتەوە، بەڵکو لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا. لە جێی پیشەسازی کۆنی ناوچەیی و نیشتیمانی گۆشەگیردا پیشەسازییەکی هەمەلایەنەی سەرجەم ئاڕاستەکان و پشت بەستوو بە دەزگایەکی نێونەتەوەیی جیهانی جێیدەگرێتەوە.

ئێدوارد مۆرتیمەر لایوایە بە دانانی مارکس وەکو سەرچاوەی یەکەمی تیۆری جیهانگیری بە کەسایەتی مارکس دا هەڵدەڵێت، بەڵام لە راستیدا ئەوە سوکایەتیکردنە پێی. من لێرەدا چەند تێبینییەکی کورت لە سەر بەراوردکردنی ئابوریناسی مارکس لەگەڵ ئابوریناسی بۆرژوازی دەخەمەڕوو، مارکس روونیکردۆتەوە کە لەڕووی فکرییەوە قەرزاری ئابوریناسێکی کلاسیکی وەك ئادەم سمیس و بەڕادەیەکیش داڤید ریکاردۆ. بەڵام سەرباری ئەمە روونیشی کردۆتەوە کە تیۆرییەکەی هەروا بە سادەیی درێژەی تیۆری ئابوریناسی کلاسیکی نییە. بەڵکو دابڕانێکە لێی و نەفیکردنەوەشییەتی. بەڵگەش ناونیشانی دووەمی سەرمایەی مارکس کە بریتییە لە «رەخنەیەك لە ئابوری سیاسی».

ئادەم سمیس لە کتێبی سامانی نەتەوەکاندا کە لە ساڵی 1772دا بڵاوکراوەتەوە، بە باشی کارکردی دابەشکردنی کاری لە کارگەیەکی سینگدروستکردندا وەسفکردووە کە هەر کرێکارە کارێکی دووبارە بووەوەی جیاواز ئەنجامدەدات.

دابەشکردنی کار بەرهەمهێنان زیاتر دەکات. بەلای مارکسیشەوە ئەمە راستە، بەڵام جگە لەمەش دابەشکردنی کار کرێکار دەکاتە نیوە مرۆڤ. خودی ریشەی نامۆبوونیش بە لای مارکسەوە لەم مەسەلەیەدا خۆی دەبینێتەوە. چاڵی بازنەیی بۆ سینگی بازنەیی سازە و چاڵی چوارگۆشەییش لەگەڵ سینگی چوارگۆشەییدا دێتەوە، بەڵام بە داخەوە قاڵبێك نییە لە شێوەی پەیکەری مرۆڤدا بێت. چونکە بە سادەیی کرێکاران لە لایەن رژێمەوە هیچ شێوەیەکیان پێنەدراوە. کرێکار قوڕ نییە تا بە بەکارهێنانی هۆکاری بابەتی گەورە شێوەیەکیان پێ بدرێت. بەڵکو ئەوان بکەری چالاکن و بەرەنگاریی ئەو فشارە دەکەن کە لە دەرەوە دەکرێتە سەریان و بەگژیدا دەچنەوە.

بۆ ئادەم سیمیس و ریکاردۆ عەودالبوون بە دوای قازانجدا چالاکییەکی سروشتییە، بەڵام بەلای مارکسەوە قازانج بەندە بە هۆکارە مێژووییەکان، بازاڕ، پێشبڕکێی نێوان سەرمایەدارە جۆربە جۆرەکان – لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا- لە نێوان کۆمپانیا و دەوڵەتە سەرمایەدارەکاندا. کە وەها لە هەموو لایەك دەکات سەرمایە کەڵەکە بکەن. هەریەکێکیان شکست بخوات لەناو دەچێت. بێسەرو بەری سەرمایەداری

و پێشبڕکێی نێوان یەکەکانی سەرمایە و زوڵم و زۆرێك کە لە هەر دامەزراوەیەکی سەرمایەداریدا هەیە، دوو دیوی دراوێك پێکدێنن. سەرمایەداران لە ناو خۆیاندا جەنگ بەرپادەکەن و نرخی ئەم جەنگەش دەخەنە ئەستۆی کرێکاران. لە بەرامبەردا کرێکاران بەر پەرچیان دەدەنەوە و لە دژیان دەجەنگن. کرێکاران هەروا بە سادەیی بابەتێك نین بۆ مێژوو، تیۆری جیهانگیری بیرۆکەی دەسەڵات دەخاتە سەروی گۆمەڵگە و بێدەسەڵات دەخاتە ئاستی هەرە ژێرەوەی ئەم کۆمەڵگایە.

ئەمە لە تیۆری جیهانگیریدا بە شتێکی رەوا دادەنرێت و بەشێکیشە لە ئایدیۆلۆجیای بازاڕی ئازاد.

کاتێك کۆچکردووان هەوڵدەدەن بچنەناو وڵاتێکەوە بە تایبەتیش ئەگەر رەنگی پێستیان لە گەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا نەگونجێت. ئەوان بە سادەیی دەبنە کۆچبەری ئابوری و دەبێت بەر نەفرەت بکەون. کاتێك فۆکس واگن Volkswagen بڕیاردەدات بڕی 430 ملیۆن پاوەند سەرف بکات بۆ کڕینی Rolls Royce ئەمە شتێکی رەوایە، ئەگەر کارەکان داوای کاری زیاتر بکەن، ئەوە رەوایە شتێکی رەوایە. گەر کرێکارەکان رەتیانکردەوە، تاوانێکی گەورەیە جوڵانەوەی سەرمایە لە یەك ئابورییەوە پاڵی پێوەنانرێت. دووپاتی دەکەمەوە، رادیۆ سەردێڕی هەواڵی وەك: هەواڵی خۆش بڵاودەکاتەوە کاتێك قازانجەکانی ICI ساڵی پار 20% زیادیکردووە چەند دەقیقەیەك دوای ئەوە دەڵێت هەواڵی ناخۆش کرێکاران چلێسن، داوای بەرزبوونەوەی 5% ی کرێکانیان دەکەن.

## هێزی کرێکاران لە دامەزراوە فرەنەتەوەییەکاندا

لە رووکەشدا ئەوە ئاشکرایە کە کرێکاران لە کارخانەیەکدا کە بەشێکە لە کۆمپانیایەکی فرەنەتەوەیی، بێدەسەڵاتن. گەر دامەزراوەیەکی وەکو فۆرد250هەزار کرێکاری دامەزراندبێت، بە چ شێوەیەك کارخانەیەك کە لە چەند هەزار کرێکارێك پێکهاتبێت دەتوانێت لەڕووی بەڕێوەبەرایەتی فۆرد بوەستێتەوە؟

بەڵام لە واقیعدا مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە. کاتێك 3 هەزار کرێکاری بەشی بڕێکی GM لە شاری دایتۆن- ئۆهیۆ لە ساڵی 1996 کەوتنە مانگرتن، کاری کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرزیان لە سەرتاسەری ئەمەریکا و مەکسیك و کەنەدا پەکخست. زیاتر لە 150 هەزار کرێکاری جەنەراڵ مۆتۆرز لە چەند رۆژێکدا لە کار کەوتن. ئەم مانگرتنە بووەهۆی ئەوەی 45 ملیۆن دۆلار لە رۆژێکدا زەرەر لە کۆمپانیاکە بکەوێت و وا لە حکومەتی کلینتۆن بکات کە بانگەوازی هەردوولا بکات بۆئەوەی زوو چارەسەرێك بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە.

کاتێك بۆئەوەی مانگرتنێکی گشتی گەورە لە دانیمارك دا روویدا. کۆمپانیای ساب SAAB ناچاربوو بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل لە سوید رابگرێت، چونکە کەرەسە سەرەکییەکانی لە سەرچاوە دانیمارکیەکانەوە پێدەگەیشت. هەروەها بەڕێوەبەرێتی ساب بە دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە فینلەندا ناچارکرا کار رابگرێت. کۆمپانیای ڤاڵڤۆش دەری بڕی کە بەرهەمهێنانی کارخانەکانی لە سوید و هۆڵەندا زۆر بە خراپی کاری تێکراوە.

ساڵی 1988 کاتێك کرێکارانی فۆرد لە بەریتانیا مانیانگرت، لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا تەواوی بەشەکانی ئەوروپای کۆمپانیای فۆردیان ناچارکرد کە کار بوەستێنن.

بە هۆی بوونی کۆمپانیا فرەنەتەوەییکانەوە، کارکردی گروپێك لە سەرکرێکارانی تر زۆر لە جاران کاریگەر ترە، تەنها بەراوردکردنی ئەو نمونانەی سەرەوە لە گەڵ یەکەمین مانگرتنی سەرتاسەری لە مێژوودا – کە لە ساڵی 1832 لە بەریتانیادا بەرپا کرا و دەبوو کرێکاران کارخانە بە کارخانە بگەڕێن بۆ بانگێشتکردن بۆ مانگرتن – بە سە بۆ دیاریکردنی دروستی ئەو قسەیە.

لە پشت تیۆری جیهانگیرییەوە مەنتیقێکی تەواو میکانیکی فۆرماڵ هەیە و بە هیچ شێوەیەك ئاشنایەتی لە گەڵ دیالیکتیکدا نییە. لۆجیکی جیهانگیری هەمان لۆجیکی پێنتاگۆنە کاتێك جەنگی دژی ڤێتنامی هەڵگیرساند. ئەوان رایانگەیاند کە ماشێنی سوپایی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەندە بە دەسەڵاتە کە ڤێتنامیەکان هەرگیز خۆیان لە بەردەمیدا راناگرن. ئەو پاکانەیە هەروا چووەسەر بۆیان. لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەریتانیا هندستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دەزگای سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەستەکاندا لە بە هێزیدا قەت بەراورد ناکرێت لە گەڵ دەزگای سوپای بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەم. لە هەمانکاتیشدا ڤێتنام لە رووی رووبەر و دانیشتوانیشدا زۆر لە هندستان کەمترە. ئەگەر بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا توانی سەربکەوێت، ئەوا مەسەلەکە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی سەدەی بیستەم وەکو پیاسە کردنێك وایە.

گەر بە شێوەیەکی دیالیکتیکانە بڕوانینە مەسەلەکان، وێنەکان تەواو پێچەوانەن. لە راپەرینی ساڵی 1857ی هندستاندا کە بەرئەنجامی گوشاری سەربازێکی بەریتانی بوو، ئەمە چەند کاریگەرییەکی خراپی خستەسەر بەریتانیا؟ بەهای سەربازێکی بەریتانی یاخود کرێکارێکی بەرگی رەسمی چەندە؟ با بڵێین 100 پاوەند، ماشێنی سوپای ئەمەریکا بە بەراوردکردن زۆر گەورەترە. فڕۆکەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان بەهاکەی با بڵێین ملیۆنێك دۆلارە. چ فریودانێکە بۆ ڤێتنامییەکان تا نارنجۆکێکی تێبگرن.

## جیهانگیری و دەوڵەتی نەتەوەیی

یەکێ لە قسە باوەکانی لایەنگرانی تیۆری جیهانگیری ئەوەیە کە ئێستا دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت هیچ لە بارەی ئاستی دامەزراندنی کرێکارانەوە بکات و جیهانگیری بۆتە بکوژی تیۆری ئابوری کینزی Keynesianism.

لە دەستپێکی جەنگی جیهانی دووەمەوە هەتا ساڵی 1973 جیهان پڕتەمەنترین گرمەی ئابوری لە مێژووی سەرمایەداریدا بەخۆیەوە دەبینی. ئەمەش بەرئەنجامی زاڵبوونی بیری ئەرسەدۆکسی بوو لە سەردەمی کینیزمدا سیاسەتی بڕینی باجگری، راگرتنی بڕی سودەکان لە ئاستێکی نزمدا، زیادکردنی مەسرەفی دەوڵەتی، بەڕێوەبردنی دادگایی لە پێناوی ئەوەی ئابوری فراوان بێتەوە. ئەمە هەموو ئەو شتانە بوو کە کینیزیانیزم دەربارەی دەدوا. بە دڵنیاییەوە سەرنجڕاکێشترین لێکدانەوەیەك بۆ پشتگیریکردنی کینیزیانیزم لە پەرتوکەکەی

ئانتۆنی کرۆزلاند Antony Crosland دا دەردەکەوێت کە لە ساڵی 1956 بە ناوی «دواڕۆژی سۆسیالیزم»ەوە دەرچوو. بە لای کرۆزلاندەوە بێسەروبەرەیی سەرمایەداری لە نێوچووە و لە گەڵیشدا ململانێی چینایەتی. سیستەم پێبەپێ زۆرتر عەقڵانی و دیموکراتی بووە، هەروەها خودی سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئاشتی ئامێز دەپووکێتەوە. هەموو قسەیەك دەربارەی ئەوەی کە بەرهەمهێنان خراوەتە خزمەتی بە دەستهێنانی قازانج نەك پڕکردنەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ، بەلای کرۆزلاندوە، بێمایە و پڕوپوچ بوو. (پیشەسازی تایبەت بۆ دواجار بەرگێکی مرۆڤایەتیانەی کرایە بەر).

«شۆڕشێکی ئاشتیخوازانە» هاتەکایەوە کە تیایدا ململانێی هەر لەئەندێشەشدا نییە: کرۆزلاند نووسیویەتی « کەس ئەمڕۆ ناتوانێت بیر لە هیچ هاوپەیمانییەکی هێرشبەرانەی مەبەستدار بکاتەوە لە نێوان حکومەت و خاوەنکارەکانەوە دژی سەندیکاکان. ئێمە لە بەریتانیا لە سەروبەندی یەکگرتنێکی بەرفراوانی جەماوەری داین. سۆسیالیستەکان دەبێت سەرنجی خۆیان دووربخەنەوە لە بابەتە ئابورییەکان، بەڵام بۆچی؟

ئێمە دەبێت زیاتر و زیاتر سەرنجی خۆمان بخەینە سەر لایەنەکانی ئازادی تاکە کەس، خۆشبەختی و سەرگەرمی، قاوەخانەی زیاتر، شەقامی رووناکتر و دڵڕفێنتری شەو، هۆتێل و چێشتخانەی باشتر بۆ کەرەستەی ناوماڵ و سیرامیك و جلوبەرگی ژنان، ئاگردان لە نێوەندی ژوورەکانی دانیشتندا. گڵۆپی جوان بۆ شەقامەکان و کۆشکی تەلەفۆنی سەرنجڕاکێش و ....هتد.

# بەندی پێنجەم

# رژێمی ستالینی – سەرمایەداری دەوڵەتییە

## توێکاری لاشەیەك

نۆ ساڵ بەر لە ئێستا دیواری بەرلین رووخا. دواى ماوەیەك رژێمە ستالینییەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و روسیاش بە هەمان چارەنووس گەیشتن.

پەنجاو یەك ساڵ لە مەوبەر، یانی لە ساڵی 1947، بەو ئەنجامەگەیشتم کەوا رژێمی ستالینی سەرمایەداریەکی دەوڵەتییە. لەم بارەشەوە و بۆ پێشخستنی ئەو تیۆرە دوو پەرتوکم نووسی. بە دڵنیاییەوە کەس ناتوانیت قەناعەتی تەواوی بە بۆچوونەکانی خۆی بێت تاوەکو رووداوەکان دووپاتی دروستییەکەی نەکەنەوە. داڕووخانی رژێمی ستالینی پشتگیری لە دروستی یان تۆکمەیی ئەم تیۆرەی کرد گەر دکتۆرێك بە نەخۆشێك بڵێت نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە و دکتۆرێکیتر پێی بڵێت سیلی هەیە. تەنها دواى مردنی نەخۆشەکە و لەڕێی توێکارییەوە دەتوانرێت روونبکرێتەوە کە کامیان راستییان وتووە.

داڕووخانی رژێمی ستالینی کاری ئەنجامدانی ئەمجۆرە توێکاریکردنەی ئاسانترکرد. ئەگەر روسیا وڵاتێکی سۆسیالیستی بووە یاخود رژێمی ستالینی حوکومەتێکی کرێکاری بووە – ئەگەرچی ئەم حکومەتە ناکامڵ و شێواویش بێت. کەواتە داڕووخانی ستالینیزم بەومانایە دێت کە دژە شۆڕشێك ئەنجامدراوە و دەسەڵاتی وەرگرتووە. هەڵبەتە کرێکارانیش پارێزگارییان لە حکومەتی کرێکاری دەکرد هەروەك چۆن

هەمیشە سەندیکاکانی خۆیان دەپارێزن – هەرچەندە ئەو سەندیکایانە سەربە باڵی راست و بیرۆکراتیش بن- دژی ئەوانەی هەوڵدەدەن ئەو سەندیکایانە لەناوبەرن، کرێکاران بەهۆی ئەزمونەکانیانەوە دەزانن کە سەندیکا- هەرچەندە لاوازیش بێت- رێکخراوێکی بەرگری کرێکارانە. کرێکاران لەو شوێنەدا کە یەکگرتوون کرێی زیاتر و هەلومەرجی باشتریان هەیە لە وانەی کە یەکگرتوو نین.

ئایا کرێکاران لە روسیا و ئەوروپای رۆژهەڵات لە ساڵانی 1989 – 1991 دا پارێزگاریان لە رژێم کرد؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. کرێکاران بە تەواوی لەم رووەوە نەگەتیڤ بوون و ئاشوب و توندوتیژییەکی کەمتر لەسەردەمی مانگرتنی کرێکارانی کانەکان لە بەریتانیا ساڵی 1984- 1985 بەرپابوو. تەنها رژێمێك پارێزگاری لێکراو ئاشوب لە وڵاتەکەیدا بەرپابوو. رۆمانیا بوو، بەڵام ئەم بەرگری لێکردنە لە لایەن کرێکارانەوە نەبوو، بەڵکو دەزگای سەرکوتکەر و پۆلیسی نهێنییەوە ئەنجامدرا.

جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە، کە ئەگەر ئەوەی روویدا شۆڕشی چەواشە (دژە شۆڕش) بوو. دەبوو ئەو دەسەڵاتدارانەی لە سەرووی کۆمەڵگاوە بوون وەلابنرانایە. کەچی دیاردەی هەرە باوی هاوکاتی داڕووخانی رژێمە ستالینییەکان مانەوەی ئەو دەسەڵاتدارانە بوو – nomenklatura ئەوانی ئابوری و کۆمەڵگە و سیاسەتیان لە

هەمان سەردەمی ستالینییەتدا بەڕێوەدەبرد، دوای رووخانیش هەر لە دەسەڵاتدا مانەوە. ساڵانی 1989 – 1991 بۆ ئەوجۆرە کەسانە نە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە نە هەنگاوێك بوو بۆ دواوە بە سادەیی جێگۆڕکێیەك بوو.

کەواتە ئاشکرایە هیچ گۆڕانکارییەکی بابەتی لە نێوان رژێمی ستالینی و ئەو رژێمەی ئێستا لەسەر کارە لە روسیا و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا. هەروەکو چۆن ئێستا کەس نکۆڵی لەوە ناکات کەوابوو رژێمی سەرمایەدارییە، ئەوساش هەروابوو.

## لە دایکبوونی سەرمایەداری دەوڵەتی لە روسیا

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 چینی کرێکاری لە روسیا گەیاندە دەسەڵات. کارکردی ئەم شۆڕشە لە رووی جیهانییەوە ئەوپەڕی جەماوەری بوو. شۆڕشە کرێکارییەکان لە ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا بەرپا بوون و پارتی کۆمۆنیستی جەماوەری لە فەرەنسا، ئیتاڵیا و زۆر شوێن هاتنەکایەوە. لینین و ترۆتسکی بە تەواوی ئەوەیان دووپاتکردبووەوە، کە چارەنووسی شۆڕشی روسیا پشتی بەستووە بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەڵمانیا. بێئەوە – هەروەکو چەند جارێکیش ئەمەیان دووپاتکردبووەوە، لەناوچوون مسۆگەرە.

شۆڕشی ساڵانی 1918 – 1923ی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی تراژیدییانە بە شکست گەیشت. نەبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕ و کادیری بە ئەزموون شۆڕشەکەیان لەناوبرد. هەروەکو چۆن لە

چەند شۆڕشێکی تریشدا بە هۆی نەبوونی پارتی شۆڕشگێرەوە ئەو شۆڕشە پڕۆلیتاریانە لەناوچوون. ئیسپانیا و فەرەنسا 1936 ؛ ئیتاڵیا و فەرەنسا 1944 – 1945 ؛ هەنگاریا 1956 ؛ فەرەنسا 1968 ؛ پورتوگال 1974؛ ئێران 1979 ؛ پۆلەند -1980 1981 .

شکستی شۆڕشی ئەڵمانیا لە ساڵی 1923 بووە هۆی نغرۆبوون لە زەلکاوی رەشبینی و زاڵبوونی راستڕەوی و دەسەڵات وەرگرتنی لە روسیادا. لە ساڵی 1923 ستالین بە ئاشکرا هێرشی دەکردەسەر ترۆتسکی و بارودۆخی نەخۆشکەوتنی لینینی قۆستەوە و سوودی لە دوورکەوتنەوەی وەرگرت. ئەو شیکردنەوەی ترۆتسکی کردوویەتی بۆ سەرهەڵدانی ستالینیزم وەکو بەرهەمی گۆشەگیرکردنی شۆڕشی ڕوسیا و فشاری جیهانی سەرمایەداری، تەواو لە جێی خۆیدایە. هەربۆیە وەسفکردنی رژێمی ستالینیەت – وەکو حکومەتێکی کرێکاری شێوێندراو، لە لایەن ترۆتسکییەوە ئامانجی خۆی پێکاوە.

سەرەڕای ئەوەش، چ رووەدات ئەگەر فشاری جیهانی سەرمایەداری هەر لەئارادابێت؟ ئایا دەشێت چەندایەتی ئەو فشارە چۆنایەتییەکەی بگۆڕێت؟

ئەگەر سەگێکی هار هێرشی کردە سەرم پێویستم بەوە دەبێت هەمان مامەڵەی لە گەڵدا بکەم. ئەگەر ئەو توندو تیژی بە کاربهێنێت، منیش دەبێت توندوتیژبم لە گەڵیدا. گومانیشی تێدا نییە کە دانەکانی من وەك هی ئەو نییە.

کەواتە دەبێت من دارێك هەڵبگرم . گەر سەگەکەم کوشت، ئەو هاوشێوەبوونەی لەنێوان من و سەگەکەدا هەیە، کۆتایی دێت. ئەگەر سەگەکەش من بکوژێت، بە هەمانشێوە هاوشێوەبوون کۆتایی دێت، بەڵام چی روودەدات ئەگەر من ئەوەندە بەهێز نەبم سەگەکە بکوژم و ئەویش ئەو هێزەی تیانەبوو بم کوژێت، هەردووکمان بەناچاری لە ژوورێکدا بۆ ماوەی چەند مانگێك بە زیندانی ماینەوە؟ بێگومان لەم بارەدا کەس ناتوانێت پەی بە جیاوازی من و سەگە هارەکە بەرێت.

رژێمی سۆڤێتی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی، فەرەنسا، یابان، رۆمانیا،فینلەندا، لاتیڤیا، لیتوانیا و تورکیا، هێرشی کرابووەسەر. ئەم سوپایانە شانبەشانی هێزەکانی سوپای (سپی) روسیا نەیانتوانی شکست بە سوپای سوور بهێنن. لە بەرامبەریشدا حکومەتی شۆڕشگێڕی روسیا نەیتوانی حکومەتە سەرمایەدارەکانی جیهان، تێکبشکێنێت. لەبەر ئەمەش، لەکۆتایی فشاری هێزە سەرمایەدارەکاندا رژێمی ستالینی زیاتر و زیاتر شێوەی جیهانی سەرمایەداری وەرگرت. یاساکانی جوڵانەوەی ئابوری و سوپای روسیا تەواو بوونە وێنەیەك لەوەی کە لە جیهانی سەرمایەداری دا هەیە.

کاتێ ستالین لە ساڵی 1928دا رایگەیاند کەوا لە ماوەی 15 – 30 ساڵی تردا روسیا بە ریزی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان دەگاتەوە. مەبەستی ئەوەبوو کە لە

سەردەمی نەوەیەکدا روسیا ئەو قۆناغە دەبڕێت کە بەریتانیا 100 ساڵی خایاند لە بەدیهێنانی شۆڕشی پیشەسازی دا. لە بەریتانیا 300 ساڵی ویست تاکو ناوچە قەدەغەکراوەکان لە جوتیاران سەندرایەوە و ئاسانکاریکرا بۆ پێشکەوتنی سەرمایەداری. جوتیاران تەنها لەماوەی 3 ساڵدا زەویەکانیان لێسەندرایەوە بە هۆی پرۆسەی بە ناو بە کۆمەڵکردن (کۆڵخۆز)ەوە.

دەیان ملیۆن لە خێزانە جویتارییەکان زەوییەکانیان لێزەوتکراو ناچارکران لە کێڵگە هەرەوەزییەکاندا کاربکەن بۆئەوەی کرداری هەڵلوشینی (زیادە بەرهەمی) دانەوێڵە ئاسانتر بێت و لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشێت لەپێناوی کڕینی کەرەستەو ئامێرەکان و هەروەها دابینکردنی خواردن بە نرخێکی هەرزان بۆ ملیۆنان کرێکاری تازەی پیشەسازی. ملیۆنان جوتیار نێردران بۆ کەمپەکانی کۆیلەکردن لە سیبریای (گۆلاگەکان). ترس و تۆقینی (بەکۆمەڵکردنەکان) ی ستالین وەسفێکی مارکس دێنێتەوە یاد کە لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا لەبارەی ناوچە داخراوەکانی بەریتانیاوە نوسیویەتی: «سەرمایەداری هەر لە بەرەبەیانی لە دایکبوونیەوە تا لە ناوچوونی لەناو خوێن و قوڕدایە» .

کرێکاری کۆیلە لە رویسا رۆڵی کۆیلایەتیمان لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا بیردێنێتەوە کە چۆن ببونە یارمەتی دەرێك بۆ گەڕانی هەرچی زیاتری چەرخی سەرمایەداری

ئەمەریکا. هەروەها ڕۆڵێ بازرگانیی کۆیلەکان لە پێشخستنی سەرمایەداری لە بەریتانیادا: دیوارەکانی بریستۆل بە خوێنی پێست ڕەشەکان سواخ دراوە.

ستالین کاتێك دەزگا پیشەسازییە - سەربازییەکەی خۆی بنیادنا، دەبوو لە بناغەیەکی زۆر لاوازتر لە هی ئەو وڵاتانەی رووبەڕویان دەبووەوە، دەست پێبکات، بەڵام بە تەمایەکەوە کە هیچی لەوان کەمتر نەبوو. ئەگەر ئەڵمانیای نازی تانك و فڕۆکەی هەبووبێت، ئەوا ئەو ئامێرە سەربازییەی ستالین بنیادی نابوو هەرگیز ئاستی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لە روسیادا بەرجەستە نەدەکردەوە. جیا لە هەموو شتێك، لە ساڵی 1928 دا جوتیارەکان تراکتۆریان نەبوو، بەڵکو بە ئامور - زەویان دەکێڵا، بەڵام هەردەبوو ئاستی ئەڵمانییەکان بەرجستە بکەنەوە.

زۆربەی بە پیشەسازیکردنی روسیا لە بەشی پیشەسازی قورسدا بوو، کە بناغەیەکی پێکهێنا بۆ لاپیشەسازییە جەنگییەکان.

یەکێ لەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجاممدابوو، زۆر پەییم بە سوودەکانی بردبوو، بەراوردکردنی بەرهەمهێنان بوو لە پلانە پێنج ساڵەییە جیاوازەکاندا. ئامانجەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پلانە پێنج - ساڵەییەکانم دۆزیەوە و بەراوردمکردن لە گەڵ یەکتردا (ئەوکارە لە روسیای ستالینیدا کەس نەیدەوێرا ئەنجامی بدات).

کاتێك قسه له‌باره‌ی پیشه‌سازی قورسه‌وه بێت، ئامانج بۆ به‌رهه‌مهێنانی پۆڵا له پلانی پێنج- ساڵه‌ی یه‌که‌مدا 10,4 ملیۆن ته‌ن بوو. دووه‌م 17 ملیۆن ته‌ن، سێهه‌م 28 ملیۆن ته‌ن، چواره‌م (ئه‌ویش به هۆی جه‌نگی دووه‌مه‌وه بوو) 25,4 ملیۆن ته‌ن، له پێنجه‌م پلانیشدا گه‌یشته 44,2 ملیۆن ته‌ن. له‌مه‌شدا زۆر به روونی هه‌ڵكشانی روو له‌سه‌ری نه‌خشه‌كه ده‌رده‌كه‌وێت، هه‌مان شتیش ده‌كرێت له باره‌ی به‌رهه‌مه‌كانی كاره‌با، خه‌ڵوز، ئاسنی خاو و ...هتد.بوترێت.

به‌ڵام كه دێیته سه‌ر كاڵای به‌كارهێنان وێنه‌كه ته‌واو پێچه‌وانه ده‌بێته‌وه. بۆ نموونه ئه‌و كاڵایانه‌ی له لۆكه دروست ده‌كرێت: یه‌كه‌م پلانی پێنج – ساڵه ئامانج 4,7 ملیۆن مه‌تر بوو، دووه‌م 5,1 ملیۆن مه‌تر، سێیه‌م 4,9 ملیۆن مه‌تر، چواره‌م 4,7 ملیۆن مه‌تر. به‌مشێوه‌یه بۆماوه‌ی زیاتر له 20 ساڵ ئامانجه‌كان به هیچ شێوه‌یه‌ك به‌رزبوونه‌وه‌ی به‌خۆیه‌وه نه‌بینی. له‌مه‌ڕ كاڵا خورییه‌كانیشه‌وه وێنه‌كه زۆر تاریكتره. یه‌كه‌م پلان ئامانج وابوو به‌رهه‌مهێنان بگاته 270 ملیۆن مه‌تر، دووه‌م 227 ملیۆن مه‌تر، سێیه‌م 177 ملیۆن مه‌تر، چواره‌م 159 ملیۆن مه‌تر. به‌رهه‌مهێنان له‌ماوه‌ی بیست ساڵدا 40% هاته خواره‌وه. (روسیا زۆر كارامه بوو له دروستكردنی مانگه ده‌ستكرده‌كاندا، به‌ڵام له به‌رهه‌مهێنانی پێڵاودا وانه‌بوو).

سه‌رمایه‌داری هه‌ژموونی پێویستبوونی كه‌ڵه‌كه‌كردنی

سەرمایەی بەسەرەوەیە. فۆرد ناچارە سەرمایە وەبەربهێنێت ئەگینا لەسەر دەستی جەنەراڵ مۆتۆرز شکستدەهێنێت. پێشبڕکێی نێوان دامەزراوە سەرمایەدارییەکان لایەنەکان ناچاری وەبەرهێنانی زیاتر و زیاتر دەکات بۆ کەڵکەکردنی هەرچی زیاتری سەرمایەیە. هەروەها پێشبڕکێی نێوان سەرمایەداران لایەنەکان ناچاردەکات زۆرترین ژمارە لە کرێکاران بچەوسێننەوە. زۆر و ستەمی سەرمایە بەسەر کرێکارانەوە دیوەکەی تری دراوی پێسبڕکێی نێوان سەرمایەکان پێکدێنێت.

هەمانشت لەبارەی زۆر و ستەمی ستالینییەتیشەوە بەسەر کرێکاران و جوتیارانی روسیاوە راستە. چەوسانەوەی دڕندانە بە کۆلاکیشەوە بەرهەمی ئەو پێشبڕکێیە بوو لەنێوان رویسای سەرمایەداری و هێزەکانی تری سەرمایە- لە پێش هەمووشیانەوە ئەڵمانیای نازی.

لە ساڵی 1947 بە دواوە من چیتر وشەی یەکێتی سۆڤیەت یان (USSR )م بەکارنەهێناوە. هەردوکیان تەواو درۆبوون. هیچ شورا (سۆڤیەت)ێك لە روسیای ستالین دا نەبوو. لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا تەنها یەك پاڵێوراو هەبوو لەهەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا (بە هەمانشێوەی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیای نازی). هەرگیز ئەم پاڵێوراوە 99% کەمتر و 100% زیاتری دەنگەکانی نەدەهێنا تەنها لە بارێکدا نەبێت ئەویش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1947

نەبێت کە بۆ شورای باڵای ستالین 140 %ی دەنگەکانی هێنا. بۆ سبەینێ رۆژنامەی پراڤدا مەسەلەکەی بەمشێوەیە شیکردەوە: خەڵکی لە وڵاتە دراوسێکانەوە هاتن دەنگ بۆ ستالین بدەن بۆئەوەی پشتگیری پڕ لە سۆزی خۆیان لێیدەربڕن. هەمیشە ئەنجامەکانی دەنگدان یەکسەر لە دوای جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکانەوە رانەدەگەیێران. تەنها لە جارێکدا نەبێت ئەویش ریفراندۆمی ساڵی 1940 بوو لەبارەی پەیوەست بوونی لاتیڤیا، لیتوانیا و ئیستۆنیا بە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستییەوە. کە تیایدا ئاژانسی دەنگوباسی مۆسکۆ هەڵەیەکی کرد و رۆژێك پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە ئەنجامەکەی بڵاوکردەوە. رۆژنامەی تایمی لەندەنی London Times یش بە هۆی ئەوەوە کەوتبووە هەمان هەڵەوە.

ئێمە ناتوانین بەم دۆخە بڵێین یەکێتی، چونکە یەکێتی یەکگرتنێکی ئارەزومەندانەیە. لە نێوان ئۆکرانیا و روسیادا هیچ جۆرە یەکێتییەك نەبوو جگە لەوشێوە یەکێتییەی کە لە نێوان هندستان و بەریتانیا هەبوو. روسیا ئیمپراتۆریەت بوو نەك یەکێتی. سێیەم پیتی (S)ە کە کورتکراوەی سۆسیالیست، روسیا سۆسیالیست نەبوو، بەڵکو سەرمایەدارییەکی دەوڵەتی بوو. دوا پیتیش R کورتکراوەی وشەی کۆمارە یانی بوونی دیموکراتیەت، بەڵام روسیایەك دیکتاتۆری ستەمکار بوو.

**چەند بۆچوونێك لە دژی تیۆری سەرمایەداریی دەوڵەتی**

سێ بۆچوونی سەرەکی خراوەتە روو بۆ هەڵوەشاندنەوەی تیۆری سەرمایەداری دەوڵەتی. یەکەم: سەرمایەداری بەوە ناسراوە کە خاوەندارێتی تێیدا تاکە کەسییە، لە روسیا هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەوڵەت خاوەنی بوو، نەوەك تاکە کەس. دووەم: سەرمایەداری نامۆیە بە نەخشەسازی ئابوری روسیا ئابورییەکی نەخشە بۆ رێژراو بوو. سێیەم: ئەوەی کە پێویست بوو لە روسیای ستالینی دا لە رێگەی شۆڕشێکی سیاسییەوە دەستبەری بۆ گۆڕینی بنیادی حکومەت و هیچیتر. لە کاتێکدا لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا نەك ئەوە، بەڵکو دەبێت دەستبەرێت بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیش.

**لە سەر هەر یەکێك لەم بۆچوونانە قسەمان دەبێت**

پرۆدۆن، کە سۆسیالیستێیکی فەڕەنیس بوو لە ساڵی 1847 پەرتوکیکی بە ناوی فەلسەفەی هەژاریی (The Philosophy of Prverty) یەوە نووسیویەتی کە سەرمایەداریی یەکسانە بە خاوندارێتی تایبەت. مارکس لە بەرامبەردا و لە نووسینێکی ڕەخنەییدا دژ بە پرۆدۆن پەرتووکی هەژاری فەلسەفە The Poverty of Philosophy دەرکرد و نووسیویەتی کە «خاوەندارێتی تایبەت دادگەرییەکی بێمانایە». ئەگەر خاوەندارێتی تایبەت یەکسانە بە سەرمایەداری، کەواتە لە سەردەمی کۆیلایەتیشدا سەرمایەداریی هەبووە لە بەرئەوەی خاوەندارێتی تایبەت هەبوو. لە سەردەمی دەرەبەگایەتیشدا سەرمایەداریی هەر هەبووە، چونکە خاوەندارێتی تایبەت بووە.

بیرۆکەکانی پرۆدۆن تێکەڵییەکی بێسەروبەر بوون. شێوەی خاوەندارێتی تەنها هەرشێوەیە، قەت ناوەرۆکەکەت پێناڵێت. دەکرێت خاوەندارێتی تایبەت هەم لە کۆیلایەتیدا هەبێت و هەم لە کۆیلایەتی زەویدا، هەروەها لە کرێگرتەییشدا. ئەگەر یەکێ وتی (من بتڵێکی پڕ لە خواردنەوەم هەیە). ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خواردنەوە چ جۆرێکە، لەوانەیە مەی بێت، لەوانەشە ئاو بێت یاخود چڵکاو. لە بەر ئەوەی بوتڵ و ناوەڕۆکەکەی شتێك نین، ئەوا هەمان ناوەڕۆك دەکرێت بخرێتە دەفری تری جیاوازەوە. ئاو دەتوانرێت لە بوتڵدا هەڵبگیرێت یان بخرێتە پەرداخەوە، یان کوپێکەوە ئەگەر خاوەندارێتی تایبەت هەم لە کۆیلایەتی و هەم کۆیلایەتی و هەم کۆیلایەتی زەوی و هەم کاری کرێگرتەیی بگرێتە خۆی، کەواتە بە دڵنیاییەوە کۆیلایەتی هەم لە خاوەندارێتی تایبەتدا دەردەکەوێت و هەم لەباری خاوەندارێتی دەوڵەتییەوە. هەڕەمەکانی میسر لە لایەن کۆیلەکانەوە دروستکراوە. من دڵنیام کە هیچ کۆیلەیەك بە کۆیلەکەی هاوڕێی نەوتووە: (سوپاس بۆ یەزدان کە بۆ تاکە کەسی کار ناکات، بەڵکو بۆ فیرعەون – یانی دەوڵەت- کە خاوەنمانە). لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندی باو لەنێوان جویتارە (کۆیلەکانی زەوی) گوندنشینەکان و ئەو دەرەبەگانەی ئاغایەتی ناوچەکانیان دەکرد، شێوازێکی تری لە سوخرەکێشی هەبوو – کاری سوخرە بۆ ئەو شوێنانەی کڵێسا خاوەنی بوو. بوونی کڵێساش بە خاوەن لە جیاتی تاکەکەس ئەو راستییە ناشارێتەوە کەوا باری سەرشانی سوخرەکێشان سووك بوونی بە خۆیەوە نەدیووە.

لەبارەی دووەم بۆچوونیش کە گوایە لە روسیای بەرهەم ناهێنن، یاخود بۆ هەر سەیارەیەك سێ ویڵ. یەك فەرمانێکی ناوەندی هەیە لە بارەی بەرهەمهێنانی ژمارەی مەکینە و ویل و شتیتر بۆ هەر سەیارەیەك بەمشێوەیە پلانێك هەیە، بەڵام لە نێوان فۆرد و جەنەراڵ مۆتۆرزدا بێسەروبەرییەك هەیە. لە روسیای ستالینیدا بۆ ئابوری روسیا و - بۆ نموونە ئابوری ئەڵمانیادا نەبوو.

سێیەم بۆچوون دەربارەی جیاکردنەوە لە نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ئەو هەڵەیەوە کە گوایە دەوڵەت سەرچاوەی سامانە. ساڵی 1830 لە فەرەنسا شۆڕشێکی سیاسی بەرپابوو. پاشایەتی رووخێندرا و دەسەڵاتی کۆماری دامەزرا، بەڵام ئەمە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەی نەگۆڕی لە بەر ئەوەی خاوەنی سامانەکان هەر سەرمایەدارەکان بوون، نەك دەوڵەت. ئەگەر دەوڵەت گەنجینەی سامان بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتداران، دەبێت دەسەڵاتە ئابورییەکەشیان لێبسێنێتەوە، هیچ جیاکردنەوەیەك نییە لە نێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا.

ستالینیزم بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکاری لە خشتە برد و ناوزڕاوی کرد

هەر کە ستالین تەواوی حکومەتی روسیای کۆنترۆڵکرد، پارتە کۆمۆنیستەکانی شوێنە جیاجیاکانی کردە پاشکۆی مەرامەکانی سیاسەتی دەرەوەی رویسا.

لەم نموونە کەمانەی خوارەوە دەردەکەوێت: لەگەڵ

سەرکەوتنی هیتلەر لەئەڵمانیادا، کاتێك ترۆتسکی جاڕی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێکخراوە کرێکارییەکانیدا بە بەرەنگاریکردنی نازییەکان، ستالین ترۆتسکی و پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای بە (سۆسیال فاشیست)، ناوزەد کرد.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر سەرکەوتنی هیتلەردا سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، کە سەربە باڵی راست بوو، گەیشتە مۆسکۆ و هاوپەیمانییەکی لەنێوان رویسا و فەرەنسادا مۆر کرد و ئاوازێکی تازە دەبیسترا. کۆمۆنیستەکان دەبێت پشتگیری لە دیموکراتخوازەکانی فەرەنسا بکەن. لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا دەنگیاندا بە بودجەی سەربازی لە فەرەنسا.

لە ئابی 1939، دوای رێکەوتنی نێوان هیتلەرو ستالین، پارتە کۆمۆنیستەکان بە لایەکی تردا بایاندایەوە، کاتێك پۆڵەندا لە لایەن ئەڵمانیای نازیەوە و لە لای رۆژهەڵاتەوە لە لایەن رویساوە داگیرکرا. مۆلۆتۆڤی وەزیری دەرەوەی رویسا رایگەیاند (بە لێدانێك لە رۆژهەڵاتەوە و بە لێدانێك لە رۆژئاواوە ئەم خولقێراوە ناشیرینەی پەیماننامەی ڤێرسای لە ئارادا نامێنێت). بەڵێ راستە بوو کە پۆڵەندا دروستکراوێکی ناشیرین بوو، بەڵام دەبوو مۆلۆتۆڤ ئەوەشی بوتایە کە 3 میلۆن جولەکە و ملیۆنێك پۆڵەندی چیتر لە ئارادا نامێنن.

هەرگیز ئەو سەروتارەی رۆژنامەی پراڤدام لە بیرناچێت کە لە 1ی ئایاری 1940 دا کە دەربارەی دوو نەتەوەی ئاشتی پەرستەوە دەدوا، کە ئەویش سۆڤیەت و ئەڵمانیابوو، بەڵام

کام ئەڵمانیا. ئەڵمانیای هێتلەری. کاتێك ئەڵمانیا لە حوزەیرانی 1941دا روسیای داگیرکرد، ئاڕاستەی پارتە ستالینییەکان بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕا. ئەمجارەیان لە هەمان پراڤدا دا ئەم سەردێڕە بڵاوبووەوە: «باشترین ئەڵمانی ئەو ئەڵمانییەیە کە مردووە» لە ساڵی 1943دا چیرۆکێم لە پڕاڤدا دا خوێندەوە کە ئیلیا ئێهنبێرگ نوسیبووی و تیایدا وەسفی ئەوەی کردبوو کە چۆن سەربازێکی ئەڵمانی خۆی لە لای سەربازێکی سۆڤیەتی دەداتە دەستەوە و هەردوو دەستی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: «من کوڕی کابرایەکی ئاسنگەرم» ئەم قسەیە بە ئاشکرا ناوەرۆکێکی چینایەتی هەیە، بەڵام کاردانەوەی سەربازە روسییەکە چی بوو؟ ئێهرنبێرگ لە چیرۆکەکەدا پێماندەڵێت کە سەربازەکە وتویەتی «تۆ هێشتا ئەڵمانییەکی خوێن خۆریت» و بە چەقۆیەك کوشتویەتی.

ئەم زیك زاککردنە بە تەواوی رابەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیاشی گرتبووەوە. دوو مانگ دوای دەستپێکردنی جەنگی جهیانی دووەم، زیندانی کرام .لە هەمان ئەو زیندانەدا کە سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی فەلەستینیشی تیابوو. دوای دەستپێکردنی جەنگ ئەو بیرو رای وابوو کە ئەمە جەنگێکە دژ بە فاشیزم، هەروەکو چۆن چەند مانگێك پێشتر ئەم بۆچوونەی هەبوو. لەبەر ئەوە بڕیاریدا وەکو خۆبەخشێك پەیوەندی بکات بە سوپای بەریتانیاوە، بەڵام رەوڕەوەی حکومەت خێرا ناچێتە پێشەوە و تەنها دوای دوو مانگ وەڵامی پێشنیارەکەی درایەوە و تێیدا

هاتبوو کە دەتوانێت زیندان جێبهێڵێت و پەیوەست ببێ بە سوپاوە، بەڵام ئەو ماوەیە بۆی دەرکەوتبوو کە جەنگەکە دژی فاشیزم نییە. لە بەر ئەوە بیرۆکەی جێهێشتنی زیندان و پەیوەستبوونی بە سوپای بەریتانیاوەی رەتکردەوە.

لە هەمان زیندان‌دا چوار کەسی سەر بە ترۆتسکیست هەبوون و ئێمە راهاتبووین ناوی زیندانی لە خۆمان بنێین، بەلام مائیر سلۆنیمی سکرتێری گشتی بە زیندانییەکی خۆبەخش دادەنرا. لە راستیشدا ئەمبەرو ئەوبەرکردنی پارتی کۆمۆنیست بە روونی بە سیمای یەکێ لە شەقامەکانی حەیفاوە دیاربوو: لەو شەقامە لەسەر یەکێ لە دیوارەکانی دروشمی (بژی جەنگی دژ بە فاشیست - پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین) نووسرابۆوە. لەسەر دیوارێکیتر نوسرابوو (بڕوخێ جەنگی ئیمپریالیستی - پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین) کاتێکیش ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 روسیای داگیرکرد، دروشمێکیتر دەرکەوت (مەرگ بۆ هیتلەر و چەرچڵ و هاوپەیمانە نهێنییەکەی - پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین) دوای ئەمە بە ماوەیەکی کورت دروشمیکی تر دەرکەوت: (بژی سوپای سوور و سوپای بەریتانیا هاوپەیمانی - پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین). سەیر ئەوەیە سەرجەمی ئەم دروشمە ناکۆك بە یەکانە ئاماژە بۆ یەك جەنگیش دەکەن.

جەنگ کە بەرەو کۆتایی دەچوو، لەوکاتەی کە خرۆشانە شۆڕشگێڕییەکان لە ئەوروپا جەماوەری دەبوونەوە، پارتە کۆمۆنیستەکان سیاسەتی مۆسکۆیان پەیڕەو دەکرد بۆ

کپکردنەوەی ئاگرەکە. لە حوزەیرانی 1944 هێزە ژێر زەمینییەکان فەرەنسا کە لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساوە رابەرایەتی دەکران، هێزەکانی ئەڵمانیایان لە فەرەنسا کردە دەرەوە. مۆریس سۆرێی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بە پەلە گەڕایەوە پاریس و بانگەوازی بۆ (سوپایەك، پۆلیسێك، حکومەتێك) کرد و بەم بۆنەیەشەوە پرۆسەی چەککردنی هێزە ژێر زەمینییەکان دەستی پێکرد.

لە ئیتالیاش بزوتنەوەیەکی بەرەنگاری هەبوو بە رابەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، کە توانی دەسەڵاتی مۆسۆلۆنی بڕوخێنێت. بەڵما تۆلیاتی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا بە هەڵەداوان لە روسیا گەڕایەوە تاکو پشتگیری خۆی رابگەیەنێت بۆ ئەو حکومەتەی پاشا (کە پێشتر هاوپەیمانی مۆسۆلینی بوو) هەروەها جەنەڕاڵەکان کە هاوڕێی مۆسۆلینی بوون.

ئێمە دەتوانین زۆر لە سەر نمونە هێنانەوە بڕۆین لەمەڕ بە لاڕێدابەرانی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان لە لایەن پارتە ستالینییەکانەوە. هێزە شۆڕشگێرییە پەنهانەکان لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا زۆر لەوانە زیاتربوون کە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا سەریان هەڵدا، بەڵام پارتە ستالینییەکان رۆڵێکی کاریگەریان بینی لە خەفەکردنی ئەم هێزانە و رێگریکردن لەوەی ببنە شۆڕشی راستەقینە.

## گرنگی تیۆری سەرمایەداری دەوڵەتی

بۆ زیاتر لە 60 ساڵ ستالینیزم لە پشتگیرییەکی جەماوەری بەهرەمەندبوو لە ناو بزوتنەوەی جیهانی چینی کرێکاردا. سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ و ترۆتسکیزم یان خستە پەراوێزەوە. ناوزەدکردنی ستالینیزم وەکو کۆمۆنیست جێگایەکی گرنگی هەبوو. رژێمی ستالینی لە روسیا شتەکان بەرەو گۆڕان چوون. لە شوباتی1990 ئیریك هۆبزباوم وتەبێژی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیا ئەم پرسیارەی بەرەوڕوو کرایەوە: « لە یەکێتی سۆڤیەتدا لەوە دەچێت حکومەتی کرێکاری لە لایەن خودی کرێکارانەوە لەناو چووبێت»، هۆبزباوم لە وەڵامدا وتی «ئەوەی ئاشکرایە کە لە روسیا شتێکنەبووە بە ناوی حکومەتی کرێکارییەوە، هەرگیز کەسێ لە روسیادا نەبووە بڕوای بەوە بووبێت کە حکومەتی کرێکاری لە ئارادایە. هەروەها کرێکارانیش ئەم راستیيانە دەزانی». باشە بۆچی یەکێکی وەك هۆبزباوم 50 یان 20 ساڵ لەمەوبەر ئەم راستیەمان پێناڵێت؟.

لە رێ لادانی ئایدیۆلۆژیای تەواوی پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیا زۆر بەڕوونی لەوساتانەدا دەردەکەوێت، کە کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمیتەی ناوەندی هاوزەمان لە گەڵ هەرەسهێنانی سۆڤیەتدا بەستراو نینا تێمپڵی سکرتێری گشتی پارتی تێیدا وتی: پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لەسەر حەق بوون. ترۆتسکییەکان راستیان وتووە کە هیچ جۆرێك لە سۆسیالیزم لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا نەبووە. بە بڕوای من دەبوو زۆر زوو ئەم قسەیەمان بکردایە».

به خوێندەنەوەی ئەم قسانەی نینا تێمپڵ، دەبێت ئەوە بێتەپێش چاومان کە چی ڕوودەدات کاتێك پاپای مەسیحییەکان ڕایبگەیەنێت کە هیچ خوایەك لە گەردووندا نییە؟ ئایا چۆن کڵێسای کاسۆلیکی بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات؟

شێواوی لە ناو سەرجەم پارتە ستالینییەکانی جیهاندا بە تەواوی زاڵە. ئەوانەی وەکو ئێمە لە ڕابردوودا (بە چەندین ساڵ بەر لە هەرەسهێنانی ڕژێمی ستالینی) ڕایانگەیاندووە کەوا ڕوسیا سەرمایەدارییەکی دەوڵەتییە، ئەوا پردێکیان بەرەو داهاتوو دامەزراندووە. خو و نەریتی مارکسیزمی ڕیشەدارەکانیان پاراستووە – یانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە خوارەوە.

پارتە ستالینییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا پشتگیرییەکی جەماوەری هەبووە. ستالینیزم هەتاکو کاریگەریشی هەبوو بەسەر ئەوانەشەوە کە خۆیان بە ناستالینی و دژە ستالینی دادەنا. ئەچیل هێڵ لەو بۆچوونە هەڵەیەوە سەرهەڵدەدا کە ئایا ستالینیزم لە ڕاستیدا چییە؟ ئەوان ستالینییان بە میراتگری شۆڕش دادەنا نەوەك گۆڕهەڵکەنەکەی. پەیوەندی نێوان ستالین و وشیاری ئۆکتۆبەر بەو پەیوەندییە دەچێت کە لەنێوان کڵێساو وشیاری سامانەکەیدا هەیە- لە لایەکەوە وشیاری ئەو دارتاشە کە مێزی سوخۆرەکانی قڵپکردەوە، وشیاری وتی: «چوونی حوشتر بە ناو کونی دەرزیەکدا زۆر ئاسانترە لە وەی دەوڵەمەندێك چاوی بە بەهەشت بکەوێت».

# بەندی شەشەم

## ماو، کاسترۆ، گیڤارا و بزوتنەوە نیشتیمانییەکان. شۆڕشی بەردەوامی بەلاڕێدابراو

## سێ بۆچوون دەربارەی شۆڕش

ترۆتسکی لە پشتی پەردەوە تیۆرەکەی خۆی دەربارەی شۆڕشی 1905 پەرە پێدەدا. هەموو مارکسیستێکی ئەم سەردەمەش، هەر لە کاوتسکی و پلیخانۆڤەوە بیگرە تا لینین دەرکیان بەوە کردووە کە تەنها وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانن ئامادەن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی، راشکاوانەتریش بیڵێین .. ئەوان رایانگەیاندووە کە ئەو وڵاتانە بە ناچاری هێزی کرێکاران بەرەوپێشەوە دەبەن، وەکو بەر ئەنجامێك بۆ گەشە و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکانیان. وڵاتە دواکەوتووەکانیش دەتوانن لە ئاوێنەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە سبەینێی خۆیان ببینن. چینی کرێکار تەنها لە دوای پرۆسەیەك دوور و درێژی گەشەی پیشەسازی و تێپەڕبوون بە رژێمی پەرلەمانتاری بۆرژوازیدا بەو رادەیە گەشە دەکات کە لەگەڵیدا بتوانێت پرسی شۆڕشی سۆسیالیستی بهێنێتەئاراوە.

سەرجەم سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا – بە مەنشەفیك و بەلشەفیکییەوە - ئەوەیان لا ئاشکرابوو کە روسیا لە شۆڕشی بۆرژوازی نزیکدەبێتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ململانێیەوە سەریهەڵدابوو کە لە نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایەداری لە لایەکەوە و ئۆتۆکراسی و زەویداری و پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە لاکەی ترەوە لە ئارادابوو. مەنشەفیکەکان لە لای خۆیانەوە گەیشتنە ئەونجامەی کە بە

پێی پێویستی قۆناغەکە بۆرژوازی رابەرایەتی شۆڕش دەکات و دەسەڵات دەگرێتەدەست. وابیریان دەکردەوە کە دەبێت سۆسیال - دیموکراتەکان پشتگیری لە بۆرژوازی لیبراڵ بکەن لە شۆڕشەکەدا و لە هەمانکاتیشدا و لە هەناوی سەرمایەداریدا دەبێت بەرگری لە بەرژەوەندی تایبەتی کرێکاران بکەن لە رێگە خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی هەشت سەعات کار لە رۆژێکدا و هەندێك چاکسازی کۆمەڵایەتیتر.

لینین و بەلشەفیکەکانیش لایانوابوو کە شۆڕش لە شوناسەکەیدا بۆرژوازی دەبێت و ئامانجەکەشی سنورە دیاریکراوەکانی، شۆڕشی بۆرژوازی نابەزێنێت. لینین لە ساڵی 1905دا وتویەتی: «شۆڕشی دیموکراتی لە هیچ کاتێکدا لە سنوری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی – ئابورییەکانی بۆرژوازی دەرناچێت..». هەروەها وتویەتی: «شۆڕشی دیموکراسی لە روسیا هەرگیز نابێتە هۆی لاوازکردنی هەژموونی بۆرژوازی، بەڵکو پتەوتری دەکات». بەردەوام لینین ئەم قسانەی دووپات کردۆتەوە.

تا رۆژانێك دوای شۆڕشی شوباتی 1917 ش لینین دەستبەرداری ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە نەبووە. بۆ نموونە لە ئەیلولی 1914 بەردەوام بوو لەسەر ئەو بۆچوونەی کە دەبێت شۆڕشی روسیا خۆی تەرخان بکات بۆ سێ ئەرکی سەرەکی: یەکەم، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی کە تێیدا مافی یەکسان و ئەوپەڕی ئازادی مسۆگەر بکرێت بۆ دیاریکردنی

چارەنوسی میللەتان بەگشتی. دووەم، دەست بەسەرداگرتنی هەموو زەوی و زارێك كە موڵكی دەرەبەگەكان بێت. سێیەم، جێبەجێكردنی خواستی هەشت سەعات كار لە رۆژێكدا.

ئەوەی لینینی بە شێوەیەكی ریشەیی لە مەنشەفیكەكان جیادەكرەوە، سوربوونی بوو لەسەر سەربەخۆیی بزوتنەوەی كرێكاری لە بۆرژوازی لیبراڵ بە تایبەت لە بارەی سەرخستنی شۆڕشی بۆرژوازی سەرەڕای هەر جۆرە رێگرییەك كە دەشێت لەلایەن خودی بۆرژوازییەوە بێتەئارا.

ترۆتسكیش هەروەكو لینین بڕوای بەوە بووە كە بۆرژوازی لیبراڵ ناتوانێت هیچ ئەركێكی شۆڕشگێڕانە تا سەر جێبەجێ بكات و بە سەركەوتن بگەیەنێت، شۆڕش بۆ بەدەستهێنانی زەوی، كە بەندێكی سەرەكی پێكدەهێنا لە شۆڕشی بۆرژوازیدا تەنها لە رێگەی هاوپەیمانێتی نێوان كرێكاران و جوتیارانەوە دێتە دی، بەڵام ئەوەی ترۆتسكی لە لینین جیادەكردەوە، بڕوابوونی بەوەی هاتنەكایەوەی پارتێكی سەربەخۆی جوتیاری كارێكی مەحاڵە و جەختی لەوە دەكردەوە كە جوتیاران بە رادەیەكی وا لە نێوان خۆیاندا بەسەر كەسانی هەژار و دەوڵەمەندا دابەشبوون و ناتوانن یەكێتییەك و پارتێكی سەربەخۆی خۆیان پێكبهێنن.

لەم بارەیەوە ترۆتسكی دەنوسێت كە «سەرجەم ئەزموونەكانی مێژوو ئەوە نیشاندەدەن كە جوتیاران توانایەكی ئەوتۆیان نییە رۆڵێكی سەربەخۆ بگێڕن». ئەگەر

لە هەموو شۆڕشەکاندا - لە ریفۆرمەکانی ئەڵمانیا بە دواوە - جوتیاران لایەنگری ئەم بەشە یان ئەو بەشە بۆرژوازی بوون .. ئەوا لە روسیا بە هۆی گەشەکردنی هێزی چینی کرێکاران و خۆپارێزی بۆرژوازییەوە، جوتیاران ناچاردەبن پشتگیری لە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بکەن. خودی شۆڕشەکەش بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بۆرژوازی دیموکراتیك ناوەستێتەوە، بەڵکو هەنگاویش دەنێت بەرەو بابەتە سۆسیالیستییەکانی پڕۆلیتاریا. ئەوەتا ترۆتسکی دەنوسێت:

پڕۆلیتاریا لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سەرمایەداری گەشە دەکات و بەهێز دەبێت. لەم بوارەشدا چوونە پێشەوەی سەرمایەداری برەو بە پێشکەوتنی پڕۆلیتاریا دەدات رووەو دیکتاتوریەتی پڕۆلیتاریا.

بەڵام ئەو رۆژ و ساتەی کە لەگەڵیدا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی پڕۆلیتاریاوە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ پابەند نییە بەو هەلومەرجەی هێزە بەرهەمێنەرەکانی تیایە، بەڵکو بەو ئاستەی کە خەباتی چینایەتی و بارودۆخە نێونەتەوەییەکەی تیایە. هەروەها پابەندە بە زنجیرەیەك هۆکاری تایبەتییەوە: خو و نەریت، دەستپێشخەری و ئامادەبوون بۆ خەبات.

لە وڵاتێکدا کە لە رووی ئابورییەوە دواکەوتووە، پڕۆلیتاریا دەتوانێت زووتر بگاتە دەسەڵات وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان. لە ساڵی 1871دا پڕۆلیتاریا لە پاریسی وردە بۆرژوازیدا توانی بە شێوەیەکی ژیرانە کاروباری کۆمەڵایەتی بگرێتە دەست

– ئەگەرچی تەنها بۆ دوو مانگیش بێت، بەڵام تەنانەت بۆ سەعاتێکیش نەیتوانی لە مەڵبەندە گەشەسەندووەکانی سەرمایەداری لە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەسەڵات بگرێتەدەست. ئەو بۆچوونەی کە لەبارەی هەندێك شێوەی پابەندبوونی ئۆتۆماتیکیانەی پرۆلیتاریاوە هەیە، بە هێزە تەکنیکی و سەرچاوەکانی ئابوری وڵاتەوە.. تەنها پێشبینییەکە و لە سادە کردنەوەی ماتریالیزمی ئابورییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەم بیرکردنەوەیە هیچ پەیوەندی بە مارکسیزمەوە نییە.

لە دیدی ئێمەوە، شۆڕشی روسیا ئەو هەلومەرجە بابەتیانەی کە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە پێویستە خوڵقاند و وایکرد سەرکەوتنی شۆڕش لە تواناداا بێت. تەنانەت پێش ئەوەی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی بۆرژوازی ئەگەری بەرپاکردنی حکومەتی عەقلانی خۆی بێنێتە ئاراوە.

توخمێکی تری گرنگ لەو تیۆرەدا بریتییە لەو کەسایەتییە نێونەتەوەییەی کە شۆڕشی چاوەڕوانکراوی روسیا هەیبووە. ئەو شۆڕشەی کە دەشێت لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا هەڵگیرسێت، بەڵام تەنها ئەو کاتە دەگاتە ترۆپکی خۆی کە شۆڕشی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش سەربکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا تا چ رادەیەك سیاسەتی سۆسیالیستی چینی کرێکار لەگەڵ هەلومەرجە ئابوریەکانی روسیادا دێتەوە؟ تەنها شتێك کە لەم بارەیەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین

ئەوەیە: کە رووبەڕوی چەندین ڕێگری سیاسی دەبێتەوە پێش ئەوەی بە هۆی دواکەوتوویی تەکنیکی وڵاتەکەوە هەنگاوەکانی ببەسترێت. بەبێ پشتگیری ڕاستەوخۆی پرۆلیتاریای ئەوروپا، چینی کرێکاری روسیا ناتوانێت بەردەوام لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ناتوانێت دەسەڵاتدارێتیەکەی خۆی بگۆڕێت بە دیکتاتۆریەتێکی سۆسیالیستی بەردەوام.

توخمە سەرەکییەکانی تیۆرەکەی ترۆتسکی دەکرێت لە شەش خاڵدا کۆبکرێنەوە:

1- بۆرژوازییەك دوای شۆڕش دێتە گۆڕەپانەکەوە کە بە شێوەیەکی ریشەیی جیاوازە لەگەڵ پێشووی خۆیدا و لە رووی پێشکەوتنەوە دوو سەدە لە پێشترە، بەڵام بێ توانایە لە خستنەڕووی چارەسەرێکی ریشەدار و دیموکراتی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئەو زوڵم و ستەمەی دەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم ناویانەتەوە. بێ توانایە لە بارەی تێکشکاندنی سەرتاپای رژێمی دەرەبەگایەتی و بەدیهێنانی سەربەخۆییەکی نیشتمانی راستەقینە و بەرپاکردنی دیموکراتیەتێکی سیاسی. ئەوان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بن یاخود لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە شۆرشگێڕ لە قەڵەمدراون، بەڵام بە شێوەیەکی رەها هێزێکی خۆپارێزن.

2- ئەرکی سەرەکی بینینی رۆڵی شۆڕشگێرانە دەکەوێتە ئەستۆی پرۆلیتاریاوە .. هەرچەندە ئەو پرۆلیتاریایە لاوبێت یاخود ژمارەکەی کەم بێت.

3- جوتیاران لەبەر ئەوەی ناتوانن کرداری سەربەخۆ بنوێنن بە ناچاری دوای ئەو بزوتنەوانە دەکەون کە لە شارەکاندا سەرهەڵدەدەن و لەبەرئەوە پێویستە پەیوەست بن بە رابەرایەتی پڕۆلیتاریای پیشەسازییەوە.

4- چارەسەرە بنەڕەتییەکانی مەسەلەی وەك: چاکسازی زەوی، نیشتمان و کۆتایهێنان بە ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و دەرونیانەی - کە رێگری لە پێشکەوتنی ئابوری دەکەن، بە ناچاری پێویستی تێپەڕاندنی سنورەکانی خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوازی دێنێـەئاراوە. شۆڕشی دیموکراتی بەرە بەرە گەشە دەکات بەرەو شۆڕشێکی سۆسیالیستی. بە مەش دەبێتە شۆڕشێکی بەردەوام.

5- تەواوکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی «کە هەرگیز لە سنورەکانی نیشتمانێکدا نایەتەدی و بەمەش شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئاستێکی تازە و فراوانتری وشەکەدا دەبێتـە شۆڕێکی بەردەوام و بە سەرکەوتنی یەکجارەکی و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ لە سەرتاسەری زەمیندا بە کامڵبوونی خۆی دەگات». ئەوپەڕی دواکەووتویی و بیرتەسکییە هەوڵبدرێت «سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا» بهێنرێتە دی.

6- لە کۆتاییدا، شۆڕشی وڵاتە دواکەوتووەکان دەبێتەهۆی بەگوڕخستنی شۆڕش لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

گەیشتنی ماو بە دەسەڵات

چینی کرێکار رۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە لە سەرکەوتنی

ماودا. تەنانەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارتی کۆمۆنیستیش بە تەواوی لە چینی کرێکار پێکنەهاتبوو. هەتاکو خودی ماویش ئەوکاتە لە حزبدا وەك رابەرێك دەرکەوت کە پێگەی پارتی دوور لە چینی کرێکارەوە گوازرایەوە. هەتا ساڵی 1926 یش بەلای کەمەوە لە 66% ی ئەندامانی پارتی لە کرێکاران پێکهاتبوو، 22% ی تری رۆشنبیران و جوتیارانیش لە 5% یان پێکدەهێنا. لە تشرینی دووەمی (1928)ەوە ژمارەی کرێکاران بە رێژەی 5/4 دابەزی و راپۆرتێکی فەرمی رایگەیاند کە پارتی «لەنێو کرێکارانی پیشەسازیدا تاکە ناوەندێکی حزبی ساغ نییە». پارتیش رایگەیاند کەوا رێژەی کرێکاران لە ساڵی 1928 لە 10% ئەندامانی پێکهێناوە و لە ساڵی 1929 لە 3% و لە ئاداری 1930 ی لە 2.5% و لە ئەیلولی هەمان ساڵدا گەیشتە 1.6% و بەمشێوەیەش هەتا ساڵ گەیشتە کۆتایی پارتی هیچ ئەندامێکی کرێکاری نەما. لەوکاتەوە تا سەرکەوتنی یەکجارەکی ماو، کرێکارێکی پیشەسازی لە پارتیدا نەبوون تا قسەیان لە بارەوە بکرێت.

جێگەورێگەی کرێکاران لە ستراتیژیەتی پارتی کۆمۆنیستدا لە ماوەی هێز پەیداکردنی ماودا ئەوەندە بێ بایەخ بوو بە رادەیەك پارتی هیچ بە پێویستی نەدەزانی لە ماوەی ئەو 19 ساڵەدا کە بەسەر دوایین کۆنگرەدا - کە لە ساڵی 1929دا ئەنجامدرا- کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ سەندیکاکان سازبکات، یاخود باکی بە پشتگیری کرێکاران

نەبوو لە پارتی هەروەکو لەو بڕیارەی حزبدا دەردەکەوێت کە نیاز نییە هیچ رێکخراوێکی لەو ناوچانەدا بهێڵێتەوە کە کۆمینتانگ دەسەڵاتی هەبوو بە سەریاندا لە ساڵانی (1937-1945) شەڕی ناوخۆدا. کاتی حکومەتی کۆمینتانگ لە کانونی یەکەمی 1937 بڕیاری دا سزای مەرگ بەسەر ئەو کرێکارانەدا جێبەجێ بکات کە ماندەگرن یاخود بانگەشە بۆ مانگرتن دەکەن لە کاتی جەنگدا .. وتەبێژێکی پارتی کۆمۆنسیت بە یەکێ لە پەیامنێرەکانی راگەیاندبوو کەوا پارتی « تەواو قەناعەتی» هەبوو بەو بەرخودەی حکومەت کە لە شەڕدا گرتویەتیەبەر. دوای ئەوە لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی کۆمۆنیست و کۆمینتانگ بە دەگمەن لە ناوچەکانی کۆمینتانگدا - کە بەشی زۆربەی کرێکارانی پیشەسازی وڵاتی لە خۆگرتبوو - رێکخراوێکی پارتی کۆمۆنیست بەدیدەکرا.

دەست بەسەرداگرتنی شارەکان لە لایەن (ماو)ەوە، زیاد لە هەر شێکی تر دابڕانی تەواوی پارتی کۆمۆنیستی دەرخستووە لە چینی کرێکارانی پیشەسازی. رابەرانی کۆمۆنیست تەواو هەوڵیانداوە رێگری لە هەرجۆرە راپەڕینێکی کرێکاران لە شارەکاندا بکەن لەسەر و بەندی گرتنی شاری پەکین دا. بۆ نموونە بەر لە دەستبەسەرداگرتنی هەر دوو شاری (تین نین) و (پکین) ، جەنەراڵ (لین پیاو)ی سەرکردەی بەرەی جەنگ ئەم جاڕنامەیەی بڵاوکردەوە: «بۆ ئەوەی یاسا بپارێزن، بەردەوام بن لە کارەکانیان دا». هەموو کارمەندەکانی کۆمینتانگ یان بەرپرسانی پۆلیس، بەرپرسی

هەرێمەکان، شارەکان و شارۆچکەکان و هەر کەسێکی تر کە لە دامەزراوەیەکی حکومەتدان لە شارۆچکە و لادێکان یاخود بەرپرسانی (پاو چیا (pao chia ...، هەموویان سەرپشککراون کە لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە.

لەو کاتەی کە هێزەکان لە رووباری یانگتاز yangtaze پێش ئەوەی شارە گەورەکانی ناوەڕاست و باشوری چین شانگهای، هانکور، کانتۆن بکەوێـتە دەستیان .. ماو Mao و چوتی Chu Teh بانگەوازێکی تریان بڵاوکردەوە:

«هیوادارین کرێکاران و خاوەن کارەکان لە هەموو پیشەکاندا بەردەوام بن لەسەر کاری خۆیان و کار بە شێوەیەکی ئاسایی بچێتە پێشەوە و بەرپرسانی حکومەتی کۆمینتانگ پارێزگارەکان و بەڕێوەبەرانی شارەوانی و هەموو ئاستەکانی تری بەڕێوەبردن یان پاڵێوراوانی {ئەنجومەنی نیشتمانی} و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و کۆنترۆڵی یوان و ئەنجومەنی سیاسی خەڵك و بەرپرسانی پۆلیس و سەرکردەی رێکخراوەکانی پاو چیا pao chia دەتوانن لە پۆستەکانی خۆیان بمێننەوە و لە ژێر فەرمانی سوپای رزگاری بەخشی خەڵك و حکومەتی خەڵك دابن».

چینی کرێکاری ناچارکرا نەجوڵێت. راپۆرتێك کە لە 22ی نیسانی 1949 دا – یانی دوو رۆژ پێش گیرانی شارەکە لە لایەن سوپای رزگاریخوازی خەڵکەوە - لە شاری نانکینگ Nanking ەوە بەرزکرابووەوە، بەمشێوەیە باس لە بارودۆخەکە دەکات:

«جەماوەری شاری نانکینگ هیچ جۆرە خۆشحاڵیەك نیشان نادەن. ئاپۆرەیەك لە کەسانی خۆهەڵقورتێنەر ئەم بەیانییە لە قەراغی ئەوبەری رووبارەکەوە بیزاون کە چووبوون شەڕەکە ببینن.. کارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەچوونە پێشەوە. چەند دووکانێك داخراون، ئەمەش بە هۆی بێ بازاڕییەوە نەوەك شەڕ. سینەماکان وەکو جاران قەرەباڵغن».

مانگێك دوای ئەوە هەواڵنێرێکی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز New York Times لە شانگهایەوە ئەم راپۆرتە دەنوسێت:

«لە کانتۆن هێزەکانی سوپای سوور دەستیانکردووە بە هەڵواسینی پۆستەری چینی زمان کە جەماوەر رێنمایی دەکات بۆئەوەی هێمنی نیشان بدەن و دڵنیای دەکردنەوە کە هیچ جۆرە مەترسییەکیان لەسەر نییە. دوای ئەوەی کۆمۆنیستەکان هاتنە شارەوە چوونەناو بنکەکانی پۆلیسەوە و رێنمایی ئەفسەرەکانیان دەکرد تا لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە بۆ ئەوەی ئاسایش بپارێزن».

### شۆڕشی کاسترۆ

شۆڕشێك کە نە چینی کرێکار و نە جوتیاران رۆڵێکی سەرەکیان هەبووە تیایدا و تەنها رۆشنبیرانی چینی ناوەڕاست بەشی هەرە زۆری تێیدا ململانێیان دەکرد... گەیشتنی فیدل

کاسترۆ بە دەسەڵات. کتێبەکەی رایت میلز wright mills – کە مۆنۆلۆگێکی راستەقینەی دەروونی سەرکردە کوبییەکانە – بە پلەی یەکەم باس لەو شتانە دەکات کە لە شۆڕشدا نەبوون:

« شۆڕش خۆی لە خۆیدا جەنگێك نەبووە لە نێوان سەرمایەداران و ئەو کرێکارانەی بە رۆژانە کاردەکەن. شۆڕشەکەمان کاری سەندیکاکان و کرێکارانی شار یان پارتە کرێکارییەکان یاخود شتێکی لەو بابەتە، نەبووە. کرێکاران لە شاردا لە بارەی شۆڕشەوە هیچ جۆرە هۆشیارییەکیان نەبوو.»

چینی جوتیاران ئامادبوونێکی ئەوتۆیان نەبووە لە شۆڕشەکەی کاسترۆدا. لە کۆتایی نیسانی 1958 دا کۆی ژمارەی ئەو چەکدارانەی لە گەڵ کاسترۆدا بوون گەیشتە 180 چەکدار و لە سەردەمی هەرەسی «باتیستا»دا ژمارەیان گەیشتە 805 چەکدار. بزوتنەوەکەی کاسترۆ بزوتنەوەی چینی ناوەڕاست بوو، ئەو 82 چەکدارەی لە ژێر فەرمانی کاسترۆدا بوون و لە مەکسیکەوە هاتبوون و لە کانونی یەکەمی 1956 (کوبا) یان داگیرکرد؛ هەروەها ئەو دوانزە چەکدارەی کە لە(سیێرا مایسترا) مانەوە و بەرەنگارییان دەکرد، هەر هەموویان سەر بە چینی ناوەڕاست بوون.

لەسەرەتادا بەرنامەکەی کاسترۆ لە چاکسازییەکی لیبراڵی بەرفراوان، کە بەلای چینی ناوەڕاستەوە پەسەندبێت، تێپەڕی نەدەکرد. لە شوباتی 1958، کاسترۆ لە وتارێکدا بۆ گۆڤاری (کۆرۆنێت Coronet) رایگەیاند کە ئەو لە پلانیدا نییە

وەبەرهێنانی بیانی هەڵوەشێنێتەوە یان خۆماڵیان بکات: من هەستدەکەم خۆماڵییکردن، ئەگەر گەورەترین ئەنجامیش بخاتەوە، بارگرانییەك پێکدەهێنێت. لەوباوەڕەدانیم دەوڵەت بەهێزتر بکات، بەڵکو دامەزراوە تایبەتەکان لاواز دەکات و لەوەش گرنگتر، هەر هەوڵێك بۆ خۆماڵییکردنی کۆفرۆشی گشتی دەبێتە هۆی کۆسپ دانان لە بەردەم ئامانجی سەرەکی پلاتفۆرمی نیشتمانیمان واتە (خۆماڵیکردن لە گونجاوترین هەلدا). بۆیە هەمیشە وەبەرهێنانی بیانی پێشوازی لێدەکرێت و پارێزراو دەبێت.

لە ئایاری 1958 دا کاسترۆ دووپاتی کردەوە بۆ (دوبوا: DUBOIS-) کە ژیاننامەی کاسترۆی دەنوسیەوە، کە جوڵانەوەی 26ی تەمموز هەرگیز باسی لە بە سۆسیالیزم کردن یان خۆماڵییکردنی پیشەسازییەکان نەکردووە. ئەمەش بە سادەیی ترسێکی دەبەنگانەی شۆڕشەکەمان پێکدەهێنێت. ئێمە هەر لە یەکەم رۆژەوە رامانگەیاندووە کە لە پێناو بەهێزکردنی ئەوتۆی (یاساکانی 1940) دەجەنگین، کە بنەماکانی دڵنیایی و ماف و ئەرکەکان دابین دەکات بۆ هەموو ئەو هێزانەی بەشداری لە بەرهەمهێناندا دەکەن. ئەو پێکهاتەیەی سەرەوە دامەزراوەیەکی ئازادە و زۆر لە مافەکانی سەرمایەی وەبەرهێنراو و هەروەها مافە سیاسی و شارستانی و ئابوریەکانی تریش.

لە 2ی ئایاری 1959 کاسترۆ بەئەنجومەنی ئابوری

ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا لە بۆینس ئایرسی ڕاگەیاند ئێمە دژی وەبەرهێنانی تایبەت نین ... ئێمە باوەڕمان بە کەڵك و ئەزموون و گەرموگوڕی وەبەرهێنەرە تایبەتەکان هەیە کە کۆمپانیاکان و وەبەرهێنەرە تایبەتەکان هەمان دڵنیایی و مافەکانی دامەزراوە نیشتمانیەکانیان دەبێت... .

بێتوانایی چینە کۆمەڵایەتییە تێکهەڵچووەکان، کرێکاران و سەرمایەداران، جوتیاران و خاوەن زەوییەکان، لاوازی مێژوویی نەگۆڕی چینی ناوەڕاست و هێزی لە بن نەهاتووی دەستە نوێیەکەی کاسترۆ – کە پابەندنەبوون بە هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو - ئەوە ڕووندەکاتەوە چۆن پرۆگرامە میانڕەوییەکەی کاسترۆ لە ساڵانی 1953-1958دا، کە لەسەر بنەمای دامەزراوەی تایبەت دانرابوو، بە ئاسانی وەلاوەدەنرێت و بەرنامەیەکی ڕادیکاڵانەی خاوەندارێتی و پلاندانانی دەوڵەتی جێیدەگرێتەوە. کاسترۆ تا 16ی نیسانی 1961 ئەوەی ڕانەگەیاندبوو کە شۆڕش سۆسیالیستی بوو. بە پێی قسەکانی سەرەك کۆمار، دوکتۆر ئۆسڤالدۆ دۆرتیکۆس تۆرادۆ (Dr Oswaldo Dorticos Torado )، «ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵکی بۆیان دەردەکەوێت یان دڵنیادەبن کە ئەوەی چەپڵەیان بۆ لێداوە و بە باشیان زانیووە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بووە» - گوزارشتێکی تەواوە بۆ چەوساندنەوەیەکی بۆناپارتیانەی خەڵك، بەو پێیەی کە خەڵك لە مێژوودا بابەتن، نەوەك ئامڕازی هوشیاری.

## هەڵەی تیۆرەکە لە کوێ دایە؟

لە کاتێکدا هەروەك خاڵی یەکەمی ئەنجامگیریەکانی «ترۆتسکییش ئاماژەی پێدەکات» وەکو یاسایەکی رەها بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو خاوەنی سروشتێکی خۆپارێز و ترسنۆکانەیە، کەسایەتی شۆڕشگێڕانەی چینی تازە دەرکەوتووی کرێکاران هەروەك لە خاڵی دووەمدا هاتووە. نە رەهایە و نە چارەسەرنەکراویشە. هەڵسانگاندنی هۆکارەکانیش کارێکی گران نییە. ئایدیۆلۆژیای بڵاو لەنێو کۆمەڵگەیەکدا کە چینی کرێکار بەشێکی پێکدێنێت، ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدارە، لە زۆر باردا بوونی زۆرینەیەکی بێ قەوارە لە کرێکارە نوێیەکان کە لە دەرەوەی شارن و پێگەیەکیان لە دەستداوە، گیروگرفتێکی زۆر بۆ رێکخراوە پرۆلیتارییە سەربەخۆکان دەخوڵقێنێت، ئەمە سەرباری ناشارەزایی و نەخوێندەواری و لاوازییان. کە ئەمەش بەرەوڕووی لاوازییەکی ترمان دەکاتەوە: ئەویش پشتبەستنە بە خەڵکانێك لە دەرەوەی کرێکاران بۆ رابەرایەتی کردنیان. زۆربەی سەندیکاکان لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە لایەن کەسانی دەرەوەی خۆیان « outsider» بەڕێوەدەبرێن. راپۆرتەکان لە هندستانەوە دەڵێن:

گشت یەکێتییەکان لە هندستان بەکردەوە کەسانێك بەڕێوەی دەبەن کە هیچ پێشینەیەکی پیشەییان نییە، واتە «بێگانە»ن. زۆربەی ئەم بێگانانەش تێکەڵاوییان لەگەڵ پتر لە یەکێتییەك هەیە. رابەرێکی نیشتمانی بە هەیبەت وتوویەتی

کە... ئەو سەرۆکی نزیکەی 30 یەکێـتی بووە، بە راشکاویش رایگەیاندووە کە ئەزموونێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی.

لاوازی و پشت بەستن بە بێگانە رێ بۆ پابەندبوون بە تاکە کەسەوە خۆش دەکات. زۆر لە یەکێتییەکان هێشتا خوی گەڕان بە دوای کەسایەتییەکدا بەسەریاندا زاڵە. کەسایەتییەکی بەهێز دەتوانێت دەست بەسەر یەکێتییەکەدا بگرێت، بەسەر هەموو سیاسەت و کردارەکانییەوە. یەکێتییەکەش وەك بەوە دەناسرێتەوە کە موڵکی ئەو کەسایەتییە بێت. کرێکارەکان بە دوایدا دەگەڕێن تا گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر و گشت داواکانیان زامن بکات. وەك بەرگریکار و پاڵەوانێك پشتی پێ دەبەستن و بۆ هەر شوێنێکیان بەرێت ئامادەن بەدوایدا بچن. توخمێکی فراوان لە پاڵەوان پەرستی بەم هەڵوێستەوە دیارە. ژمارەیەکی باش لەم پاڵەوانانە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا هەن. ئەمان تەنها لە بە دەستهێنانی هەندێك داواکاریدا یارمەتی کرێکاران دەدەن نەوەك لە گەشەپێدانی رێکخراوە دیموکراتییە پشت بە خۆ بەستووەکاندا. ئەم رێکخراوانە بەو ئاڕاستەیەدا گەشە ناکەن تا کرێکاران فێربن پشت بە خۆیان ببەستن، نەك بە بەزەیی کەسایەتییە دیارەکان بۆ چارەسەرکردنیکێشەکانیان.

خاڵێکی تری لاوازیی بزوتنەوەی کرێکاران لە زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا، پشت بەستنە بە دەوڵەت. راپۆڕتەکان لە هندستانەوە دەڵێن:

دەوڵەت زۆربەی ئەو ئەرکانەی گرتۆتە دەست، کە لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا ئەرکی یەکێتییە پیشەییەکانە. هەروەك چۆن ئێستا دەوڵەت - نەوەك سازشی دەستەیی نێوان خاوەنکار و کرێکاران - ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕی لە دیاریکردنی کری و مەرجەکانی تری کارکردن. ئەمەش تا ڕادەیەك لە چارە نەهاتوبووە بە هۆی باری ئابوری و لاوازی کرێکاران و یەکێتییە پیشەییەکانیانەوە.

لە ئەفەریقیای ڕۆژئاوای سەر بە فەرەنسا ڕاپۆرتەکان دەڵێن:

هەوڵە ڕاستەوخۆکانی ئەم یەکێتییە دژ بە خاوەنکار بە دەگمەن زیادکردنی ڕاستەقینەی کریی بۆ کرێکارە ئەفەریقییەکان لێکەوتۆتەوە ؛ لەم ساڵانەی دواییدا داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە سیاسیەکانی بزوتنەوە کرێکاریەکان بەرپرسیار بوون لە زۆربەی زیادکردنەکانی کرێی ڕاستەقینە.

لە ئەمریکای لاتینەوە:

Union representatives seek to achieve their gains .through government interference and dictation

گرنگترین فاکتەر کە دیاری دەکات ئایا چینی کرێکار لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە ڕاستی شۆڕشگێڕن یان نا، فاکتەرێکی خۆییە. چالاکی پارتەکان و بە تایبەتی پارتە کۆمۆنیستەکان کاریگەرییان لەسەر ئەمە هەیە. باسکردنی ڕۆڵی دژە

شۆڕشگێڕانەی ستالینیزم لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا - کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە - لێرەدا پێویستیان بە دووبارەکردنەوەیە.

زنجیرەیەك لە بارودۆخە یەك لە دوای یەکە نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان شکاندنی کۆت و بەندەکانی فیودالیزم و ئیمپریالیزم دەکاتە ناچارییەك بۆ هێزەکانی بەرهەمهێنان. یاخی بوونەکانی چینی جوتیار راماڵینێکی قوڵترو فراوانتری لە وانی پێشتر بە خۆیەوە بینی. هەر لەو یاخی بوونە نیشتمانیانەشدا رەگ و ریشەی ئەو یاخیبوونە نیشتمانیانە داکوترابوو لە دژی داتەپینی ئابورییەك کە ئیمپریالیزم لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، هەروەها لە پێناوی باشترکردنی باری ژیان کە داواکارییەکی دەستبەجێ بوو.

1-پێداویستی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و هەستی یاخی بوون لە نێو چینی جوتیاراندا بەس نەبوون بۆ شکاندنی تەوقی موڵکایەتی دەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم. سێ فاکتەری تریش یاریدەدەر بوون.

2-لاوازبوونی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەنجامی گەشەی ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکان، ئیفلیجییەك کە جومگەکانی دەستێوەردانە هەمەلایەنەکانی ئیمپریالیزم بە هۆی دروستکردنی بۆمبی هایدرۆجینییەوە.

3-گرنگی روو لە گەشەی حکومەت لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. یەکێ لە داوە مێژووییەکان ئەوەیە کاتێك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی رووبەڕوی کۆمەڵگە دەبێتەوە، ئەو

چینەی کە بە ناچاری لەسەریەتی بە ئەنجامی بگەیەنێت ئامادە نەبێت، چەند گروپێك لە خەڵك، کە زۆرجار هێزێکی سەربە دەوڵەت، جێبەجێی دەکەن. لەم هەلومەرجەدا هێزە دەوڵەتییەکە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەمەش تەنها لە ژێرخانی ئابوری نیشتمانیدا رەنگ ناداتەوە - کە بەوپێیە گەشە دەکات - بەڵکو لەسەر کارەکتەری سەرو نیشتمانیی ئەمڕۆی ئابوری جیهانیش!

رۆڵی گەشەکردووی چینی ئەندێشمەندان وەك رابەر و یەکالاکەرەوەی نەتەوە و لە سەرو ئەمانەیشەوە بە گەڕخەری جەماوەر. ئەم خاڵەش پێویستی بە درێژەپێدانێکی تایبەتی هەیە.

## شۆڕشی رۆشنبیری

چینی ئەندێشمەندانی شۆڕشگێڕ خۆی وەك فاکتەرێکی یەکگرتوو سەلماند لەو نەتەوانەی لەم دواییەدا دەرکەوتن، پتر لەوانەی روسیای تزاری. ئاشکرایە کە موڵکایەتی تایبەتی بۆرژوازی روو لە ئیفلاس و لەرزۆك بوونی پایەکانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی – بە هۆی بێ هێز بوونی ئیمپریالیزم، هەروەها گرنگی روو لە گەشەی پلاندانانی دەوڵەتی، هەروەها ئەزموونەکەی روسیا و کاری رێکخراوەیی پارتە کۆمۆنیستەکان – هەستێکی نوێی پێکەوەگرێدان بەو ئەندێشەمەندانە دەبەخشێت. وەك تاکە بەشێکی پەیوەست نەبوو بە هیچ

بوارێکی تایبەتی نێو کۆمەڵگاوە، چینی ئەندێشەمەندان سەرچاوەیەکی روونی دەستەبژێرێکی شۆڕشگێڕی پسپۆڕن کە وادەردەکەوێت نوێنەری بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەیان بن دژ بە بەرژەوەندییە چینایەتی و دەستەییە تێکهەڵچووەکان. سەرەڕای ئەوەی تەنها بەشێکیشن لە کۆمەڵگە کە ئیلهام لە کولتوری نیشتمانییەوە وەردەگرن، لە کاتێکدا چینی جوتیاران و کرێکاران نە ئەو کاتی پشوەیان هەیە و نەرۆشنبیرییەکی ئەوتۆش.

هەروەها چینی ئەندێشەمەندان بە ئاگان لە دواکەوتوویی وڵاتەکەیان لە رووی تەکنەلۆژیاوە. کاتێك بەشداری دەکەن لە جیهانی تەکنەلۆژیا و زانستی سەدەی بیستدا، دواکەوتوویی نەتەوەکەیان دایان دەمرکێنێتەوە. ئەم هەستەش لە لای ئەو رۆشنبیرانە زەقترە کە بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنن. ئەم دواکەوتووییە ئابورییە گشتییە وادەکات کە تاکە هیوای خوێندکاران ئەوەبێت کارێکی حکومییان دەست بکەوێت، بەڵام ئەمەش بەشییان ناکات.

ئەوان زۆر باوەڕیان بە لێهاتوویی هەیە، تەنانەت لە بواری ئەندازەیی کۆمەڵایەتیشدا. هیوایان وایە چاکسازی لە سەرەوە دەست پێ بکات و پێیان خۆشە ئەم دنیا نوێیە بدرێتە دەست خەڵکانێك کە پێی بزانن، وەك لەوەی ئەوە ببینن کە خەباتی لیبراڵانەی تاکە هوشیارەکان و خەڵکانی ئازادیخواز لە ئەنجامدا جیهانێکی نوێ بۆخۆیان بەدەست دێنن. ئەوان

زۆر دەربەستی پێوانەکانیانن بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەیان لە چەقبەستوویی، بەڵام کەمتر دەربەستی دیموکراسین. گەشتێك بەرجەستە دەکەن بەرەو بە پیشەسازی کردن، بەرەو کەڵەکەبوونی سەرمایە، بەرەو ژیانەوەی نیشتمانی. دەسەڵات پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە لاوازی چینەکانی تر و نابووت بوونی سیاسیانەوە هەیە.

ئەمانە هەموویان وادەکەن سەرمایەداری دەوڵەتی تۆتالیتار ئامانجێکی سەرنجڕاکێش بێت بۆ رۆشنبیران. لە راستیشدا ئاڵا هەڵگری سەرەکی کۆمۆنیزمن، لە نەتەوە تازە پێگەیشتووەکاندا. هەروەك پسپۆڕێك لە ئەمەریکای لاتین دەنوسێت: «کۆمۆنیزم رەزامەندییەکی زۆر گەورەی بە دەستهێنا لە ئەمەریکای لاتین لە نێوان خوێندکاران و چینی ناوەڕاستدا». لە هندستان، لە کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیست لە ئەمریتسار (ئازار و نیسانی1958) نزیکەی لە 67% نوێنەرەکان سەربە چینی پرۆلیتاریا و جوتیاران نەبوون، بەڵکو لە (چینی ناوەڕاست، خاوەن زەوییەکان، بازرگانانی بچووك) ؛ لە 72% ی لە پلەی زانکۆ دابوون.

## بە لاڕێدابردنی شۆڕشی بەردەوام

بەپێی تیۆری یەکەی ترۆتسکی ئەو هێزانەی پێویستە رابەرایەتی شۆڕشی کرێکارانی سۆسیالیست بکەن، لە کاتی ئامادە نەبوونی خودی شۆڕشگێڕدا، دەشێت پرۆلیتاریا بە

پێچەوانەوە ئاڕاستە بکەن، واتە بەرەو سەرمایەداری دەوڵەتی ببەن. بە بەکارهێنانی ئەوەی لە جیهاندا بەکارە تیۆرییەکە و ئەوەی جێی گومانە سەبارەت بە چالاکی خودی پرۆلیتاریا، دەگەینە دەستەواژەیەکی بگۆڕ، کە لەبەر نەبوونی ناوێکی گونجاو، دەکرێت پێی بڵێین «شۆڕشێکی بەردەوامی سەرمایەداری دەوڵەتی بە لاڕێدا براو.»

هەرەسهێنانی رژێمی ستالینیستی لە روسیا و ئەوروپای رۆژهەڵات، گوزەری (چین)ەکەی ماوی بەرەو کۆتوبەندەکانی سەرمایەداری بازاڕ کێشکرد، پەرتبوونی نێودەوڵەتی بزوتنەوەی ماوی و ستالینستییەکان رێیان بۆ گەشەکردنی شۆڕشێکی بەردەوام و راستەقینە، هەروەك ترۆتسکی وەسفی کردووە، خۆشکرد.

ئێمە لەنێو بە ئاگاهاتنەوەیەکی لەسەرخۆ و دوور و درێژی بزوتنەوەی چینی کرێکارانین لە جیهانی سێهەمدا. ئەوەمان بینیوە چۆن چینی کرێکاران لە ئێران سەرقاڵی مانگرتنێکی گشتی بوون، کە شوراکان (ئەنجومەنەکانی کرێکاران) رێکیان خستبوو، لە ئەنجامدا لەسەر کار لابردنی شای لێکەوتەوە. بینیومانە چۆن چینی کرێکارانی ئەفەریقیای باشور، رژێمی ئاپارتایدیان لە ناو برد. هەروەها سەرهەڵدانی چینی کرێکارانی چەکدار لە کۆریای باشورمان بینیوە. هەروەها بە فراوانترین و جەماوەریترین مانگرتنی گشتییمان لە بەرازیل بە خۆوە دیووە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ستەمکارییەی کە دەیەکانی کۆنەپەرستی و ستالینیزم و فاشیزم بەجێیان هێشتووە، پێویستمان بە ماوەیەکی زۆرە. بەڵام رێگە لە بەردەم شۆڕشی بەردەوام و راستەقینە واڵایە تا ئامانجەکانی خۆی بێنێـتەدی.

# بەندی حەوتەم

## مارکیسزم  و مەسەلەی چەوسانەوە

پوختەی مارکسیزم ئەوەیە: «رزگاری چینی کرێکار لە ئەستۆی چینی کرێکار خۆی دایە» و لە هەمان کاتیشدا مارکس ئەوە رادەگەیەنێت کە بیروباوەڕی زاڵی ناو کۆمەڵگە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. یەکێ لە گرنگترین شێوەکانی بەرجەستەبوونەوەی ئەم بیروباوەڕە، پارچە پارچەکردنی یەکێتی چینی کرێکارانە بۆ رەگەز و نەتەوە و چینی جیاواز.

چەوساندنەوەی پێست رەشەکان لە لایەن پێست سپییەکانەوە، ژنان لە لایەن پیاوانەوە...هتد. یەکڕیزی چینی کرێکار لەتوپەت و سیاسەتی دابەشکردن و حوکم کردنی دەسەڵاتی سەرمایەداران پتەوتر دەکات.

دەبێت ئەم چەوساندنەوەیە بە چ شێوەیەك کاریگەری بخاتە سەر گوزەرانی ئەم کرێکارانەی کە سەر بە بەشە چەوساوەکەن؟ کرێکارە پێسترەشەکان لە بەریتانیادا وەك کرێکار دەچەوسێندرێنەوە، هەروەها جیاکردنەوەیان وەکو پێسترەشێکیش، ئەم چەوساندنەیە قووڵتر دەکاتەوە و کرێی کەمتر وەردەگرن و هەلومەرجی کارکردنەکانیشیان قورسترە. بە دەست سەرپەنای خراپ کەم و کوڕییە کۆمەڵایەتییەکانی تریشەوە دەناڵێنن. هەمانشتیش بە سەر ژنانی کرێکاردا سەپاوە، قورسایی دوو چەوساندنەوەیان لە سەرە: کە بریتییە لە بە دەستهێنانی دەرامەت و منداڵ بە خێوکردن و کاری ناوماڵیش. زۆربەی ئەو کارانەی ژنان  دەیکەن لاوەکین و لە

پەراوێزدان و بە مەش کەمترین هەلیان بۆ دەڕەخسێت تا شارەزایی و زانست بە دەست بهێنن، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر شوێندا ناچاردەکرێن دەست لە کارەکانیان هەڵگرن تاکو منداڵە ساواکانیان پەروەردە بکەن...ستەمکاری دژ بە ژنان چەوساندەنەوەکەیان قووڵتر دەکاتەوە.

بەڵام ئەم ستەمکارییە چ کاریگەرییەکی دەبێت بە سەر ئەوانەوە کە سەربە بەشە ستەمکارەکەن؟ گومانی تێدا نییە کە ئەوان وامەزەندە دەکەن کە مرۆڤێکی باڵاترن لەو کرێکارانەی کە لە خوارەوەن. بەڵام ئایا لە راستیدا سود لەوە وەردەگرن؟ کرێکارە پێست سپییەکان لە ویلایەتەکانی باشوری وڵاتە یەکگرتووەکان پێیانوایە ئەم جیاکردنەوەیە لە قازانجیاندایە، چونکە کرێی زیاتر لە پێست رەشەکان وەردەگرن،ماڵەکانیان باشترە و..هتد، بەڵام بە بەراورد بە کرێکارانی پێست سپی باکور، کرێکارانی پێست سپی باشور، کرێیان زۆر کەمترە.

رەنگە کرێکارە پرۆتستانتەکانی ئێرلەندای باکور پێیانوابێت کە چەوساندنەوەی کاسۆلیکەکان بۆ ئەمان شتێکی باش بێت، ئەگەر وانەبوایە لەگەڵ مەسەلەدا نەدەبوون. کەواتە کرێکارانی پرۆتستانت کاری باشتر و پشوی باشتریان لەوانیتر دەستدەکەوێت، بەڵام بە بەراورد لە گەڵ هاوڕەگەزەکانیان لە بێرمێنگهام و گڵاسکۆ دەردەکەوێت کە ئەم کرێکارانە کرێیەکی زۆر کەمتر وەردەگرن. هەمانشت لە بارەی پەیوەندیەکانی نێوان کرێکارانی ژن و پیاویشەوە راستە.

پیاو کرێی زیاتر وەردەگرێت. ئەوەتا لە رووکەشدا پیاوەکە سوود لەم ستەمە وەردەگرێت، بەڵام ئەوە دیمەنێکی زۆر شێواوی بابەتەکەیە. تۆ بیر لەم قسانەی خوارەوە بکەرەوە. «کرێکارێکی پیاو ئاوەها بۆ برادەرەکەی دەنوسێت «ئایا ئەم هەواڵە سەرسامکەرەی منت بیستووە؟ هاوسەرەکەم چەند قرۆشێك وەکو کرێ وەردەگرێت. لە گەڵ ئەمەشدا کارەکەی لە مەترسی نەماندایە، وەکو دەشزانی گوزەران چەندە قورسە. بۆ ئەوەی قورەکەش زیاتر خەست بکاتەوە، ئێستا دووگیانە و هیچ چارەسەرێکیش نییە بۆ لە باربردن. هەواڵی گرنگن ها».

ئەگەر بە هۆی شەمەندەفەرێکی شلوشۆقی پڕ لە پیسییەوە گەشتێك ئەنجام بدەم، بێگومان وەکو سپی لە پەنجەرەکە و لە شوێنێکی خراپتردا جێی بۆ دەستنیشان دەکرێت، بەڵام لە راستیدا خودی کێشەکە لە شەمەندەفەرەکەدایە. هەمووومان دەبێت دووچاری نارەحەتییەکانی هەمان شەمەندەفەر ببینەوە و هیچمان دەسەڵاتمان بە سەر ئەو شوفێرەدا ناشکێت کە هەمووومان بەرەو هەڵدێر دەبات.

ستەم لێکراوترین بەش لە نێو چینی کرێکاردا هەمیشە رەفتارە ترسناك و بەربڵاوەکانی سەرمایەداری بەرجەستە دەکەنەوە. ترۆتسکی نووسیویەتی - ئەگەر کەسێك دەیەوێت پەی بە پێویستی گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێ بەرێت، دەبێت لە چاوی ئافرەتێکەوە بڕوانێتە شتەکان. ئەوەی دەیەوێت پەی بە سروشتی گەندەڵی و گەنیویی سەرمایەداری

بەرێت، پێویستە لە چاوی جولەکەیەکی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە بڕوانێتە جیهان. ئەگەر کەسێکیش بیەوێت لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی بەریتانیا تێ بگات، دەبێت لە چاوانی نیڤڵ و دۆرین لۆرانسی باوك و دایکی ستیڤن لۆرانس – ئەو گەنجە پێست ڕەشەوە – بڕوانین کە لە لایەن پێنج نازییەوە کوژرا و پۆلیسیش بەرگری لە بکوژەکانی کرد.

بۆئەوەی یەکێتییەك لە نێوان کرێکارانی پێست سپی و پێست ڕەشدا بێتەدی، پێویستە کرێکارانی پێست سپی بە پیر کرێکارانی ڕەش پێستەوە لە میلێکیش تێبپەڕن. بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نێوان کرێکارانی ژن و پیاو، پێویستە پیاوانی کرێکار لەو بێدەربەستییەی کە تیایدان، دەربچن و بیسەلمێنن کە ئەوان بەشێك نین لەو ستەمکارییە. ساڵی 1902 لینین ئەم مەسەلەیەی زۆر بە سادەیی دەربڕیوە و دەنوسێت: « کاتێك کرێکاران لە پێناو کرێی زیاتردا ماندەگرن، بە سادەیی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان سەندیکالستن. تەنها ئەوکاتە سۆسیالیستی راستەقینەن کە مانگرتنێك بەرپا بکەن لە دژی چەوساندنەوەی جولەکەکان یاخود خوێندکاران. مانگرتنێك کە لە لایەن کرێکارانی پێست ڕەش و پێست سپییەوە بەرپا کرابێت، دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ تەنگ هەڵچنین بە ڕەگەزپەرستی. دەبێتە مانگرتنێك کە هاوپشتی پتەو بکات و لە ئەنجامی ئەوەشدا کاریگەری پتری هەبێت لەسەر مەسەلە مامناوەندییەکانیش. گۆڕانکاری گیانی ناو کرێکاران یەکێکە لە مەزنترین ئەنجامەکانی ئەو مانگرتنە.

بەڵام دەتوانێت هاوپشتی لە خۆپیشاندانێکی دژ بە ڕەگەز پەرستییەوە دەستی پێ بکرێت و ببێتە دەروازەیەك بۆ هەستکردن بە یەکگرتوویی لەگەڵ کرێکارانی پێست ڕەشدا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتوی ململانی پیشە سازییەکانیان. ئەو کۆبوونەوانەی لە لەندەن بۆ نیشاندانی هاوپشتی لەگەڵ خیزانی لۆرەنس دا، بە شێوەیەکی زۆر فراوان بەستران کاریگەریەکی زۆریان دەبێت. نەك هەر لەسەر هەڵوێستی ملیۆن خەڵك لە بەرامبەر پۆلیس دا، بەڵکو دەبێتە هۆی بەخشینی هەڵێکیش بۆ توندکردنەوەی هاوپشتی نێوان کرێکاران لە سەر چەندین مەسەلەی تر.

مانگرتنێك کە پیاوان و ژنان شان بە شانی یەك بەرپای دەکەن دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ بەزاندنی جیاوازی سێکسی. ئێمە دەبێت کۆمۆنەی پاریسمان بێتەوە یاد کاتێك ژنان ئازایانە جەنگین، تەنانەت نەبەردیان بە شێوەیەك بوو کە وای لە هەواڵنێرێکی بەریتانی کرد بەوپەڕی دڵنیاییەوە رایبگەێنێت کە «ئەگەر هەموو مۆنارەکان ژن بوونایە، سەرکەوتنی کۆمۆنە مسۆگەر دەبوو».

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ماوەیەك لە مەوبەر لە لەندەن بەسترا وتم: با شۆڕش بەرپا ببێت. ئەو کات ژنێکی گەنجی پێست رەش و سوحاقی تەمەن 26 ساڵە، لە لەندەن دەبێتە بەرپرسی یەکەمی ئەنجومەنە کرێکارییەکان)، من لەبەر ئەوە ئەم سیفەتانەم هەڵبژارد چونکە هەر یەکێك لەو سیفەتانە

تەلیسمێکی سەرمایەداریان  بە تاڵدەکردەوە: گەنجی خراپە، پێست ڕەشی خراپە، ژن خراپە، ژنانی لە سبیانی خراپە. دوا بە دوای کۆبوونەوەکە ژنێکی پێست ڕەشی گەنج لێم نزیکبوەوە و پێیوتم : «ئەو ژنەی باست کرد منم پێست ڕەش، ژنم، تەمەنم 26 ساڵە و لەسبیانیشم»، بەڵام پێموت زۆر بەداخەوە خوشکێ شۆڕش لە ماوەی 10 ساڵ دەکرێت، ئەو کات کاروانەکە جێتدەهێڵێت! ئەو کاتە بە تەمەنتر دەبیت. بێگومان دەبێت ئەم قسانەشم وەکو خۆی وەرنەگیرێت. بەرپرسی یەکەمی ئەنجومەنە کرێکارییەکانی لەندەن دەشێت پیاوێکی ئیرلەندی 70 ساڵە و باوکی 10 منداڵ بێت.

شۆڕشگێڕ دەبێت تەواو نەیاری هەموو شێوەکانی ستەمکاری بێت. شۆڕشگێڕێکی پێست سپی دەبێت لە شۆڕشگێڕێکی پێست رەش پێداگرتر بێت لەسەر بەربەرەکانی کردنی راسیزم. شۆڕشگێڕێکی رەگەزی باڵا پێوسیستە لە هەموو جولەکەیەك بە گوڕتر دژی بیرۆکەی دژە سامیەت بێت. شۆڕشگێڕێکی پیاو پێویستە بە تەواوی لە بەرامبەر هەرجۆرە ستەم و زۆرلێکردنێکبێت لەسەر ژنان، ئێمە دەبێت بڵندگۆی ستەملێکراوان بین.

# بەندی هەشتەم

# خەبات لە دژی فاشیزم

## چەند وانەیەك لە سەرکەوتنی نازیەتەوە ساڵی 1933

لە 30 کانونی دووەمی ساڵی 1933، هیتلەر بووە سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا. دەکرا ئەم کارە روونەدات. دوو مانگ پێشتر – واتە لە تشرینی دووەمی 1932، پارتی سۆسیال دیموکرات 7,2 ملیۆن دەنگ و پارتی کۆمۆنیست 6 ملیۆن دەنگیان بە دەستهێنا، لەبەر ئەوە هەردوو رێکخراوەکە سەرجەم 13,2 ملیۆن دەنگیان بەدەستهێنا، لە کاتێکدا ژمارەی دەنگدەرانی نازیەت 11,7 ملیۆن دەنگ بوو، واتە 1,5 ملیۆن دەنگ کەمتر. لەمەش زۆر گرنگتر چۆنایەتی ئەو پشتگیرییانە بوو کە لە رێکخراوە کرێکارییەکان دەکرا دژی رێکخراوە نازیەکان، هەروەکو ترۆتسکی بەمشێوەیەی خوارەوە گوزارشتی لێکردووە:

« بە پێی پێوانەی ئامارەکانی هەڵبژاردن هەر 1000 دەنگێکی فاشیست قورسایی 1000 دەنگی کۆمۆنیستەکانی هەیە، بەڵام بە پێوانەی خەباتی شۆڕشگێڕانە 1000 کرێکار لە کارگەیەکی گەورەدا هێزی سەد ئەوەندەی 1000 فەرمانبەری بچووك، کارمەند، هاوسەر و خەسووەکانیانە. تۆپەڵی هەرە گەورەی فاشیستەکان لە خەوش و خاڵی مرۆڤایەتی پێکهاتووە.»

بەڵام بە داخەوە رابەرانی ئەم دوو رێکخراوە جەماوەرییە بە تەواوەتی بەرەو هەڵدێر دەچوون.

لەبەرامبەر هێرشەکانی نازیزم، پارتی سۆسیالی دیموکرات

پشتی بە حکومەتی ئەڵمانیا و هێزەکانی پۆلیس بەستبوو بۆ بەرگری کردن لە دیموکراسی. تا ئەو کاتەش کە هیتلەر ببوە سەرۆك وەزیران. ئۆتۆ فێلسی Otto Wels رابەری سۆسیال دیموکرات پێیوابوو خەڵکی نابێت هەست بە مەترسی بکەن. کابینەی نوێ هەموویان سۆسیالیستە نەتەوەییەکان (نازی) نەبوون، بەڵکو تەنها هاوپەیمانەتیەك بوو لە نێوان ئەڵمانییە نەتەوە پەرستەکان و سۆسیالیستە نەتەوەییەکان، تەنها 3 وەزیر لەو12 وەزیرەی حکومەتی نازی بوون و 9 یەکەی تر لە پارێزگاران بوون. جیا لەمەش، هتلەر لە کاتی سوێند خواردن لە بەردەم سەرۆکدا پەیمانی دابوو کە گوێڕایەڵی یاساکانی فیمار بێت. (ولیەم فریك)یش ئەو نازییەی، کە وەزیری ناوخۆ بوو رایگەیاند کابینەکە قەدەغەکردنی پارتی کۆمۆنیستی رەتکردۆتەوە ودەستناخاتە کاروباری ئازادی رۆژنامەگەرییەوە. بە دڵنیاییەوە هەر دوای دوو مانگ لەم قسەیە پارتی کۆمۆنیست قەدەغەکرا و پاڵێوراوە سۆسیالیستەکانی بۆ هەڵبژاردن دەستگیر کران.

کاتێك لە 23 ی ئازاری 1933 یاسایەکی رێخۆشکەر، کە دەسەڵاتێکی بێ سنوری دەبەخشییە هتلەر، لە رایخشتاگدا جێگیرکرا، ئۆتۆ فێلس لە دژی ئەمە قسەی کرد، بەڵام ئەوەی روونکردەوە کە پارت وەکو نەیارێکی سیاسی مامەڵە دەکات و تەنها نارەزاییەتیەکی بێ ئاشوب و یاسایی بۆ رژێم دەردەبڕێت. فیلس وتی: «هەڵبژاردنی 5ی مارس زۆرایەتی

بەخشییە پارتەکانی حکومەت. لەبەر ئەوە هەلێکی داونەتێ بۆ ئەوەی وڵات بە پێی دەستور و گیانی یاساکان بەرێوەبەرن. وەکو واقیعی ئێمە حوکمی ئێستای ئەوانی قبوڵە. هەر چەندە یەکسانیخوازی خەڵکیش بۆخۆی هێزێکی سیاسییە و ئێمەش نیازمان نییە دژی ئەم هەستی یەکسانیخوازییە بوەستینەوە».

رابەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا حاڵیان لە سۆسیال دیموکراتەکان باشتر نەبوو. بە گوزەرکردن بە سەر شوێن پێکانی ستالیندا، ئەوانیش رایانگەیاندبوو کە سۆسیال – دیموکراتەکان، سۆسیال – فاشیستن. بەومانایەی کە جۆرە جیاوازییەکی بابەتی لە نێوان نازییەکان و سۆسیالی دیموکراتەکاندا نییە. هەربەو بۆنەیەشەوە رومێلی – رابەری فراکسیۆنی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە رایخشتاگ، لە 14ی ئۆکتۆبەری 1931 توانیویەتی بڵێت کە دوای هیتلەر نۆرەی ڕۆمێلیش دێت کاری خۆی بکات- ئێمە لەو فاشیستانە ناترسێین. ئەمان زووتر لە هەر حکومەتێکی تر دەوریان دەپێچنەوە (ئەی راسترەوینە، بە لای کۆمۆنیستەکانەوە.

ترۆتسکی بەو هەموو هاودڵی و زیرەکییەوە کە هەیبووە- بانگەوازی کرێکارانی ئەڵمانیا دەکات بۆ ئەوەی رووبەڕوی مەترسی ئەو کارەساتە ببنەوە کە هیتلەر نوێنەرایەتی دەکات. لە 23ی نۆڤێمبەری هەمان ساڵدا namilkەیەکی بە ناوی ئەڵمانیا، کلیلێکە بۆ بارودۆخە جیهانییەکە نوسیوە و تێیدا وتویەتی :

« ئاڕاستەیەك كە یەكلاكردنەوەی قەیرانی ئەڵمانیا پێیدا دەڕوات، نەك تەنها چارەنووسی خودی ئەڵمانیا پشتی پێدەبەستێت (كە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئامانجێكی گەورەیە)، بەڵكو چارەنووسی ئەوروپا و قەدەری هەموو جیهانیش بۆ چەندین ساڵی داهاتوو دیاری دەكات. هاتنە سەركاری سۆسیالیستە نەتەوە پەرستەكان بە پلەی یەكەم هەڵوەراندنی گوڵی پرۆلیتاریای ئەڵمانیا دەگەیەنێت، تێكشكاندنی رێكخراوەكانی و سڕینەوەی باوەڕیەتی بە خۆی و داهاتووی. بە تێبینی پێگەیشتن و تیژبوونەوەی هەلومەرجە كۆمەڵایەتییەكان لە ئەڵمانیادا- كارە دۆزەخییەكانی فاشیزمی ئیتالیا، هەڵبەتە كاڵبۆوە و تەنانەت وەك ئەزمونێكی مرۆیی دێتە پێش چاو بە بەراورد لەگەڵ كارەكانی سۆسیالیستە نەتەوە پەرستەكانی ئەڵمانیا. دە دانە هەڵگەڕانەوەی چەكدارانەی پرۆلیتاریا بەدوایدا شكست دێنێت- هەر یەكەیان بە دوای ئەویتریاندا – ناتوانێت چینی كرێكاری ئەڵمانیا لاواز و شەكەت بكات وەك كە ڕاڕایی لە بەرامبەر فاشیزمدا دەیكات كاتێك هەموو بڕیارەكە لە دەوری پرسیاری « ئایا كێ دەبێتە سەرگەورەی ماڵی ئەڵمانیا» دەخولێتەوە – كلیلی هەلومەرجە جیهانییەكە لە ئەڵمانیادایە».

سێ ڕۆژ دوای ئەوە ترۆتسكی نامیلكەی (ئەڵمانیا، كلیلێكە بۆ هەلومەرجە جیهانییەكە)ی بڵاوكردەوە، داوا و ئاگاداركردنەوەیەكی بە هێزیتری نووسی بۆ كرێكارانی ئەڵمانیا

لەژێر ناوی لە پێناوی بەرەیەکی یەکگرتووی کرێکاران لە دژی فاشیزمدا. ئەو وشە بە ئاگاهێنەرەوانەی نووسی:

ئەی کرێکارانی کۆمۆنیست ئێوە چەند سەد کەسێکن لە هەزاران، لە ملیۆنان ئێوە ناتوانن بۆ هیچ شوێنێك سەر هەڵبگرن. ژمارەی پاسپۆرتی پێویست نییە بۆ هەمووتان. هەرکە فاشیزم دەسەڵات وەربگرێت، وەکو تانکێکی تۆقێنەر بەسەر کەللە و پەیکەر و ئێسکەکانتاندا دەگوزەرێت. رزگاری ئێوە لە مارشی خەباتدا، تەنها لە رێی یەکێتییەکی تۆقێنەر لە گەڵ کرێکارە سۆسیال – دیموکراتەکاندا دەتوانێت سەرکەوتن بێنێتە دی. پەلە بکەن ئەی کرێکارانی کۆمۆنیست کاتێکی کەمتان بە دەستەوە ماوە.

لە 28ی ئایاری 1933 دا لە وتارێکیدا بە ناوی کارەساتە ئەڵمانییەکە: بەرپرسیارییەتەکانی رابەرایەتی دووبارە دەنووسێت:

«تێکشکانی پرۆلیتاریای ئەڵمانیا گرنگترین رووداوە لە دوای بە دەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریای روسیاوە لە 22ی جونی 1933 شدا، گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی ئەو کارەساتەی ئەڵمانیا – بێگومان ، گەورەترین شکستی چینی کرێکارە لە مێژوودا».

ئێمە لە پارتی کرێکارانی سۆسیالیست دا لەوانەکانی ئەڵمانیاوە فێربووین

لە گەڵ هاتنە سەرکاری پارتی کار لە 1974دا، بێکاری لە

600 هەزارەوە دوای سێ ساڵ گەیشتە ملیۆنێك و 600 هەزار. کرێکانیان هاتنەخوارەوە و بۆ یەکەمجاریش لە دوای جەنگ هاتنە خوارەوەیەك هەبوو لە ستانداردە راستەقینەکانی ژیان بە هۆی هەژاری و نەبوونییەوە هەلومەرجەکە لەبار بوو بۆ گەشەکردنی بەرەی نازی نیشتمانی (National Front) لە ساڵی 1976دا، بەرەی نازی نیشتمانی 44 هەزار دەنگی لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا بە دەستهێنا. پارتی نیشتمانی، کە پارتێکی نازییە، ساڵی 1977 دوو کورسی ئەنجومەنی بە دەستهێنا لە بلاکبێرندا، ساڵی 1977، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی باڵای لەندەن بەرەی نیشتمانی 119 هەزار و 63 دەنگی بە دەستهێنا (واتە 5%) بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵی 1973 دا کە 5,. % بوو) بە مەش لیبراڵەکانی دابەزاندە پلەی سێیەم لە 32 مەڵبەندی هەڵبژاردن دا. رووپێوییەکی زانکۆی ئێسکێس ئەوەی خستەڕوو کە ئەو لایەنگیرییەی ئێستا لە بەرەی نیشتمانی دەکرێت، لەوانەیە 25 کورسی پەرلەمانی بداتێت لە نوێنەرایەتی رێژەییدا.

لە ئۆگەستی 1977دا، بەرەی نازی نیشتمانی رێپێوانێکی بە نێو لویسهام دا رێکخست، کە شارۆچکەیەکە لە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی لەندەن و زۆربەی دانیشتوانی پێست ڕەشن، لە ئەنجامدا پارتی کرێکارانی سۆسیالیست 2000 هەزار ئەندامی خۆی هێنایە سەرشەقام لەگەڵ 8000 کرێکار و گەنجی تردا کە زۆربەیان پێست ڕەش بوون، پێکەوە ئەو هێڵەیان شکاند کە

پۆلیس بە دەوری ڕێپێوانەکەدا داینابوو. بە هۆی بەکارهێنانی هێزەوە ڕێپێوانی فاشیستەکانیان کۆتایی پێهێنا. ئەم چالاکییەی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە شاری لویسهام لە لایەن زۆربەی قسەکارانی پارتی کارەوە ئیدانەکرا. مایکل فوت ، کە لە دواییدا بووە جێگری سەرۆك وەزیران، لەم بارەیەوە وتی: «ئێوە ناتوانن ڕێگە لە نازییەکان بگرن بە فڕێدانی شوشەی بەتاڵ بەسەریاندا و ناڕەحەتکردنی پۆلیسەوە و ناکارامەترین شێوازیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشیست کە تۆش وەك ئەوان بێت». ڕۆن هایوردی سکرتێری پارتی کاریش داوای لە سەرجەم ئەندامانی پارت دەکرد کە هەمیشە بە دوورین لەو ڕێکخراوانەی کە ئەوپەڕی ڕاست یان ئەوپەڕی چەپ پێکدێنن. ئەو جیاوازییەکەی زۆر بە کەمی بەدی دەکرد لە نێوان خۆپیشاندەرە گێرەشێوێنەکان – کە مەبەستی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست و فاشیستەکانی بەرەی نازی نیشتیمانییە.

ڕووداوەکانی لویسهام لە ئۆگەستی 1977 دا بوو بە خاڵێکی دەستپێکردن بۆ دامەزراندنی هاوبەندییەکی دژە نازی لە نۆڤێمبەری 1977 دا.

یەکێتی دژە نازی (Anti-Nazi League (ANL ئەو بەرە یەکگرتووە بوو کە لە لایەن پارتی کرێکارانی سۆسیالیستەوە بەدی هێنرابوو، پیتەر هاین و ئێرنی ڕۆبەرتسی ئەندامی پەرلەمان و ئەندامانی تری پەرلەمان کە لە ناویاندا نیڵ کینۆك و ئۆدری وایز و مارتن فلانری کە لە بری چەپی پارتی کاردا بوون، پێکهێنرابوو.

بەرەی نازی نیشتمانی بووە بزاوتێکی بەرفراوانی جەماوەری. بۆ ئەوەی گوشاری زیاتر بخاتە سەر دژایەتی کردنی لاوان بۆ فاشیزم - کە ئەمان سەرچاوەی پشتگیرییان زیاتر لە لایەن لاوانەوە بوو - بەرەی نازی نیشتمانی یەکەمین کەرنەڤاڵی خۆی لە لەندەندا لە کۆتایی ئەپرێلی 1979 دا و چەند رۆژێك بەر لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکان بەرپاکرد. سەرکەوتنێك ئەم کەرنەڤاڵە بە دەستیهێنا لە پێشبینی کەسدا نەبوو، 80 هەزاری راکێشایە ناو ئەو رێپێوانە کە لە مەیدانی ترافالگارەوە بەڕێخرا بەرەو ڤیستیڤاڵێکی مۆسیقا لە باخچەی ڤیکتۆریا کە هەشت میل لێوەی دوور بوو. شانبەشانی (بەرد بەرامبەر بە فاشیزم) کەڕنەڤاڵی زۆر کە هەریەك لە مانچستەر 35 هەزار کەس و کاردیڤ 5 هەزار و برادفۆرد 2 هەزار و لە لەندەندا بە بەشداربوونی 100 هەزار کەس بەرپاکران. بە هۆی ئەمەشەوە ئاستی دەنگدان بۆ بەرەی نازی نیشتمانی لەهەڵبژاردنە ناوخۆییەکان هاتنەخوارەوەی بەخۆیەوەبینی. لە لیدز 54% هاتە خوارەوە، لە برادفۆرد بە رادەی 77% تەنانەت لە مەڵبەندەکەی خۆشیاندا کە کەناری رۆژهەڵاتی لەندەنە بە رادەی 40% دابەزیبوو.

بەرەی نیشتمانی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن سەندیکاکانەوە کۆمەکی دەکرا. هەر لە ناوەڕاستی نیسانی 1978 و بەر لە کەرناڤاڵەکە 30 لقی A.U.E.W و ناوچەکانی، کۆمەکیان دەکرد هەروەها 25 ئەنجومەنی سەندیکایی، 11

لق و ناوچەی 6 ، 10-N.U.M ناوچەی TGWU و CPSA و TASS و NUJ و NUT و NUPE و 1300 کۆمیتەی پیاوانی کۆگای کارخانە گەورەکان و 50 پارتی کرێکاری ناوچەیی. ئەم ژمارانە دوای کەرنەڤاڵەکە زیاتر گەشەی کرد.

لە ژێر زەبری یەکێتی دژە نازییەکان ANL هەرگیز فاشیستەکان نەیانتوانی ئەو رادەیە لە پشتگیری بە دەست بهێنن کە لەو ئاستەی ساڵانی 1976-1977 دا تێیدابوون، نزیکیان بخاتەوە. جارێکی تر بیریان دێنمەوە کە بەرەی نیشتمانی لە ساڵی 1976 دا 44 هەزار دەنگیان لە لیستەر، لە ساڵی 1977 دا 119 هەزار دەنگیان بە دەستهێنا، بەڵام لە دوایین هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا لە ئینگلتەرا- لە 17 ی ئایاری 1998 – سەرجەم دەنگەکانی پارتی نیشتمانی بەریتانیا و بەرەی نازی نیشتمان تەنها سێ هەزار دەنگ بوو.

سیاسەتی ئێمە لەمەڕ شەڕی فاشیزمدا لە دوو بڕگە پێکهاتبوو: پەلاماردانی جرجەکان و تێکشکاندنی ئەو لایەنانەی تیایدا جرجەکان ژمارەیان زیاد دەکات. تەنها لەگەڵ ماشێنەکاندا بەس نییە، بەڵکو دەبێت لە دژی بێکاری، کرێی کەم، گەندەڵی کۆمەڵایەتیش بجەنگین، چونکە ئەوانە هەلومەرجەکە لەبار دەکەن بۆ گەشەکردنی فاشیزم. یەکێ لەو دیاردانەی یەکێتی ئەودوو بڕگەیەی نیشاندا، رێکخراوکردنی پەرستیارەکان بوو لە بەرگێکدا بۆ دروشم بەرزکردنەوە لە دژی نازییەکان و لەپێناوی بەرگری کردن لە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی.

## بەراوردێك  لە گەڵ راسیزمی SOS لە فەرەنسادا

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1974 دا بەرەی نەتەوەیی (FN) تەنها 74, 0 % دەنگەکانی بە دەستهێنا، لە ساڵی 1981یشدا ئەم رێژەیە هاتەخوارەوە و گەیشتە 5, 0 %، بەڵام لە گەڵ هەڵبژاردنی فرانسوا میترانی ئەندامی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا بۆسەرۆکایەتی لە ساڵی 1981 ئاڕاستەکان بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕان. نائومێدی زۆر بەربڵاوبوو، بێکاری لە دوو ئەوەندە زیاتر بوو، بەرەی نیشتمانی لە هەموو جێگایەکەوە سەریهەڵدا. لە ساڵی 1984دا، 11% دەنگەکانی بە لای خۆیدا راکێشا (نزیکەی 2 ملیۆن). لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی ئاداری 1986دا، 35 کورسی بە دەستهێنا کە لە ژمارەی کۆرسییەکانی پارتی کۆمۆنیست زۆر زیاتربوو. دوای ئەوە سیستەمی هەڵبژاردن گۆڕاو بەرەی نیشتمانی هیچ کورسییەکی نەما لە پەرلەماندا، بەڵام لە جێی ئەوە زیاتر لە 1000 راوێژکار و دەسەڵاتی چوار شاری بچووکی بە دەستبوو لە باشوری فەرەنسا، لە دوایین هەڵبژاردندا لە جونی 1997 بەرەی نیشتمانی 5 ملیۆن دەنگی کۆکردەوە (یاخود 15% ی دەنگەکان.

کەواتە لەبەرچی بەیانی بەرەی نیشتمانی لە بەریتانیا بە شێوەیەکی ریشەیی بەرەوخوار دەچێت، کەچی لە فەرەنسادا بە توندی بەرەو سەردەچێت؟ کەس ناتوانێت لە رێگەی ئاماژەکردن بۆ جیاوازیەکانی هەلومەرجە بابەتییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا ئەمە رووندەکاتەوە:

ڕێژەی پێست ڕەشەکان لە بەریتانیا هەمان ئەو ڕێژەیەیە کە لە فەرەنسادا هەیە – 5-6 %، هەروەها ئاستی بێکاری جیاواز نییە. ئاستی خەباتی پیشەسازی لە فەرەنسا لە ڕاستییدا لەوەی بەریتانیا بەرزترە. بەریتانیا درێژترین و قووڵترین دابەزینی لە خەباتی پیشەسازی دا بە خۆوە بینیووە.

کەواتە چۆن جیاوازی نێوان چارەنووسی هەریەك لە FN و NF شی بکەینەوە؟ دەبێ بڕوانینە توخمی خۆیی لەم مەسەلەیەدا. لە بەریتانیا ئێمە ANL مان هەیە. لە فەرەنسا سەرەکیترین ڕێکخراو لە دژی نازییەکان SOS Racisme بوو. ئەم ڕێکخراوە پاشکۆی پارتی سۆسیالیست بوو، ڕابەرەکەی کە هارلێم دسیربوو، باسی لە ڕەتکردنەوەی (ڕووبەڕوبوونەوە) دەکرد لەگەڵ FN دا بە وشیاری دەیوت ئەم کارە دەمانخاتە دەست لوپێنسەوە. ئەو چاوەڕوانی بۆچوونی جەماوەری دەکرد تا ڕاسیزم لە ڕیشەوە هەڵکێشێت و بە هیوای هاوبەشی کردنی یەکسان بوو لە لایەن ڕێکخراوەکانی باڵی چەپ و باڵی ڕاست. هەرچەندە SOS Racisme بانگەوازی ڕێپێوانەکانی دەکرد، بەڵام هیچ جۆرە نەخشەیەك نەبوو بۆ ئەوەی بەهێز ڕووبەڕوی FN بنەوە.

ڕۆڵی میتران لە خەساندنی SOS Racisme ڕۆڵێکی ناوەندی بوو. دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە میتران کارگوزارێکی بەرزبوو لە حکومەتەکەی مارشاڵ پیتان لە کاتی جەنگدا – ئەو حکومەتەی کە هاوکاری نازییەکان بوو، 70

هەزار جوڵەکەی بەرەو ژوورەکانی گاز بەڕێکرد. دوای ئەوەی میتران بووە سەرۆك، هەموو ساڵێك و لەیادی مردنی مارشاڵ پیتان دا چەپکێك گوڵ دەخاتە سەر گۆڕی «ئەم نیشتمان پەروەرە فەرەنسییە گەورەیە»، کە هاوشانە لە گەڵ چەپکێکی تر کە لە لایەن لوپانەوە دادەنرێت.

# بەندی نۆیەم

# وانەی گرنگ لەڕووداوەکانی ئایاری 1968

## ئیلهام و ورياكردنەوە

سۆسیالیستەکان لەسەرانسەری جیهاندا ئیلهامیان لە ڕووداوەکانی فەرەنسای ئایاری 1968، وەرگرت. خۆپیشاندانی خوێندکاران و داگیرکردنی زانکۆکان کە لە ڕۆژانی 10و 11ی ئایار – کە ناسراوە بە شەوی بەربەستکردن (Barricades)، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوان لەنێوان هەزاران خوێندکار بە یارمەتی ژمارەیەکی زۆری کرێکارە لاوەکان و دانیشتوانی گەڕەکی لاتین لەگەڵ CRC – پۆلیسی دژە ئاژاوە کە سەرکەوتوانە زاڵبوون بەسەر خۆپیشانەکاندا.

پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا کە لایەنگرییەکی بەهێز و فراوانی لە پشتەوە بوو، لە دژی چالاکییەکانی خوێندکاران بوو تاکو (شەوی سەنگەر گرتنەکە)، لێرەوە ئیتر بڕیاریاندا کە باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئەم شەپۆلی سەرهەڵدانە دەست گرتنە بەسەر رابەرایەتییەکەیدا. سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیست و فیدراسیۆنی نەقابەی CGT بە هیوای ئەوەبوون کە مانگرتنێکی یەك ڕۆژە و خۆپیشاندان ببێتە دەروازەیەك بۆ ئارامکردنەوەی هەلومەرجەکە. لەبەر ئەوە بانگەوازی مانگرتنێکی یەك ڕۆژەیان کرد بۆ ڕۆژی 13ی ئایار، وایان چاوەڕێ دەکرد کە ئەمەش وەك مانگرتنەکانی پێشووتر مانگرتنێکی کۆنترۆڵ کراوبێت، بەڵام بە هەڵەدا چووبوون. کرێکارانی سەرباز کە ئەم سەرەتایەیان قۆستەوە بۆ درێژەدان بە مانگرتنەکە.  لە 14ی ئایاردا کرێکارانی سود ئاڤیاسۆن Sud Aviation لە شاری نانت بانگەوازی مانگرتنێکی بێ

سنووریاندا و کارخانەکانیان داگیر کرد. بۆ رۆژی دوایی واتە لە 15 ی ئایاردا Renault –Cleon داگیرکرا، لە16ی ئایاردا مانگرتن و داگیرکردن سەرانسەری کارخانەکانی رینۆی گرتەوە. ئەمەش مانگرتن و داگیرکردنی هەموو کارخانە ئەندازەیی دامەزراوەکانی دروستکردنی سەیارە و فڕۆکەی بە دوای خۆیدا هێنا، لە 19ی ئایار شەمەندەفەرەکان لە جوڵە کەوتن شانبەشانی خزمەتگوزارییەکانی پۆست و تێلێگراف، خزمەتگوزارییەکانی میترۆ و پاس لە پاریس، پەکیان کەوت. مانگرتنی کانەکان و پاپۆڕەکان و فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانیی فەرەنسای گرتەوە. لە20ی ئایار مانگرتن بوو بە گشتی و 10 ملیۆن کرێکاری لەخۆگرت، ئەو خەڵکەی کە هەرگیز پێشتر مانیان نەگرتبوو چوونە ناو مانگرتنەکەوە. سەماکەران، یاریزانانی تۆپی پێ، رۆژنامەنووسان، ژنانی کۆگاکان و تەکنیکاران، هەموویان بەشداربوون. ئاڵای سوور هەموو شوێنەکانی کاری رازاندبووەوە.

لە خۆپیشاندانی رۆژی 13ی ئایاردا یەك ملیۆن کرێکار و خوێندکار بەشداریان کرد. دیگۆلی سەرۆك De Gaulle بە تەواوی بێ پشت و پەنا مایەوە کاتێك لە رۆژی 24ی ئایاردا بانگەوازی کرد بۆ ریفراندۆمێك نەیتوانی تەنها دوکانێکی چاپکردن لەسەرانسەری فەرەنسادا بدۆزێتەوە بۆ چاپکردنی بانگەوازەکەی کاتێکیش بە ناچاری پەنای بردەبەر چاپخانەکانی بەلجیکا بۆ چاپکردنی ئەو بەیاننامەیە، کرێکارانی بەلجیکا بۆ دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ برایانیان

له فەرەنسا داواکەیان رەتکردەوە. له25 ی ئایاردا دیگۆل فەرەنسای بەجێهێشت بۆ ئەوەی پەناگەیەك له سەربازگە فەرەنسییەکانی ناو ئەڵمانیا بدۆزێتەوە.

له 27 ی ئایاردا رابەرانی سەندیکاکان رێکەوتننامەی (گرۆنێل)یان مۆرکرد که له بارەی چاککردنی باری ئابوری کرێکارانەوە بوو- وەکو بەرزکردنەوەی کرێی لانی کەمی کرێکاران به رێژەی٪35 - بەمەش کۆتایی به مانگرتن هات و باڵی راستڕە و هەلی بۆ رەخسا و کەوتە کارکردن. له30ی ئایاردا خۆپیشاندانێکی گەورەی باڵی راستڕەو بەڕێخرا. پۆلیس دەستی بەسەر وێستگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆندا گرت و کۆتایی به داگیرکردنی کارخانەکان له لایەن کرێکارانەوە هێنا و هێرشیشیان دەکردەسەر هەر خۆپیشاندانێکی بەردەوام، سەرئەنجام دوو کرێکار و خوێندکارێکی قوتابخانەشیان کوشت.

خوو نەریتی نەوە مردووەکان وەك مۆتەکەیەك خۆی بەمێشکی زیندووەکانەوە هەڵواسیوە (کارل مارکس).

لەسەروبەندی بزاوتنی روو له پێشی کرێکاران، پاشماوە قورسەکەی ستالینیزم هێشتا هەر هەستپێکراو بوو. کرێکارانی فەرەنسا ئەمەکێکی زۆریان هەبوو بۆ پارتی کۆمۆنیست، سەرباری هەر شتێك ... نەوەیەك له کرێکاران له لایەن ئەم پارتەوە خوێندەوار کرابوون و راهێنراوبوون. دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست بەسەر کرێکاراندا لەم رووداوەدا دەردەکەوێت: کاتێك سوپاکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بەسەر سوپای ئەڵمانیادا سەرکەوتن، پاریس له لایەن ماکی Maqui رزگار کرا، ماکی

بزوتنەوەیەکی بەرەنگاری بوو لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوە رابەرایەتی دەکرا. کرێکارانی چەکدار پاریسییان کۆنترۆڵکرد. لە کۆتاییشدا مۆریس سۆرێ، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا لە مۆسکۆ گەڕایەوە پاریس و بانگەوازی بۆ (یەك پۆلیس، یەك سوپا، یەك دەوڵەت) کرد. ئەو پۆلیسەی کە سۆرێ ئاماژەی بۆ دەکات هەمان ئەو پۆلیسەیە کە لە سەردەمی جەنگدا هاوکاری نازییەکانی دەکرد. سەرەڕای ئەمەش کرێکارانی پاریس قسەکانی (سۆرێ)یان قبووڵکرد و چەکەکانیان دانا.

لە ئایاری 1968دا کارکردنی پارتی کۆمۆنیست تاڕادەیەکی زۆر جەماوەری بوو. پێشتر ئاماژەمان بەو ملیۆن کرێکار و خوێندکارانە کرد کە لە پاریس خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. رابەرانی پارتی کۆمۆنیست نەیاندەویست کرێکاران و خوێندکاران تێکەڵ یەك بن. لەبەر ئەوەی خوێندکاران دووربوون لە کاریگەری پارتی کۆمۆنیست. ئەوان بیروباوەڕە سیاسیەکانیان زۆرتر بە لای باڵی چەپی پارتیدا دەشکایەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو رابەرانی پارتی کۆمۆنیست پشتێنەیەکیان لە20 هەزار پاسەوان رێکخست بۆ جیاکردنەوەی ریزی کرێکاران لە ریزی خوێندکاران. هەروەها ئاماژەمان بە داگیرکردنی کارخانەکاندا کە لەم بوارەشدا رۆڵی بیروکراتییانەی پارتی کۆمۆنیست و سەندیکای CGT لەبەرچاوە: 80 90- ٪ ی کرێکاران نێردرانەوە ماڵەوە، لەبەر ئەوە لە داگیرکردنەکاندا تەنها کەمایەتییەك چالاك بوون. ئەو کرێکارانەی چوونە ماڵەوە ئەو هەلەیان لە دەستدابوو

بەشداری گفتوگۆ بکەن لەسەر تاکتی و ستراتیژیەتەکان، کە ئەمەش دڵی بزوتنەوەکە پێکدەهێنێت.

مانگرتنەکان کۆمیتەی خۆیان هەبوو، بەڵام لە لایەن کرێکارانەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو سەندیکاکان دیارییان کردبوون. بۆ ئاسانکردنی کاری کۆتاییهێنان بە مانگرتنە گشتییە کە بە کرێکارانی یەکێ کە کارخانەکانیان راگەیاند، کەوا کرێکاران لە کارخانەیەکی تردا چوونەتەوە سەرکار....ئەم تاکتیکەش لە زۆر شوێن دووبارەکرایەوە. لەبەر ئەوەی هیچ هێڵێکی پەیوەندی لەنێوان کارخانەکاندا نەبوو سەربەخۆیی لەوانەی سەندیکا، ئەم تاکتیکە سەری گرت.

## شۆڕشی شوباتی 1917 لە روسیا

بۆ تێگەیشتن لەو ناکۆکیانەی لە هۆشیاری کرێکاراندا هەبوو لە فەرەنسا ئایاری ساڵی 1968، لە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی شۆڕشی شوباتی 1917 ی روسیا باشتر دەست ناکەوێت، ئەو شۆڕشەی کۆتایی بە قەیسەریزم هێنا. پۆلیس بە تەواوی توانەوە، کرێکاران لە هەموو شوێنێك لە شوراکاندا خۆیان رێکخست، لە سوپاشدا کۆمیتەکانی سەربازان سەری هەڵدا.

لینین لەوکاتەدا «دەسەڵاتی دوولایەنە»ی وەکو حالەتێکی زاڵ بەسەر هەلومەرجەکەدا پێناسەکرد. راستە شوراکان بەهێز بوون، بەڵام لەبەرامبەر شوراکان حکومەتی کارسازی بۆرژوازی هەبوو. راستە کۆمیتەکانی سەربازان هەبوو، بەڵام هێشتا جەنەراڵەکان سوپایان بەرێوەدەبرد. راستە شوراکان خولیای

ملیۆنان کەسی بۆ ئاشتی دەردەبڕی ، بەڵام جەنگی ئیمپریالیستی هەر بەردەوام بوو. راستە کۆمیتە بەهێزەکانی کرێکاران لە هەموو کارخانەیەك هاتنەکایەوە، بەڵام هێشتا هەموو کارخانەکان موڵکی سەرمایەداران بوو. راستە ملیۆنان جوتیار لەشوراکاندا رێکخرابوون، بەڵام هێشتا ئاغاکان یەك مەتری چوار گۆشەیان لە زەوییەکانیان لە دەست نەدابوو. رابەرانی شوراکان- مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان – پشتگیرییان لە حکومەتە بۆرژوازییەکە و سیاسەتەکانی دەکرد.

شۆڕشی شوبات دابڕانێك بوو لە رابردوو، بەڵام دابڕانێکی ناتەواو، ناکۆکی یەکان لە دامەزراوەکانی ئەو سەردەمە و هۆشیاری ملیۆنان خەڵك دەرکەوت.

شورای پترۆگراد دامەزراوەیەکی نوێی سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام لەلایەن بەڵشەفیکەکانەوە رابەرایەتی نەدەکرا و باڵی راست بەسەریدا زاڵبوو. بۆ ملیۆننان کەس کە تا دوێنێ لایەنگری قەیسەریزم بوون – نەمانی قەیسەریزم و وەرچەرخان بەرەو چەپ – هەروا سانا نەبوو یەکسەر رووبکەن بەڵشەفیزم و لەجیاتی بوونە لایەنگری راسترەوەکان- مەنشەفیزم و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، چەندین هەفتەو مانگی خەباتی درێژخایەنی پێویست بوو بۆ بەڵشەفیکەکان تا شوراکانی پترۆگراد و مۆسکۆ بەدەست بهێنن- کە ئەمەش لە ئەیلولی 1917 دا هاتەدی. ئێمە لێرەدا ئەو بوارەمان نییە جیاوازی رووداوەکان لەنێوان شوبات و تشرینی یەکەمدا بخەینەڕوو. بەڵام رێرەوی بەڵشەفیکەکان هەروا تەخت نەبوو، کاریگەری بەڵشەفیکەکان

لەسەر پترۆگراد روو لە زیادبوون بوو هەتا کۆتایی مانگی حوزەیران. لەسەرەتای مانگی تەمموزەوە درانە دواوە، پارت بە پراکتیکی نایاسایی کرا و چاپخانەکانی تێکشکێندران و لینین ناچارکرا روو بکاتە حەشارگە و ترۆتسکیش مانگی تەموز زیندانی کرا- هەروەك ترۆتسکی نووسیویەتی - مانگی بەدناوکردن بوو، بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی هستریایانە (لینین) یان وەکو سیخوڕێکی ئەڵمانی تاوانبار کرد. وەرچەرخان بەرەو راست بووە هۆی ئەوەی راسترەوەکان باوەڕیان بەخۆیان پتەوتر بێت. لە-27 30 ی ئابیشدا جەنەراڵ کۆرنیلۆڤی سەرکردەی روسیا کودەتایەکی بەرپاکرد. گەر بهاتایە سەربکەوتایە ئەوا وشەی فاشیزم وشەیەکی ئیتالی نەدەبوو، بەڵکو روسی دەبوو. لە زیندانەوە ترۆتسکی بەرگریکردنی لە پترۆگراد گرتبووە ئەستۆ لەبەرامبەر کۆرنیلۆڤ دا. شکستی کۆرنیلۆڤ بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرەوپێشچوونی بەڵشەفیزمی بە گوڕتر کرد. دوای چەند رۆژێك بەڵشەفیکەکان زۆرینەیان لە شوراکانی پترۆگراد و مۆسکۆ بەدەستهێنا و چەند هەفتەیەك دواتر شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەڵگیرسا.

شۆڕش کاری شەو و رۆژێك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە کرێکاران دەبێت لە بیروباوەڕە زاڵەکانی بۆرژوازی دابڕێن، بەڵام ئەم دابڕانە لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی. بۆ سەردەمانێك هۆشیارییەکی ناکۆك لەنێو کرێکاراندا سەرهەڵدەدات. گومانی تێدا نییە دروشمی (زەوی، نان، ئاشتی - هەموو دەسەڵاتیك بۆ شوراکان) کە لە لایەن بەڵشەفیکەکانەوە

بەرز کرابووەوە دروشمێکی جیگیربوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەڕوی جوتیاران دەبێتەوە و داوای زەوی دەکەن، رووبەڕوی ملیۆنان برسی دەبێتەوە و پێویستییان بە نانە. رووبەڕوی ملیۆنان دەبێتەوە، کە گیرۆدەی جەنگ بوون، بەڵام بۆ سەردەمانێکیش کرێکاران دەیان وتەوە کە (باشە گومانی تێدا نییە ئێمە زەویمان دەوێت و دەبێت چاوەڕێی کۆتاییهاتنی جەنگ بین و پەرلەمان یاسایەك دەربکات و زەویمان بداتێ). گومانی تیا نییە ئاشتیمان دەوێت، بەڵام با لە سەرکەوتوانی جەنگ ئەو کاتە ئاشتی بە دەستدەهێنن.

پارتی بەڵشەفیك لە ئازاری 1917دا 23 هەزار ئەندامی هەبوو، لایەنگرانیشی بەڕێژەی 2 ٪ لە شوراکاندا و لێرەشەوە خاڵێکی دەست پێکردنی بەهێزیان هەبوو بۆ ئەوەی رووەو سەرکەوتن بەرەو پێشەوەبچن.

بۆ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا ئەڵتەرناتیڤە چەپڕەوەکە لە رووی ژمارەوە بچووك بوو، سەرجەم ژمارەی ترۆتسکییەکان لە فەرەنسا لە ئایاری 1968دا 400 هەزار کەس بوو. ژمارەی ماوییەکان هەروابوو. ئەوە زۆر لەوە کەمتر بوو کە بتوانن بەرەنگاری ستالینییەکانی پێ بکەن. ئەگەر ترۆتسکییەکان دەیان هەزار ئەندامیان هەبوایە ئەوا دەیانتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر لە خۆپیشاندانی 13 ی ئایاردا قسە بۆ یەك ملیۆن کرێکار و خوێندکار بکەن و پێیان بڵێن دەست لەناودەستی یەك بنێن تا ئەو تەوقە بشکێنن کە بیست هەزار

پاسەوان دروستیانکردبوو. دەستپێشخەری لە دەست خۆیاندا بێت. دەیانتوانی قسە لەسەر هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی مانگرتن بکەن بۆئەوەی جێگەی کۆمیتەی پاشکۆ بگرێتەوە. دەیانتوانی پەیوەندی لە نێوان کارخانەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی بیروکراسی کە توانایاندا نەبێت سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) بە کاربهێنێت و بۆ ئەوەی باس لە کۆتاییهێنانی مانگرتنەکە بکات.

## رووداوەکان لە پێشوازی ئایاری 1968

تەقینەی جەماوەری لە داهاتوودا کارێکی لە چارەنەهاتوو. گومانیشی تیدا نییە کە کەس ناتوانێت بە وردی پێشبینی ئەوە بکات کەی ئەمە روودەدات، سەرباری هەموو شتێك - سێ هەفتەبەر لە شۆڕشی شوبات - لینین قسەی بۆ کۆمەڵێك سۆسیالیستی گەنج لە سویسرا دەکرد و وەسف و شیکردنەوەی بۆ شۆڕشی 1905 بەوە کۆتاییهێنا کە لەوانەیە ئەو گەنجانە شۆڕشی روسیا ببینن، بەڵام نەوەی کۆن کە ئەویش یەکێك بوو لێی ئەمە نابینن، چەند رۆژێك بەر لە شۆڕش (لە7 ی شوباتدا) لینین بەمشێوەیە بۆ هاورێکەی (ئەنیسا ئارمەند) دەنووسێت: (دوێنی کۆبوونەوەیەك هەبوو (کۆبوونەوەکە شەکەتی کردم، باری تەندروستیم باش نەبوو، سەرم دەهێشا و پێش تەواو بوون، کۆبوونەوەکەم جێهێشت) ئەگەر بیزانیایە دواى چەند رۆژێکی تر شۆڕش دەست

پێدەکات، هەرگیز بەمشێوەیە نیگەرانی خۆی دەرنەدەبڕی.

خاڵی وەرچەرخانە گەورەکان هەرگیز پێشبینی ناکرێت، لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ مێژوو لەسەرخۆ رێیدەکرد، لە10 یان 20 ساڵدا تەنها گۆڕانێکی زۆر بچووك روویدەدا...لە پڕێکدا، لە رۆژێك یان هەفتەیەکدا گۆڕانی گەورەی وا روودەدات کە چەندین نەوە بەخۆیانەوە نەدیووە.

ناکۆکییەکانی ناو سەرمایەداری ئەمڕۆ زۆر لەوانەی ساڵی 1968 توندترە. ساڵی 1968 گەیشتە کۆتایی درێژترین تەقینەوە لە مێژووی سەرمایەداریدا. لە 1973 بە دواوە داکشانێك بە دوای ئەوی تردا دێت. ناجێگیری سەرمایەداری لە هەموو کاتێك زیاترە. چەوسانەوە و دڵنیا نەبوونی کرێکاران، رۆژ بەڕۆژ روو لە زیادبوونە. تەقینەوەی زۆر گەورە مەحاڵە روودەدات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم تەقینەوانە بە سەرکەوتنێکی پرۆلیتاریانە کۆتایی بێت، پێویستی بوونی پارتێکی شۆڕشگێر لە گشت کاتێك زیاترە. سەرجەم کردارە خۆبەخۆییەکانی کرێکاران وەکو هەڵم وایە و پارتی شۆڕشگێریش وەك پستونێکە. پستون بەتەنها شتیکی بێکەڵکە. هەڵمیش بە تەنها پەرشوبڵاو دەبێتەوە و بێ ئەنجام دەکەوێتەوە. بۆ سەرکەوتنێکی پرۆلیتاریانە مەسەلەی رابەرایەتی زۆر گرنگە....بۆیە ئایاری 1968 دەبێت هەم ئیلهام بەخش و هەم ئاگادارکردنەوە بێت.

# بەندی دەیەم

## شۆڕشی روسیا

له 23 ی شوباتی 1917 ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە دەستی پێکرد. ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕش بوو. رۆژی دوایی 200 هەزار کرێکار له پترۆگراد مانیانگرتن، 25 ی شوبات مانگرتنی گشتی سەرتاسەری شاری گرتەوە و چەند کەسێك لە مانگرتووان بە دەستی سوپا کوژران. دوو رۆژ دواتر، هێزی پاسەوانان یاخی بوون، سەربازەکان فەرمانی تەقەکردنیان لە خۆپیشاندەران رەتکردەوە و تا کار بەوە گەیشت یەکێ لەو ئەفسەرانەی فەرمانی تەقەکردنی دەرکرد لە لایەن سەربازێکەوە کوژرا. قەیسەر دەستی لە کارکێشایەوە، لەمە سەیر تر ئەوەبوو رۆژێك بەر لە دەست لە کارکێشانەوەی قەیسەر، ئەنجومەنی (شورای) نوێنەرانی کرێکاران دروستکرا. بیرەوەری ئەنجومەنەکەی ساڵی 1905 ئەم رووداوەی بە گوڕتر کرد، هەموو شوێنەکانی کار نوێنەری خۆیان نارد بۆ ئەنجومەن.

شۆڕش بە تەواوی خۆڕسك و بێ پلان بوو، هەروەکو لیۆن ترۆتسکی نوسیویەتی: “ هیچ کەسێك نەبوو بە شێوەیەکی ئەرێنی بە بیریدا بێت کە 2 3 ی شوبات خاڵی دەستپێکردنی وەرچەرخان پێکدێنێت دژی حوکمی رەها.»

سۆخانۆڤ گەواهیدەری هەڵکەوتووی شۆڕش دەڵێت “ هیچ حیزبێك نەبوو خۆی بۆ ئەم راپەرینە ئامادە بکات” بە هەمانشێوەش یەکێ لە بەڕێوەبەرە کۆنەکانی ئۆکهارنە

okharanaکە دەزگای پۆلیسی نهێنی قەیسەری بوو، ئەوەی ڕاگەیاند کە شۆڕش "بە تەواوی دیاردەیەکی خۆڕسك بوو، بەرهەمی ڕەنجی هیچ حیزبێك نەبوو؛.

ملیۆنەها کەس بۆ یەکەمجار هاتنە ناو ژیانی سیاسییەوە. دەرکەوتنی حیزبی بەڵشەفیك زۆر لاوەکی بوو، دوای شۆڕش تەنها32 هەزار ئەندامی هەبوو، تەنها لە 25ی شوباتدا بوو کە بۆ یەکەمجار بەڵشەفیکەکان بە یاننامەی مانگرتنی گشتییان بڵاوکردەوە. ئەمەش دوای ئەوەی 200هەزار کرێکار هەموو ئامرازەکانی تزاریان تێکشکاند. بەڵشەفیکەکان لەو هەڵبژاردنانەی بۆ ئەنجومەن ئەنجامدرا کەمایەتیەکی بچووکیان بە دەستهێنا، لە 500 تا 160 نوێنەر تەنها 40 ی هی ئەوان بوو، یانی%2,5 ی نوێنەران بەڵشەفیك بوون.

## دەسەڵاتی دوو لایەنە

شانبەشانی حکومەتی پیشەیی کە لە لایەن شازادە لڤۆڤ (Prince Lvov)ەوە ڕابەرایەتی دەکرا، حکومەتی شوراکانیش هەبوو. بە مەش دەسەڵاتێکی دوولایەنە هەبوو. ئەمەش بارودۆخێکە کە قەت ناکرێت تاسەر بەردەوام بێت و یەکێ لەو دوو حکومەتە دەبێت شوێن بۆ ئەوی تریان چۆڵبکات. لە دەست پێکردنی کاردا ئەنجومەن پشتگیری لە حکومەتی لڤۆڤ کرد و لە خولی 2ی ئازاری ئەنجومەنیشدا، بڕیارێك دەرکرا بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتی

پیشەیی – یانی بۆرژوازی. تەنها 15نوێنەر لە دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە، کە ئەمە مانای ئەوەیە سەرجەم 40 ئەندامە بەڵشەفیکەکانیش دژی نەبوون. فشاری زۆری ئەو 1600 نوێنەرە وای لە بەڵشەفیك کرد بەناو خۆیدا بشکێتەوە، ئەو حیزبانەی لە ئەنجومەندا زاڵبوون، مەنشەفیکەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان شوێنێکی تێکدەرانەیان Muddleهەبوو. لایەنگیری شوراکان بوون و لە هەمانکاتیشدا پشتگیرییان لە حکومەتی پیشەیی بۆرژوازی دەکرد، ئاشتیان دەویست، بەڵام پشتگیریی جەنگیان دەکرد، هاوسۆزی داواکانی جوتیاران بوون بۆ بە دەستهێنانی زەوی، بەڵام پشتگیرییان لەو حکومەتە دەکرد کە وتەبێژی ئاغاکان بوو.

بەڵام شۆڕش ڕێگە بە شێوازە مامناوەندییە خۆ گونجێنەرەکان نادات. ژیان هەموو مەسەلەیەك لە قاڵبی گونجاوی خۆیدا دادەنێت.

تەنانەت خودی رابەرانی بەڵشەفیکیش لە رووسیا بە تەواوی سەریان لێشێوابوو. لە 3ی ئازاردا کۆمیتەی پترۆگرادی حزبی بەڵشەفیك بڕیارێکی دەرکرد بەوەی لە بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەتی پیشەییدا ناوەستنەوە گەربێتوو چالاکییەکانی لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و مەسەلە دیموکراتیەکانی خەڵکدا بێتەوە. دەستەواژەی Postolka / Posilkلە بڕیاری کۆمیتەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی پترۆگرادیشدا لە پەیوەندی بە حکومەتی پیشەییەوە

دەرکەوت و بووە شێوازێك بۆ ئاماژەکردن بۆ سیاسەتێك کە پشتگیری لە حکومەتی پیشەیی دەکرد.

لە سویسرا، لینین زۆر تووڕە بوو کاتێك کۆپییەکی لەو پراڤدایە بە دەست گەیشت کە بڕیاری بەڵشەفیکەکانی تیابوو بۆ پشتگیری مەرجداری حکومەت (بە مەرجێك خەبات بکات دژی کۆنەپەرستی و شۆڕشی چەواشە) ئەوانە ئەوەیان لە بیر کردبوو کە سەرچاوەی هەرە گرنگی دژە شۆڕش لەوکاتەدا هەر ئەم حکومەتە پیشەییە.

لینین دووبارە حیزب چەکدار دەکاتەوە

لە 3ی نیسانی 1917 لینین گەڕایەوە پترۆگراد، لەم کاتەدا لینین گەیشتە وێستگەی فینلەندا، حزبی بەڵشەفیك پشتگیری لە شۆڕشی سەرکەوتووی شوبات دەکرد. لینین بەمە ناڕازی بوو و دروشمی " نان، ئاشتی، زەوی " و " هەموو دەسەڵاتێك بۆ شوراکان " ی بەرزکردەوە.

گومانی تێدا نییە شۆڕشگێڕەکان دەیانەوێت کار بکەنەسەر جەماوەر، بەڵام مەسەلەکە تەنها یەك ئاڕاستەی نییە.

بۆچوونی زۆرینەی جەماوەریش کاردەکاتە سەر شۆڕشگێڕەکان. چەند رۆژێك دواتر لینین لە گەڵ کۆمیتەی پترۆگرادی حزبی بەڵشەفیك کۆبووە لە بارەی (بابەتەکانی نیسان)ی خۆیەوە لە گەڵیان دوا، لەو 16 ئەندامەی کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون تەنها دوو ئەندام لایەنگرییان لە لینین کرد 13ئەندام دژی دەنگیان دا و ئەندامێکیش دەنگی نەدا.

سەرباری ئەم دەستپێکردنە مژدە نەبەخشە، لینین توانی ڕێژەیەکی گەورە لە ئەندامانی حزب بە لای هەڵوێستەکەیدا رابکێشێت بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ماوەیەکی کورتدا. ئەمەش بە هۆی پەیگیری لینین و ئەزموونی رۆژانەی ملیۆنان کەسەوە بوو. جەنگ بەردەوامی بوو، هەزاران گیانیان لە دەستدا و ئاغاکان بە شێوەیەکی دڕندانە بەردەوام بوون لەسەر چەوساندنەوەی جوتیاران، سەرمایەداران لە ژیانێکی خۆشدا دەژیان، لە کاتێکدا کرێکاران بە دەست نەدارییەوە دەیان ناڵاند، نزیکەی کانگێکی پێچوو تا لینین توانی حزب بە لای خۆیدا رابکێشێت.

بۆبردنەوەی لایەنگری شوراکانیش، لینین کاتێکی زۆری پێویستبوو. لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا بەڵشەفیکەکان زۆرینەیان لە شورای پترۆگراددا بە دەستهێنا و ترۆتسکی بوو بە سەرۆك، لە هەمانکاتدا شورای مۆسکۆیان بردەوە و کامینیڤی بەڵشەفیك بوو بە سەرۆکی. لێرەوە تەنها چەند هەنگاوێك مابوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە کاتێکدا شۆڕشی شوبات خۆبەخۆیی بوو، بەڵام ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر پلان بۆ داڕێژراو بوو.

لە 10ی ئۆکتۆبەر کۆمیتەی ناوەندی حیزبی بەڵشەفیك بانگەوازی یاخیبوونێکی چەکدارانەی دەرکرد، سێ رۆژ دواتر بەشی سەربازی ئەنجومەنی پترۆگراد دەنگیدا بە گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتە سەربازییەکان لە ئەفسەرەکانەوە بۆ

کۆمیتەیەکی شۆڕشگێری سەربازی کە لە لایەن  ترۆتسکییەوە رابەرایەتی دەکرا.

لە 16ی ئۆکتۆبەردا لە پلینیۆمێکی فراواندا کە کۆمیتەی ناوەندی لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی پترۆگراد، رێکخراوی سەربازی، چەند ئەندامێك لە شورای پترۆگراد، سەندیکاکان، کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەی ناوچەی پترۆگراد و کرێکارانی هێڵی ئاسنی تیایدا بەشداربوون، بڕیاری ئەو یاخی بوونەیان پەسەند کرد.

لە  20ی ئۆکتۆبەر دا، کۆمیتەی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ بە کردەوە خۆیان بۆ یاخی بوونەکە ئامادە کرد.

لە 25 ئۆکتۆبەردا یاخی بوونەکە دەستی پێکرد. ترۆتسکی بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە ئەم کارەی رێکخست، هەروەك چۆن دواتر سەرکردایەتی سوپای سووری کرد بۆ سەرکەوتن لە شەڕی ناوخۆدا.

لەبەر ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر بە رێکوپێکی نەخشەی بۆ کێشراو و جێبەجێکرا، خوێنێکی زۆر گەرێندرایەوە. لە شۆڕشی شوباتدا خەڵکێکی زۆرتر گیانیان لە دەستدا. دوا بە دوای شۆڕش و لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا سەدان هەزار کەس گیانیان لە دەستدا، بەڵام ئەمە بە هۆی کردارەکانی حکومەتی شوراییەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئەو داگیرکارییەوە بوو کە لە لایەن نزیکەی 16 سوپای بیانییەوە ئەنجامدرابوو. گەر یەکێ رەخنە لەم کارەی بەڵشەفیکەکان

بگرێت وەك ئەوە وایە سەرکۆنەی یەکێك بکەیت کە لە بەرامبەر پیاو کوژێکدا بەرگری لە خۆی بکات و توندو تیژی بە ناچاری بە کاربهێنێت.

## شۆڕشێکی سەرکەوتوو

بە درێژایی سەدەی بیستەم چەندین شۆڕش بەرپابوون، بەڵام لەناو هەموویاندا تەنها شۆڕشی 1917 ی روسیا بە سەرکەوتن کۆتاییهات، ئەو شۆڕشانە ناتەواو بوون کە پێشبینییەکەی (سان جەست)یان دووپات دەکردەوە کە لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا وتبووی: (ئەوانەی شۆڕشی ناتەواو بەرپا دەکەن بە دەستی خۆیان گۆڕی خۆیان هەڵدەکەنن).

شۆڕشی 1917ی روسیا تاکە شۆڕشی جیاوازبوو لەو شۆڕشە ناتەواوانە، حزبی بەلشەفیك رۆڵێکی ئەفسانەیی نواند لە تەواوکردنی شۆڕشی روسیا.

جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکست، لە نێوان روسیای ئۆکتۆبەری 1917و شۆڕشە کرێکارییەکانیتر لە وەدابوو کە لە یەکەمدا حزبێکی شۆڕشگێری جەماوەری رابەرایەتییەکی کاریگەری هێنابووە ئاراوە. لە کاتێکدا سۆسیالیستەکان نەیاندەتوانی ئەوساتە دیاری بکەن کە قەیرانە شۆڕش ئامێزەکان تیادا دەست پێدەکات. تەنها لە رووی دیاریکردنی کرداری لاوەکییەوە کارامە بوون، کە بە پلەیەکی کەم یارمەتی بنیادنانی حزبێکی شۆڕشگێریی دەدات. ئەوە چینی کرێکارە

کە شۆرش بەرپا دەکات نەك حزب، بەڵام حزب رێگە بە چینی کرێکار نیشاندەدات. ترۆتسکی لەمبارەیەوە نووسیویەتی: " بەبێ رێنمایی رێکخراوێك وزەی جەماوەر بە با دەچێت، هەروەك ئەو هەڵمەی کە لە لولەی پستوندا جێگیر نابێت، بەڵام راستییەکەی ئەو شتەی تەنەکان دەبزوێنێت نە خوی پستۆنەکەیە و نە لولەکەیەتی، بەڵکو هەڵمەکەیە ".

زەوی ئاغاکان بە سەر جوتیاران دابەشکران، کارخانەکانیش بوون بە موڵکی حکومەت و لە ژێر کۆنترۆڵی کرێکاران بەڕێوەدەبران، میللەتە چەوساوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان مسۆگەر بوو، روسیاش کە زیندانێك بوو بۆ نەتەوەکان، بووە فیدراسیۆنێك بۆ گەلە ئازاد و یەکسانەکان.

بۆ چەندین سەدە سیاسەتی دژە سامیەت لە روسیای تزاریدا بەرپا دەکرا. ساڵی 1881، Pogromso دژ بە جولەکەکان هاتەکایەوە، جولەکە رێیان پێنەدەدرا لە هەردوو پایتەختەکە – واتە مۆسکۆ و سان پترۆگراددا بەبێ مۆڵەتێکی تایبەتی بژین، ئێستا سەرۆکی شورای پیترۆگراد جولەکەیە (ترۆتسکی). هەروەها سەرۆکی شورای مۆسکۆش هەر جولەکەیە (کامینیڤ). هەروەها سەرۆکی کۆماری شوراکانیش کە (سڤیردلۆڤ)ە ئەویش هەر جولەکەیە. کاتێکیش ترۆتسکی کرایە رابەری سوپای سوور بۆ سەرۆکایەتی شورای پترۆگراد، جولەکەیەکی تر جێگای گرتەوە (زینۆڤیف).

شۆڕش فێستیڤاڵی چەوساوەکان بوو، ساڵی 1917 لەو

مانگەی شۆڕش تێیدا بەرپابوو، ئەناتۆڵی لۆناچارسکی کە وتەبێژێکی هۆشمەند بوو، کۆبوونەوەیەکی 30-40 هەزار کەسی گرت و تیایدا لە ماوەی 2-3 کاتژمێر باسی لە بابەتەکانی شکسپیر و درامای یۆنانی و هتد کرد. دانیشتوانی لەندەن چوار ئەوەندەی ئەو کاتەی پیترۆگراد بوون و کرێکارانی بەریتانیا لەوانەی ڕووسیا خوێندەوار تر بوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی ئەوە ناکرێت لەم جۆرە کۆبوونەوەیە لە لەندەن دا بگیرێت.

حکومەتی شورایی پێشکەوتووترین یاسای بۆ رزگارکردنی ژنان لە جیهاندا دانا؟ مافی جیابوونەوە لە هەر کاتێکدا یەکێك لە هەردوو هاوسەر بیانەوێت، ئازادی لە باربردن (کە ئەمە یەکەمجار بوو لە جیهاندا). نانخۆرگەی گشتی بۆ ئازادکردنی ژنان لە چێشتخانە، دایانگەی گشتی بۆ پەروەردەکردنی منالان. هەوەها هەموو ئەو یاسایانەی دژی پەیوەندی ئازادبوون لە نێوبران.

## شۆڕشی روسیا نەبووە هۆی سەرهەڵدانی ستالینیزم و کۆلاك

نەیارانی شۆڕش پێیانوایە کە شۆڕشی روسیا بۆتە هۆیەك بۆ سەرهەڵدانی ستالینیزم و کۆلاك. بە داخەوە ئەم بۆچوونە لای زۆرینەی خەڵکیش هەروایە و زۆر لەو قسەیە دەچێت کە بڵێیت: ئەو بۆمبا ئەتۆمیەی لە هیرۆشیما درا، بەرهەمی

ئێستای کێشکردنی نیوتنە. چونکە ئەگەر یاسای کێشکردن نەبوایە، ئەو بۆمبە لە فڕۆکە بەرنەئەدرایە خوارەوە. کلیلی تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی ستالین لەو سروشتە نێونەتەوەییە کە شۆڕشی روسیا هەی بوو.

شۆڕشی روسیا بەشێك بووە لە شۆڕشی جیهانی و ناتوانرێت بە جیا لە فاکتەرە نێونەتەوەییەکان باس بکرێت. چینی کرێکاری پیشەسازی زۆر بچووك بوو؟ ژمارەی کرێکاران لە کارخانە و هێڵی ئاسنی و کانەکاندا تەنها 3ملیۆن دەبوو لەو 160ملیۆنەی کە دانیشتوانی روسیای پێکدەهێنا داهاتی پیشەسازی روسیا لە ساڵی 1917لە داهاتی بەلجیکا زیاتر نەبوو، بەڵام چینی کرێکار زیاتر لە یەکەی گەورەدا چڕببوونەوە. لەبەر ئەوە - بۆ نموونە 40هەزار کرێکار لە کارخانەی ئەندازەیی پوتیلۆڤ دا بوون کە گەورەترین کارخانەی جیهانی ئەو کاتە بوو. ئەمەش بەرهەمی پێشکەوتنی پلە بە پلەی رێکخراوی ئابوری ڕووسیا نەبوو، بەڵکو بە گشتی ئەنجامی وەبەرهێنانی سەرمایەی بیانی بوو لە روسیا.

ئاواتەخوازی چینی کرێکاری روسیاش بۆخۆی بە هەلومەرجە نێونەتەوەییەکان دیاری دەکرا. لە بەریتانیا دوو سەدەی ویست تا کرێکاران لە کارخانەدا ویستی هەشت سەعات کار لە رۆژێکدا بەرزبکەنەوە، لە روسیا ئەمە داواکاری سەرۆکی کرێکاران بوو لە شۆڕشی1905دا. هەروەها مارکسیزم خۆشی بەرهەمێکی ناوخۆی روسیا نەبوو. نە (ئادەم

سمیس)ێکی روسی هەبوو تا (دیڤید ریکاردۆ)ێکی روسی بە دوادا بێت و نە (کارل مارکس)ێکی روسیش بە دوای ئەواندا بێت. مارکسیزم بە ئامادەکراوی هاتە ناو ژیانی فکری – سیاسی روسیاوە. بەرگی یەکەمی (سەرمایە)، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1867دا بڵاوکرایەوە دوای شەش ساڵ بە روسی بە چاپ گەیەنرا. روسیش یەکەم زمان بوو کە (سەرمایە) ی پێوەردەگیرێت. لە کۆتاییشدا دوایین بزوێنەر بۆ شۆڕشی روسیا هەر لە دەرەوە دەهات – بە واتای زەبری هێزەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر سوپای روسی.

لینین و ترۆتسکی پەیتا پەیتا ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە ئەگەر شۆڕش بڵاونەبێتەوە چارەنوسی شۆڕشی روسیا لەناوچوونە. لەسەروی هەمووشیانەوە ئەگەر شۆڕشی ئەڵمانیا نەیەت بە هانایانەوە.

ستالین میراتگری شۆڕشی روسیا نەبووە، بەڵکو گۆڕهەڵکەنەکەیەتی. لە راستیدا ئەوەبوو سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەڵشەفیکی لەناوبرد، ئەوانەی دوای شۆڕش و جەنگی ناوخۆ بە زیندویی مابوونەوە. باوکی ستالینیزم لینین نەبووە، بەڵکو نوسکە Noske ئەو رابەری باڵی راستی سۆسیال دیموکراتەکانە کە راستەوخۆ دەستی هەبووە لە تیرۆرکردنی رۆزا لۆکسۆمبۆرگ و کارل لیبکنێخت، هەروەها تیرۆرکردنی شۆڕشی ئەڵمانیا.

بە شێوەیەکی تراژیدیانە، شۆڕشی ئەڵمانیا زۆر

کەمتر ڕێکخراو و پێشکەوتووتر بوو لەوەی روسیا. من چاوپێکەوتنێکم لە یادە لەگەڵ هاینریش براندلەری Heinrich Brandlerرابەری حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لەدوای تیرۆری رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، پرسیارم لێکرد دۆخی ڕێکخراوەکەی رۆزا لۆکسۆمبۆرگ لەساڵی 1918دا چۆن بووە؟ ئەو وتی: چوار سەد ئەندامی هەبووە کە زۆرینەی مارکسی نەبوون، بەڵکو پاسیڤیست بوون (بەپێی قسەی ئەو). بەراوردی ئەمە بکە لە گەڵ بەڵشەفیکەکاندا، کە دوای ساڵی 1903، وەکو حزبێك دەرکەوتن، لە ساڵی 1917دا ژمارەی ئەندامی گەیشتە 23,600 . لە وڵاتێکدا کە چینی کرێکار تیایدا زۆر بچووکترە بە بەراورد لەگەل ئەڵمانیادا.

لە رووباردا ئاو بە پاکی دەمێنێتەوە، لە ئاوێکی مەنگیشدا خۆڵ و خاشاك سەرئاو دەکەوێت، دابڕانی شۆڕشی روسیا بووە هۆی ئەوەی کە خەوشی بیروکراتیەت بێتە سەرەوە. کاتێکیش ستالین کەوتە پێش برکێ لەگەڵ ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بە ناچاری کەوتە لاساییکردنەوەیان. گەر ئەڵمانیا نازی دەزگایەکی پیشەسازی سەربازی هەبێت ستالینیش پێویستی بە هەمانشتە، بۆئەوەی ئەمەش بە خێرایی بێتەدی، تاکە ڕێگەیەك ئەوەبوو بە شێوەیەکی دڕندانە کرێکاران و جوتیارانی روسیا بچەوسێنرێتەوە. روسیای ستالینی بەرە بەرە دەبووە هاوشێوەی ئەڵمانیای نازی و رژێمەکەی بوو بە سەرمایەدارێکی دەوڵەتی.

# بەندی یانزەیەم

## کاپیتالیزم و ملیتاریزم

وڵاتێکی وەکو تورکیا نیوەی داهاتی حکومەتەکەی لە کاروباری سوپادا خەرج دەکات، بەمەش بۆتە گەورەترین هێزی ناوچەکە. ئەم رۆژانە هەرچەندە حکومەت سەرقاڵی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و سیاسەتەکانی بە تایبەتکردنە، بەڵام بڕێ پارەی زۆریش لە کڕینی تانك و هەلی کۆپتەردا خەرج دەکات.

لەم دوو هەفتەیەی دواییدا خەرجی سوپا هەتا لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانیشدا بوو بە بابەتی گفتوگۆ. یەکێ لەو نوسەرانەی کە ستوونێکی هەمیشەیی هەیە لە رۆژنامەکەیدا دەنووسێت؛ بۆ هەر هاوڵاتییەکی تورکی لەتێك حەبی ئەسپرین هەیە، کە ئەمە هەرزانترین دەرمانە بۆ چارەسەری سەر ئێشە لە بەرامبەردا 3 نارنجۆکی بەردەکەوێت. (بۆ هەر 10 هەزار کەس مەڵبەندێکی تەندروستی هەیە) کەچی دوو تانکییان بەردەکەوێت...، سوپای تورکیا دوای وڵاتە یەکگرتووەکان گەورەترین بەشی ناتۆیە، هەرچەند داهاتی نەتەوایەتی تورکیا زۆر لەوەی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا یاخود ئیتالیا کەمترە.

## رۆڵی گۆڕینی بەشی ئابوری سوپایی

لەسەردەمە جیاوازەکانی سەرمایەداریدا، پیشەسازی جەنگ رۆڵی جیاجیای بینیوە. کاتێك سەرمایەداری لاو پێشکەوتنخواز بوو، سوپا رۆڵێکی پلە دووی دەبینی، بەڵام

شانبەشانی چوونی سەرمایەداری بەرەو هەڵدێر، شتەکانیش گۆڕاوە. ساڵی 1922 بێکاری لە ئەڵمانیا گەیشتە 8 ملیۆن. دوای چەند ساڵێك بە هۆی یاسای فریاکەوتنی نازیەکانەوە، بێکاری نەما، هەمانشت لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و وڵاتە سەرمایەدارەکانیتر روویدا.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و شەڕی سارد ئاستی ئامادەباشی سوپاکان زۆر لە ساڵانی بیستەکان و سەرەتای سییەکان بەرزتر بوو، بەڵام نزمتربوو لە چاو ساڵانی جەنگەوە. ئەمە ئەو بابەتەیە کە لە کاتی خۆیدا پێماندەوت، ئابوری جەنگی بەردەوام. ئەوەش ژمارەی چوونە سەرکاری راگرت لەوێ، بەڵام پڕیش بوو لە ناکۆکی، ساڵی 1956 لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ئابوری جەنگی بەردەوام) ئەو ناکۆکییانەم شیکردەوە. خەرجکردنی پارە لەبواری سوپادا کاری زۆر دەستەبەر دەکات، بەڵام دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی بارودۆخێك کە لەگەڵیدا ئەو وڵاتانەی خەرجێکی زۆر لە بواری جەنگدا دەکەن، توانای دابینکردنی داهاتی پێویست بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئامڕازەکانی پیشەسازی لە دەستدەدەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کەمترین خەرج دەکەن لەبواری بەرگریدا. ئەمەش لە دەیەی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا بە روونی دەرکەوت. جەنگی سارد و پارە خەرجکردن لەبوار سوپادا هەلی کارکردنی زۆرتر کرد، بەڵام وڵاتانی وەکو یابان و ئەڵمانیای رۆژئاوا کە پارەیەکی زۆر

کەمیان لە بوارەکانی بەرگری دا خەرج دەکرد، ئەوپەڕی بە توانایی خۆیان نیشاندا لە بەرهەمهێنانەوەی ئامرازەکانی پیشەسازیدا کە زۆر زیاتربوو لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا. ئەڵمانیای رۆژئاوا و یابان لە بواری دروستکردنی ئوتومبێل و کەلوپەلی ئەلەکترۆنی و بابەتەکانی تری ئابوری، گرەوی خۆیان بردەوە. داڕووخانی دۆلار  کە هاوشان بوو لەگەڵ بەرزبوونەوەی سەرسوڕهێنەری نرخی نەوت لە ساڵی 1973 دا، وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیای ناچارکرد بودجەی سەربازی بە رادەیەکی زۆر کاریگەر کەم بکەنەوە.

هیچ پەیوەندیەکی سادە لە نێوان کاپیتالیزم و ملیتاریزم دا نییە:

راستە ملیتاریزم خزمەت بە کاپیتالیزم دەکات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێیت جەنەراڵەکان هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیان نییە تا هەوڵبدەن بۆ سەپاندنی بە سەر کۆمەڵگەدا. ئەگەر سەرمایەدارێك لە پێناوی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی چەکدارێك بە کرێ بگرێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە چەکدارەکە هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی نییە، تا هەوڵی سەپاندنی بدات بەسەر سەرمایەدارەکەدا.

ئابوری ژێرخانە و سوپا و سیاسەتیش سەرخانن، بەڵام سەرخان کاریگەریی هەیە بەسەر ژێرخاندا. جەنەراڵەکانی تورکیا دەجەنگن لەپێناوی هێشتنەوەی سوپا بۆ ئەو ژمارە

زۆرە و بە پێچەوانەی ویستی بەشی زۆری سەرمایەداران کە ئارەزویان بەمشتە نییە. کاتێك بوومەلەرزە بەشی باکوری رۆژئاوای هەژاند، سوپا بە پەلە لەشوێنی رووداوەکەدا بڵاوبۆوە- نەك بە کوین و بلدۆزەرەوە، بۆ لابردنی پاشماوەکان و ڕزگارکردنی گیانی ئەو خەڵکانەی بە زیندوویی لە ژێر پەردوەکاندا ماونەتەوە، نەخێر ئەوان بە پەلە هاتن تا یاساو نەزم لە رێگەی هێنانی تفەنگ و تانکەوە بپارێزن، جەنەراڵەکان نەخشەی خۆیان هەیە لە بەرامبەر چینی کرێکار و تورکیا و میللەتە چەوساوەکاندا. ئەوان هەوڵدەدەن ویستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

# بەندی دوانزەیەم

## شۆڕشی دیموکراتی یان شۆڕشی سۆسیالیستی؟

له گشت ئه‌و وڵاتانه‌دا که دیموکراسی سیاسی تێدا نییه- واته له‌ڕێی سیستمێکی شاهانه‌ی ره‌ها، سوپا، فاشیزم یان ده‌سه‌ڵاتێکی ئیمپریالیزمی بێگانه‌وه حوکمڕانی ده‌کرێت- مه‌سه‌له‌ی بوونی دیمکراسی پێویستییه‌کی ئاشکرایه. ئێمه‌ش، سۆسیالیسته شۆڕشگێڕه‌کان، بێوچان تێده‌کۆشن بۆ هێنانه‌دی: هه‌ڵبژاردنێکی ئازادانه‌ی حکومه‌ته نیشتمانی و ناوخۆییه‌کان، ئازادی رۆژنامه‌گه‌ری، کۆبوونه‌وه و رێکخراوبوون و مافی چاره‌ی خۆنوسینی نیشتمانی، به‌ڵام بۆ ئێمه ئه‌وه‌نده به‌س نییه.

پێش هه‌موو شتێك، نایه‌کسانی، چه‌وساندنه‌وه و سته‌مکاری وه‌ك راستییه‌ك ده‌مێنێته‌وه تا سه‌روه‌ت و سامان له مشتی که‌مایه‌تییه‌کی بچوکی سه‌رمایه‌داران دابێت. به بێ بوونی خاوه‌ندارێتییه‌کی گشتی بۆ ئامرازه‌کانی به‌رهه‌مهێنان، نه‌ك ته‌نها نایه‌کسانییه‌کانی نێوان هه‌ژار و ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌مێنێته‌وه، به‌ڵکو به هۆی پێشبڕکێی نێوان کرێکاران بۆ به ده‌ستهێنانی کارو ماڵ و هه‌له‌کانی رۆشنبیربوون، نایه‌کسانی له نێو خودی چینی کرێکاریشدا ده‌مێنێته‌وه. ئه‌مانه‌ش زه‌مینه‌یه‌کن بۆ سه‌رهه‌ڵدانی راسیزم و سێکسیزم.

له‌گه‌ڵ کۆنترۆڵکردنی به‌رده‌وامی سه‌روه‌ت و سامانی کۆمه‌ڵگه له لایه‌ن سه‌رمایه‌دارانه‌وه، دیموکراسی سیاسیش له مه‌ترسیدا ده‌بێت، ده‌سته‌یه‌ك له سه‌رمایه‌داران نه‌ك ته‌نها خاوه‌نی ئامرازه بابه‌تییه‌کانی به‌رهه‌مهێنانن، به‌ڵکو خاوه‌نی

ئامرازە ئەقڵانییەکانی بەرهەمهێنانیشن- ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری پڕوپاگەندە، هەروەها لە لایەن ماشێنی دەوڵەتی سەرمایەداریشەوە پشتیوانی دەکرێن- سوپا و پۆلیس و دادوەران، بەردەوام دەبن لە پشتیوانی کردنی چینی سەرمایەدار.

تەنها ئەو کاتەی چینی کرێکار دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرێتە دەست، مافە دیموکراسییەکان مسۆگەر دەبن.

لە نۆڤێمبەری ساڵی 1918، شۆڕش لە ئەڵمانیا کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسەر و کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهانی هێنا. بە داخەوە خاوەن کارە گەورەکانی وەك کروپس Krupps و سیسان Thyssen لە گەڵ جەنەراڵەکان و ئەفسەرە کۆنەپەرستەکانی سوپادا مانەوە. چەند یەکەیەکی راستڕەویان دامەزراند کە پێیدەوترا فریکۆپس (Freikorps). دەسەڵاتی دوو لایەنی بڵاوبووەوە لە ئەڵمانیا، چونکە شان بە شانی پەرلەمان ئەنجومەنەکانی کرێکارانیش وجودییان هەبوو.

هیچ شۆڕشێك نەیتوانیوە بە یەکجاری دەرباز ببێت لە کۆت و بەندەکانی رابروو، شانبەشان لەگەڵ شتە تازەکاندا- کە نوێنەری داهاتوو دەکەن – شتە کۆنەکانیش هەر دەمێننەوە، واتە هەروەك مارکس دەڵێت: «داب و نەریتی نەوە مردووەکان، هێشتا بە بەرۆکی زیندووەکانەوەن». ڕووداوەکان لە ئەڵمانیا بە تەواوەتی وشە پێشبینیکاریەکانی سەن جەست St Just سەرکردەی شۆڕشی فەرەنسا دوویات دەکەنەوە: «ئەوانەی

نیوە شۆڕشێك بەرپادەكەن، گۆڕی خۆیان هەڵدەكەنن». لە ژێر چەتری حكومەتی سۆسیال دیموكراتدا، ئەفسەرەكانی فریكۆپس هەردوو سەركردەی شۆڕشگێڕ (رۆزا لۆكسۆمبۆرگ و كارڵ لیبكنیخت)یان لەناوبرد. رووداوە شۆڕشگێڕییەكان لە هەڵچون و داچوون دابوون تا ساڵی 1923، بەڵام بە سەركەوتنی سەرمایەداری كۆتاییهات، بزوتنەوەی نازی لە ساڵی 1919 دا، هاتەكایەوە. لە ساڵی 1923 كودەتایەكی سەرنەكەوتووی سازدا لە باڤاریا، بەڵام چاوەڕوانیكردنێك هەبوو لەباڵەكانیدا. ئەمەش هەلێكی تربوو كە لە دەست كرێكاران دەرچوو و هەردەبوو باجەكەی بە سەختی بدەنەوە كاتێك هیتلەر دەسەڵاتی گرتەدەست.

لە ساڵانی 30 یەكانی سەدەی رابردوودا فەرەنسا سەرهەڵدانێكی گەورەی خەباتی چینی كرێكاری بە خۆوە بینی، كە لە شوباتی ساڵی 1934 دەستی پێكرد و لە ساڵی 1936 دا گەیشتە لوتكە. لە سەركەوتنێكی چارەنوسسازی بەرەی جەماوەریدا هاوپەیمانیەتییەكی نێوان پارتی كۆمۆنیست و پارتی سۆسیالیست و لیبراڵەكان (كە بە هەڵە پێیاندەوترا سۆسیالیستە رادیكاڵەكان لەكاتێكدا نە رادیكاڵ و نە سۆسیالیست بوون). ملیۆنەها كرێكار بە خۆیان دەوت (ئێستا حكومەت هی خۆمانە، با كارگەكان بگرینە دەست). لە حوزەیرانی 1936 شەپۆلێك بۆ بە گەڕخستنەوەی كارگەكان سەریهەڵدا، رابەرانی پارتی كۆمۆنیست و پارتی سۆسیالیست پاكسازییەكیان ئەنجامدا، دوای سازشكردن

له گەڵ خاوەن کارەکاندا، پاش ئەمە پارتی کۆمۆنیست فڕێدرایە دەرەوەی بەرەی جەماوەریی. دالادیر (Daladier) کە سۆسیالیستییێکی رادیکاڵ بوو، ساڵی 1938 پەیماننامەی میونخی (Munich) لە گەڵ هیتلەردا واژۆ کرد، هەمان پەرلەمان بوو کە هەڵبژێردراو لە سەرکەوتنی ساڵی 1936ی بەرەی جەماوەریی مەزندا دەنگیدا بۆ پێشوازی مارشاڵ پێتانی سەرۆکی رژێمی فیجی (Vichy) کە هاریکاری نازیەکانی کرد لە ساڵی 1940 بە دواوە.

کاتێك ئەندەنوسیا سەربەخۆیی خۆی لە هۆلەندا بە دەستهێنا، ساڵی 1949 وڵاتەکە لە لایەن بۆرژوازی ناسیونالیست (ئەحمەد سۆکارنۆ)وە رابەرایەتی دەکرا. ئایدیۆلۆژیاکانی لەسەر پرەنسیپەکانی پەنکاسیلە (Pancasila) دامەزراندبوون، کە بنەماکانی بریتیبوون لە باوەڕبوون بە خودا و یەکگرتوویی نیشتمانی. تراژیدیاش لەوەدابوو کە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنوسی رووبەڕوی سوکارنۆ نەبوونەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە تەواوەتی رێکەوتن لە گەڵیدا لەسەر پێویستییان بە یەکگرتووییەکی نیشتمانی و ئەنجامیش ئەوەبوو کە قسەکانی سەن جەست هاتنەدی. پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنوسیا ژمارەی ئەندامەکانی زۆر زیاتربوو لە ژمارەی ئەندامانی پارتی بەڵشەفیك لە سەردەمی شۆڕشدا – 3 ملیۆن بەرامبەر چارەکە ملیۆنێك. توانایی چینی کرێکارانی ئەندۆنوزیا لاوازتر بوو لە چینی کرێکارانی روسیا لەسەردەمی شۆڕشدا. چینی جوتیار لە

ئەندۆنوزیا فراوانتربوو وەك لە روسیا، لە ساڵی 1956 جەنەراڵێك کە لە لایەن سوکارنۆ وە دامەزرێنرابوو، سوهارتۆ کودەتایەکی سازدا پشت ئەستوور بە وڵاتە یەکگرتووەکان و حکومەتی بەریتانیا و ئوسترالیا. کە نزیکەی نێوان نیو ملیۆن تا ملیۆنێك هاوڵاتی بوونە قوربانی.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناوچەیەکی ترە کە چەندین شۆڕشی مەزنی بەخۆوە دیوە و دامەزراوەکانی هەژاندووە، بەڵام نەیتوانیوە ریشەدار و بنچینەیی بێت. لە عێراق مەلیك فەیسەڵ ساڵی 1951 دەسەڵاتی لێسەندرایەوە لە لایەن بزوتنەوەیەکی جەماوەرییەوە. پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پارتێکی زۆر بەهێز بوو، لە راستیدا بەهێزترین پارتی کۆمۆنیست بوو لەجیهانی عەرەبی دا، چووە ناو هاوپەیمانیەتییەك لەگەڵ پارتی ناسیونالیستی بۆرژواکان (حزبی بەعس). پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی ستالینیزم دا، باوەڕی وابوو شەڕی داهاتوو شەڕێکی دیموکراتی دەبێت کە پێویستی بە هاوپەیمانیەتێك دەبێت لەنێوان چینی کرێکار و حزبە بۆرژواکان. وەها هاوپەیمانییەتێك لە پراکتیزەکردندا پابەندی یەکەم بە دووەمەوە دەگەیەنێت. ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کرێکاران باجی ئەم هاوپەیمانیەتیەیان زۆر گراندایەوە، حزبی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن و بە یارمەتی سی .ئای. ئەی (CIA) کوشتارێکی فراوانی دژ بە کۆمۆنیستەکان ئەنجامدا.

ساڵی 1979 لە ئێران، مانگرتنێکی گشتی بوو بە هۆی سەندنەوەی کورسی دەسەڵات لە شا. شوراکان (ئەنجومەنەکانی کرێکاران) پەرەیان سەند لە سەرتاپای وڵاتدا، تراژیدیاکە لەوەدابوو کە رابەرایەتی ئەم شورایانە و بە گشتی هەموو لایەنگرانی حزبی تودە سەر بە مۆسکۆ و فیدائییەکان، شۆڕشەکەیان وەك شۆڕشێکی دیموکراتی بۆرژوازی دەبینیەوە نەك شۆڕشێکی پرۆلیتاری. بەمەش پشتیوانییان لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. بەمشێوەیە (ئایەتوڵلا خومەینی) دەسەڵاتی گرتە دەست بەبێ پیشاندانی هیچ ئەمەکێك بۆ حزبی تودە یان فیدائیەکان، لەبری ئەوە چەپەکان کۆمەڵکوژی کران.

دەتوانم باسی چەند شۆڕشێکی تری سەرنەکەوتوو بکەم وەك شۆڕشەکانی هەنگاریا لە ساڵی 1919 و ساڵی 1956، ئەڵمانیا 1923، چین 1925 1927-، ئیسپانیا 1936، فەرەنسا 1968، پورتوگال 1974-1975. نزیکبوونەوەی شۆڕشی دیموکراتی لە شۆڕشی سۆسیالیستی و پەسەندکردنی یەکەم، تەنها سیفەتی سۆسیال دیموکراتەکان نییە، بەڵکو بووە بە هێڵێکی رابەریانەش بۆ سەرکردە ستالینیستییەکان لە سەرتاپای جیهان دا.

شۆڕشی روسیای 1917 جیاواز بوو لە زنجیرەی نیمچە شۆڕشەکان. شۆڕشی شوباتی 1917 بارێکی تازەی سەرنجڕاکێشی هێنایەکایەوە: قەیسەر دەستی کێشایەوە، سەدەکانی پاشایەتی کۆتاییهات، پۆلیس هەڵوەشێنرایەوە. لە هەموو کارگەیەکدا لیژنە کرێکاریەکان دامەزرێنران، لە چەند یەکەیەکی سەربازیدا لیژنەی

سەربازی هاتەکایەوە. کرێکاران و سەربازە روسییەکان لەهەموو شوێنێك سەریان هەڵدا.

بەڵام دوای شۆڕشی شوباتی1917، هاوشان لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا، دامەزراوە کۆنەکان بەردەوام بوون. لە کارگەکاندا، خاوەن کار و بەڕێوەبەرە کۆنەکان لە پۆستەکانی خۆیاندا مانەوە. لەسوپادا، جەنەراڵەکان هەر دەسەڵاتدار بوون: فەرماندەی گشتی سوپا جەنەراڵ کۆرنیلۆڤ بوو کە لە لایەن قەیسەرەوە دانرابوو. هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی شوراکاندا حکومەتێکی بۆرژوازی هەبوو کە سیاسەتمەدارێکی لیبرالی سەردەمی تزارییەکان سەرکردایەتی دەکرد. ئەم بارودۆخە، کە لینین و ترۆتسکی پێیاندەوت دەسەڵاتی دوو لایەنە، پڕبوو لە ناکۆکی.

سەرەڕای سروشتی شوراکان، رابەران لە بۆرژواکان دەپاڕانەوە دەسەڵات بگرنەوە دەست. زۆربەی نێردراوە سۆڤیەتییەکان سۆسیالیستی راسترەو بوون. لە مەنشەفیك و شۆڕشگێرە سۆسیالیستەکان. ئەمەش هەر لەخۆیەوە روویندەدا، بەڵکو دەرئەنجامی چارە هەڵنەگری بارودۆخەکە بوو کە تیایدا ملیۆنەها خەڵك بەرەو چەپ بەڕێ دەکەوتن، بەڵام هێشتا کۆمەڵێ ئایدۆلۆژیای تزاریزمی کۆنیان هەڵگرتبوو. بۆ ملیۆنەها خەڵك کە تا ئەم کاتە پشتیوانیان لە تزار و جەنگ کردووە، بەڕێکەوتنێك بەرەو چەپ راستەوخۆ مانای ئەوەی نەدەبەخشی کە پەیوەندیکردنە بە یەکێك لە هەرە حزبە توندڕەوەکان

(بەلشەفیکەکان). پیاوی دەسەڵاتداری نێو مەنشەفیکەکان- تسێرتلی (J.G Tseretelli) کە بووە وەزیری ناوخۆ لە حکومەتە کاتییەکەی بۆرژواکان، روونیکردەوە کە «پێویستمان بە سازشکردنە لەگەڵ بۆرژواکاندا: هیچ رێگەیەکیتر نییە بۆ شۆڕش. راستە ئێمە هەموو دەسەڵاتەکانمان بە دەستە و حکومەتیش لەناودەچێت گەر ئێمە دەستی لێهەڵگرین، بەڵام ئەمە بۆ شۆڕش کارەساتێك دەگەیەنێت».

لە 3ی نیساندا کاتێك لینین لە سویسرا گەڕایەوە بۆ روسیا، بە گەرمی پێشوازی لێکرا لە لایەن هەزارەها کرێکار و سەربازەوە لە وێستگەی فینلەندا لە پیترۆگراد. چکهایدز (Chkheidze) سەرۆکی شورای پێترۆگراد بەم وشانە پێشوازی لێکرد،»هاوڕێ لینین بە ناوی شورای پێترۆگراد و هەموو شۆڕشەوە بە خێرهاتنتەوەت دەکەین بۆ روسیا...، بەڵام ئێمە باوەڕمانوایە کە ئێستا ئەرکی سەرەکی شۆڕشی دیموکراتی بەرگریکردنە لە شۆڕش دژ بەهەر لادانێك چ لە ناوەوە یان دەرەوە. ئێمە پێمانوایە ئەم ئامانجە پێویستی بە پەرتەوازەیی نییە، بەڵکو بە نزیکبوونەوەی ئاڕاستە دیموکراسییەکانە، بە هیواین کە تۆش ئەم ئامانجانەمان لە گەڵدا بگریتەبەر». لە وەڵامدا لینین بانگەشەی بۆ بەردەوام بوونی شۆڕش کرد هەر چۆن شۆڕشی سۆڤێتی بەشێك بووە لە شۆڕشەکانی جیهانی نێودەوڵەتی. بەرپەچەکرداری مەنشەفیکەکان بۆ وتەکانی لینین زۆر دوژمنکارانە بوو، بەمشێوەیە گۆڵدنبێرگ (I.P Goldenberg) کە ئەندامێکی

کۆنی (کۆمیتەی ناوەندی بەڵشەفیك)، رایگەیاند «ئێستا لینین خۆی کاندید کردووە بۆ کورسی ئەوروپا، کە 30 ساڵە بە تاڵە-کورسی باکۆنین (Bakunin)! وشە نوێکانی لینین دەنگدانەوەی کۆنی هەیە- راستییە لە کارکەوتووەکانی ئەنارکیزمی سەرەتاییە.

لینین خۆی نەگونجاند لەگەڵ مەنشەفیکەکان و شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان کە بەرجەستەکەرەوەی دیموکراسی وردە بۆرژواکان بوون. ئەو بەردەوام بە دوای بانگەشەکەی (مارکس) ی سەردەمی شۆڕشی 1848ی فەرەنسا و ئەڵمانیا کەوتبوو. مارکس نوسیویەتی دەبێت بە تەواوەتی سەربەخۆ بیت لە کامپی دیموکراسی و وردە بۆرژواکان بپارێزیت. هەروەها مارکس نوسیویەتی و دەڵێت «کرێکارە ئەڵمانیەکان ... دەبێت تەواو بەشداری بکەن تا دوا سەرکەوتنیان، بە ئاگابوون لە بەرژەوەندییەکانی چینی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی شوێنی سیاسی سەربەخۆی خۆیان بە زووترین کات، بەرێگەنەدان بە خۆیان کە چەواشە بکرێن بە قسە دووفاقییەکانی وردە بۆرژوا دیموکراتەکان تانەکەونە گومانەوە، تەنانەت بۆ یەك خولەکیش لە پێویسیتان بە پارتێکی سەربەخۆ و رێکخراوی پرۆلیتاریا، بانگەوازی خەباتیان دەبێت (شۆڕشی بەردەوام) بێت.»

پاش چەندین رۆژ، هەفتە و مانگێك لە رووداوی توندوتیژییەوە، بەڵشەفیکەکان وایانکرد زۆرینەی کرێکاران بە دەستبهێن. لە 9ی ئەیلول شورای پێترۆگراد گۆڕا بۆ زۆرینەی بەڵشەفیك و ترۆتسکی بە سەرۆك هەڵبژێردرا. لە هەمان رۆژدا

بەڵشەفیکەکان زۆرینەی شوراکانی مۆسکۆشیان بە دەستهێنا. ئەم خاڵە تەنها هەنگاوێکی بچووکە بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی کرێکاران لە 7ی تشرینی دووەمی ساڵی 1917.

چینی کرێکاران، نەك حزب شۆڕش بەرپادەکات، بەڵام حزب ڕێنماییان دەکات. ترۆتسکی نوسیویەتی «بە بێ ڕێکخراوێك کە رابەرایەتییمان بکات، وزەی جەماوەر بە فیڕۆ دەچێت وەك هەڵمی بێ پشتیوانی ناو پستۆن یان سندوقێك، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەی شتەکان دەبزوێنێت، پستۆنەکە یان سندوقەکە نییە بەڵکو هەڵمەکەیە.»

جیاوازی نێوان سەرکەوتن و هەرەسهێنان، نێوان روسیای تشرینی یەکەمی ساڵی 1917 و شۆڕشەکانی تری کرێکاران ئەوەبوو کە لە باری یەکەمدا حزبێکی شۆڕشگێڕی جەماوەری هەبوو کە سەرکردایەتییەکی کاریگەری دەستەبەر دەکرد، بەڵام سۆسیالیستەکان ناتوانن ئەو ساتە دیاری بکەن کە قەیرانە شۆڕشگێڕییەکان تیایدا سەرهەڵدەدەن، ئەوانە دەرئەنجامە ڕێکەوتییەکان بە پێی ئەو پلەیە دیاری دەکەن، کە تێیدا حزبێکی شۆڕشگێڕی بەهێز بنیاد دەنێن.

کاتۆ (Cato)ی گەورە، کە ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیرانی رۆمانی بوو، کردبووی بە پیشە وتارەکانی بەم وشانە کۆتایی پێبێنێت «دەبێت قەرتاجە وێران بکرێت» (Cartago delenda est)، لە دواجاردا رۆم قەرتاجەی وێرانکرد. پێویستە ئێمەش بەم وشانە بێینە کۆتایی «پارتی شۆڕشگێڕ دەبێت بنیادبنرێت».

# بەندی سیانزەیەم

## مارکسیزم و دیموکراسی

هاوڕێکانم، سۆسیالیستە تورکەکان، پێمدەڵێن خەڵکانێکی زۆر لە تورکیادا باوەڕیانوایە گەر تورکیا پەیوەندی بکات بە کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە، ئەوا دیموکراسی زامن دەبێت. بەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گفتوگۆ تایبەتەدا، پێمخۆشە وێنەیەکی گشتی تر بخەمەڕوو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان دیموکراسی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا.

وشەی دیموکراسی لەسەردەمی یۆنانییەکاندا داتاشراوە، بە واتای «فەرمانڕەوایی خەڵك یان جەماوەر». کەچی لە گەڵ ئەوەشدا، نە کۆیلەکان، نە ژنان و نە دانیشتوانە غەیرە یۆنانییەکان ڕێیان پێنەدراوە لەم دیموکراسییەدا دەنگ بدەن. مافی دەنگدانی گشتیش ناتوانێت فەرمانڕەوایی لە لایەن خەڵکەوە زامن بکات. لە ڕاستیدا ئەوە ناپلیۆنی سێیەم بوو مافی دەنگدانی گشتی بەکارهێنا تا دیکتاتۆریەتی خۆی بسەپێنێت لە ڕێی دەنگدانەوە: دەوڵەتی ناوەندی ناوچە دواکەوتووەکانی چەکدار کرد، دژ بە پاریسی پێشکەوتوو.

بە هەمانشێوە بسمارك کە مافی دەنگدانی گشتی پێشکەش کرد بە ئەڵمانیا، بەکاریهێنا بۆ بە هێزکردنی دەسەڵاتی قەیسەر و میرەکان و دژ بە سۆسیالیستەکانی بەرلین.

کاتێك دەڕوانینە دەوڵەتە سەرمایەدارییە دیموکراتەکانی بەریتانیا، فەرەنسا یان ئەڵمانیا، مافی دەنگدانی گشتی ڕەچاو دەکرێت، ئەندامانی پەرلەمان دیموکراسیانە

هەڵدەبژێردرێن، بەڵام دیموکراسییەکە تەنها لە رووکەشدایە. ئەندامانی پەرلەمان لە رێی دەنگدانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام ئەمە دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس و فەرماندەکانی سوپا ناگرێتەوە. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە خەڵك مافی ئەوەیان نییە دیموکراسیانە بەڕێوەبەری کارگە هەڵبژێرن یان گەر بیانەوێت لەسەر کار لای بەرن. سەرمایەداران و پرۆلیتاریا یەکسانن لە بەردەم یاسادا. کاتێك یاسا دەڵێت «نە هەژاران و نە دەوڵەمەندەکان بۆیان هەیە شەوان لە پارکدا بمێننەوە» لە رووکەشدا یەکسانن. بە هەمانشێوە کاتێك یاسا دەڵێت «هەموو کەسێك، هەژار یان دەوڵەمەند، رێی پێدەدرێت لە ئوتێلی رایتزدا بمێننەوە» یاسا جیاکاری بە کارنەهێناوە بەرامبەر بە هەژاران.

پیشەکاری کاغەز لە بەریتانیا خاوەنی تاکە دەنگێکە وەك هەر هاوڵاتییەکی تر، بەڵام لە راستیدا رۆبێرت مۆردۆك ئیمپراتۆریەتێکی رۆژنامەگەری جەماوەری کۆنترۆڵ کردووە – رۆژنامەی رۆژانەکەی سەن Sun رۆژی چوار ملیۆن دانە دەفرۆشێت، سەرەڕای رۆژنامەکانی تایمز Times و News of the World لەگەڵ بازنەیەکی جەماوەری و Sunday Times – مافی دەنگدانی نییە، چونکە هاوڵاتییەکی ئەمەریکییە و ئەمەش لە بەر چەند هۆیەکی بازرگانی کردووە. کرێکارە بەریتانییەکان لە 23%ی داهاتیان دەدەن بە باجی داهات و لە 10%ش بە دڵنیایی نیشتیمانی.

رۆبێرت مۆردۆك تەنها 0,5% ی قازانجەکەی باج دەدات، هەروەك خۆی لە کۆمپانیاکانی تۆماری کردووە لە بەندەری باجی دوورگەکانی کایمان. بێگومان کرێکاران و سەرمایەدارن یەکسانن لە بەردەم یاسادا. ئەو چاپ سازەی کار بۆ مۆردۆك دەکات، لە لایەنی یاساییەوە هیچ زیانێکی لێناکەوێت. من ئامادەم گرەو بکەم گەر بەشداری بکەم لە یارییە ئۆلۆمپییەکان بۆ کێبڕکێ کردن بەرامبەر بە لینفۆرد کرستی، خێراترین راکەری بەریتانی، ئەوا پێشی دەکەوم هەرچەندە تەمەنم 82 ساڵە، بە مەرجێك ئۆتۆمبێلێك و شوفێرێکی باشم پێبێت.

لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە دیموکراسی رووکەشیانە، زوڵم و زۆر لە سەر نەتەوە و رەگەزەکان دوور ناخاتەوە. لە رۆدێسیای زیمبابۆی دا ئێستا 200 هەزار دانیشتووی پێست سپی مافە دیموکراسیەکانیان هەیە. ئەمەش ئەو زوڵم و زۆرەی سەر 5 ملیۆن پێست رەشەکان کەم ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە یەکێتی نێوان پێست سپییەکان بەهێز دەکات لە بەرامبەر پێست رەشەکاندا.

ئەو راستییەی کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی دیموکراتە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو سێ ملیۆن فەلەستینییەی دەرکراون لەسەر زەوی خۆیان لە لایەن ئەم دەوڵەتەوە، مافی گەڕانەوەیان هەبێت یان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. بنەمای سەرەکی بۆ ئەو پرسیارەی ئایا دیموکراسی

جەماوەری بە هێز کراوە یان نا؟ ئەو رادەیە کە تیایدا ستەملێکراوان دەسەڵاتی راستەقینە دەگرنە دەست، لینین 1912 دا نووسیویەتی « کاتێك کرێکارێکك مان دەگرێت بۆ زیادکردنی کرێ، ئەوە ئەندامێکی سەندیکالیستە، بەڵام کاتێك مان دەگرێت دژ بە لێدانی جولەکەکان، ئەو کات سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕی راستەقینەیە». هەروەها دەڵێت « ئێمە رابەری ستەملێکراوانین». لە دەوڵەتێکدا کە نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ستەم لێکراو هەبێت، ئەرکی سەرەکی سۆسیالیستەکانی سەربە نەتەوە باڵادەستەکەیە خەبات بکەن لە پێناو مافی چارەنووسی ستەم لێکراوان.

بۆگەیشتن بە یەکێتییەك لە نێوان پرۆلیتارەکانی نەتەوەی ستەم لێکراوان و نەتەوەی سەردەستە، پێویستە لەسەر پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەستە کە جەخت بکەن لەسەر مافی جیابوونەوەی ستەم لێکراوان؛ لە کاتێکدا پرۆلیتاریای نەتەوەی ستەم لێکراو دەبێت بە تووندی گفتوگۆ بکەن بۆ یەکگرتن لە گەڵ پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەست.

پێشمەرجێك بۆ ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد ئەوەیە، کە ستەمکاری دژ بە نەتەوەیەك نەك تەنها زیان بە چینی پرۆلیتاریای نەتەوەی ستەم لێکراو دەگەیەنێت، بەڵکو بە نەتەوەی دەسەڵاتداریش. کرێکارێکی پێست سپی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نیویۆرك مافی لە بەرچاوترە، کرێ و کار و ماڵ بۆ کرێکارەپێست سپییەکان لەبارترە وەك لە خەڵکانی

پێست ڕەشی تەکساس. لە گەڵ ئەوەشدا، لە رووکەشدا کرێکارە پێست سپییەکان بێگومان سود دەبینن لەو ستەمکارییەی دژ بە پێست رەشەکان دەکرێت، بەڵام کرێ و باری کار و ماڵی کرێکارە پێست سپییەکان لە تەکساس زۆرخراپترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی نیویۆرکدا.

کلیل بۆ دیموکراسیەتییەکی جەماوەری کاریگەر و راستەقینە خەباتی کرێکارانە پێکەوە بە چاوپۆشی کردن لە رەگەز و ناسنامە و نەژاد.

کاتێك تەماشای تەلەفزیۆنم دەکرد و کاریگەریی ترسناکی بومەلەرزەکەی ساڵی پاری باکوری رۆژئاوای تورکیام بینی، روون و ئاشکرا دیاربوو کە بوومەلەرزەکە زیانێکی زۆر گەورەی هەبووە لەسەر خانووبەرەکانی گەڕەکە میللییەکان، نیشتەجێکانی چ تورك بن یا کورد، لەکاتێکدا خانووی دەوڵەمەندەکان بێ زیان بوون. هەروەها وێنەکان بە ئاشکرا رۆلی سوپایان نیشاندەدا – سوپای تورکیا دووەم گەورەترین سوپای ناتۆیە پاش وڵاتە یەکگرتووەکان- کاتێك هاتەسەر بومەلەرزەکە سەربازەکان دەبینران چۆن بە پەلە هاتن بۆ پاراستنی هێمنی – بە چەکەوە نەك بلدۆزەر بۆ رزگارکردنی ژیانی هاوڵاتییان.

پەیوەندی کردنی تورکیا بە (بازاری ئەوروپای هاوبەش) ەوە، نابێتە هۆی سەرهەڵدانی چالاکی خودیی کرێکاران. کلیل بۆ مارکسیستەکان، چالاکی خودیی جەماوەری

کرێکارانە. بێگومان هەموو مافێکی دیموکراسی چەند بچووک بێت، دەبێت بەرز رابگیرێت و بنرخێنرێت، بەڵام دیموکراسی جەماوەری راستەقینە تەنها لە رێی  کردارێکی جەماوەرییەوە دەتوانرێت بهێنرێتە دی. هەروەك مارکس دەڵێت « رزگارکردنی چینی کرێکار، ئەرکی چینی کرێکارە».

بە گشتی نەریتی سیستمی رۆشنبیری ئەو مێژووەیە کە لەسەرەوە وەرگیراوە. ئێمە زۆرشت فێردەبین سەبارەت بە مێژوو، شا، ئیمپراتۆر و جەنەراڵەکان. لەبەر ئەوە ئەو وەهمەی گوایە ئەگەر سەرۆك وەزیرانی تورکیا دابنیشێت لەگەڵ تۆنی بلێر، گێرهارد شرۆیدەر و ژوسپان، دیموکراسییەکی راستەقینە دێتە ئاراوە، وەهمێکە دەبێت لەناوی بەرین. کرێکاران ناتوانن دەسەڵات بگرنەدەست لەڕێی فڕوفێڵەوە، لە پشتە سەری مێژووەوە، بەڵکو ئەمە تەنها لە رێگەی خەباتی چینایەتییەوە دەکرێت.

# بەندی چواردەیەم

## ئایا دەکرێ شۆڕشی جیهانی بەرپابێت؟

ئەمڕۆ چینی کرێکارانی پیشەیی لە کۆریای باکور بەرفراوانترە لە چینی کرێکارانی جیهان لەو سەردەمەدا کە مارکس تیایدا کۆچی دوایی کرد، ساڵی 1883. ئێستا کرێکاران زۆر لە جوتیاران زیاترن. کێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاران هێندە فراوانە، کە بەراورد ناکرێت بە جەماوەری جوتیاران. کرێکاران لە یەکە گەورەکانی بەرهەمهێناندا کار دەکەن. هەندێجار دەیەها هەزار کرێکار لە هەمان دەزگا، دەستبەکارن. لە کاتێکدا جوتیاران بچووك و پەرت و بڵاودەکرێن. هەموو خیزانێکی جوتیار بۆخۆی لە سەر پارچە زەویەکی بچووك کاردەکات. مارکس گفتوگۆی ئەوە دەکات، کە شۆڕش ئەوکاتە دەبێتە پێویستییەك کاتێك هێزە بەرهەمهێنەکان تووشی کێشمەکێش دەبن لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆنەکانی بەرهەمهێنان، واتە بنیادی ئابوری کۆن.

سەرمایەداران لە بەرەبەیانی دامەزراندنی سیستمەکەیاندا نەك تەنها پێشکەوتوخواز بوون، بەڵکو شۆڕشگێڕیش بوون، چونکە دژ بە کۆت و بەندەکانی فیودالیزم جەنگاوون. لە سەدەی 17یەمدا بۆرژوا ئینگلیزەکان شۆڕشێکییان بەرپاکرد و باڵادەستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییان بۆ خۆیان بە دەستهێنا. لە سەدەی 18یەمدا، بۆرژوا فەرەنسییەکانیش هەستان بەم کارە. پاش چەند ساڵێك لە شۆڕشی فەرەنسا،

سەرمایەداران لە کۆڵۆنییە ئەمەریکییەکانی بەریتانیا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و دەسەڵاتی باڵای خۆیان دامەزراند. بەمەش وڵاتە یەکگرتووەکان لە دایکبوو.

ئاشکراشە ئەمڕۆ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدار لە بەرهەمهێناندا، بووەتە کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان. ئەو ڕاستییە کە سەدەها هەزار گەر ملیۆنەها نەبێت، لە کرێکارانی بیناسازی بێکارن، لە کاتێکدا سەدەها ملیۆن پێویستیان بە ماڵێکی شیاو هەیە، ئەمە ڕووندەکاتەوە.

ملیۆنەها خەڵك بە دەست برسێتییەوە دەناڵێنن، نەك لەبەر نەبوونی بڕی پێویست لە خۆراك لە دەوروبەر دا، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە توانایاندا نییە بیکڕن.

پێش چەند ساڵێك چیرۆکێکیان بۆ گێڕامەوە کە ئەمە دەخاتەڕوو، لە چلەی زستاندا باوکێك بە مناڵێك دەڵێت « توانای کڕینی خەڵوزم نییە، چونکە پارەم پێ نییە» مناڵەکە « بۆ پارەت پێ نییە؟»، باوکەکە «چونکە بێکارم»، «بۆ بێکاری؟» «دەبەنگ ئەی نازانی؟ من کرێکاری ئەشکەوتی خەڵوز بووم و ئێستا خەڵوز زۆرە لە جهیاندا».

سەرکەوتنی بۆرژواکان بە سەر فیودالەکاند یەك و دووی نەبوو (ئەم لاو ئەو لای نەبوو)، ئەوان سەردەمێك پێکەوە بوون. سەرمایەدارن دەیانتوانی بە فیودالەکان بڵێن « ئێمە لەئێوە دەوڵەمەندترین و سامانەکەمان بە

بەردەوامی لە زیادبووندایە، لەکاتێکدا سامانی ئێوە بەرەو ڕۆچوون دەچێت. باشترین بەڵگەش بۆ باڵاتربوونی ئێمە ئەو ڕاستییەیە کە زۆرجار کاتێك ئەندامانی بنەماڵە خانەدانەکان تووشی گیروگرفتی ئابوری دەبن، هەوڵدەدەن کچەکانی ئێمە بخوازن تا ئاڵتون و (خوێنی شین) تێکەڵ بکەن. لە لایەنی ڕووناکبیرییەوە ئێمە لە پێش ئێوەداین. ئێوە (ئینجیل)تان هەیە، ئێمە (ئینسایکلۆپیدیا)مان هەیە. ئێوە کڵێسەتان هەیە و ئێمەش زانکۆکان، ئێوە قەشەکان و ئێمە پڕۆڤیسۆرەکان. ئێمە کارتێکردنمان زیاترە بۆ سەر ئەندامانی چینی ئێوە وەك لە کارتێکردنی ئێوە بۆ سەر ئەندامانی چینی ئێمە. پاش شۆڕشی فەرەنسی زۆر ڕوون و ئاشکرابوو کاتێك چینە جۆراوجۆرەکان بەریەك کەوتن. ئەم کۆمەڵە دابەشکرابوو بۆ سێ چین: چینی یەکەم لە لوتکەدا بنەماڵە خانەدانەکان، دووەم قەشەکان و سێیەم سەرمایەدارەکان - چینی ناوەڕاست. کاتێك هاتەسەر دەنگدان، ئەندامانی چینی یەکەم و دووەم پلەوپایەیان بەزاند و پەیوەندییان کرد بە چینی سێیەمەوە.

پەیوەندی چینی کرێکار بە سەرمایەدارەکانەوە لە بنەڕەتدا جیاوازە لە پەیوەندیی نێوان سەرمایەدارەکان و فیودالەکان، کرێکارێکك ناتوانێت بچێتە لای سەرمایەدارێك و پێی بڵێت: « تۆ خاوەن کارگە، بانك و کەشتیەکانی، لە کاتێکدا ئێمە خاوەنی... کاتێك تووشی کێشەیەکی ماددی دەبێت، بە پەلە ناچیت کرێکارێك بدۆزێتەوە و کچەکەتی

لێ ماره بکەیت» . له کاتێکدا رۆژنامەی سەن Sun رۆژانه چوار ملیۆن دانەی لێدەفرۆشێت، بە تایبەتی بە چینی کرێکار چونکە گومانم هەیە لەوەی سەرمایەدار هەبێت رۆژنامەی سۆسیالیستی بکڕێت. بۆیە مەرج نییە کرێکاران لە هەموو شۆڕشەکانیاندا سەرکەوتووبن. هەروەك مارکس وتوویەتی «بیروباوەڕە بڵاوەکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەك بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە» هەروەها نووسیویەتی کۆمۆنیستەکان تاقیکردنەوە مێژوویی و نێونەتەوەییەکانی چینی کرێکار گشتگیر دەکەن. هیچ کەسێك ئەم رووداوانەی بە خۆوە نەدیووە، کەس نییە ئەمڕۆ لە ژیاندا مابێت و بەشداری کردبێت لە کۆمۆنەی پاریس، لە شۆڕشی روسیا (1905، 1917) هتد. پارتی شۆڕشگێڕ ویژدانی ئەم چینەیە: زانکۆی چینی کرێکارە، هەربۆیە مەرج نییە کرێکاران لە هەموو شۆڕشێکدا سەرکەوتووبن.

سەبارەت بەو پرسیارەی، دەکرێت شۆڕشی جیهانی بەرپابێت؟

وەڵام ئەوەیە نەك تەنها دەکرێت شۆڕش بەرپابێت، بەڵکو بێگومان بەرپادەبێت.

وەڵام ئەوەیە نەك تەنها دەکرێت شۆڕش بەرپابێت، بەڵکو بێگومان بەرپا دەبێت. سیستەمی جیهانی سەرمایەداری وەك زنجیرێك وایە لە ژمارەیەك ئەڵقە لە دەوڵەتە ناسیونالیستەکان پێکهاتبێت. کاتێك فشار دەگاتە بەرزترین پلە یەکێك لەو

ئەڵقانە دەپچڕێت. کاتێك ئەمەش ڕوودەدات کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوانیتر. شۆڕشی ڕوسیا لە 1917دا، سەرەتا بوو بە شۆڕشێکی جیهانی. هەر بە دوای ئەودا ئەم شۆڕشانە هاتن. شۆڕشی ئەڵمانیا لە 1918، شۆڕشی ئیمپراتۆریەتی (ئۆسترۆ هەنگاری) لە 1919، خستنەگەڕی کارگەکان لە لایەن جەماوەرەوە لە ئیتالیا لە 1920 1921-، بەردەوام بوونی شۆڕشی ئەڵمانی کە لە ساڵی 1923 گەیشتە لوتکە، پارتە کۆمۆنیستەکان خێرا گەشەیان کرد. ساڵی 1916 لە کۆنفرانسی ئەنتەرناسیونالی زیمەرلاند Zimmerlandڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ بە توانجەوە وتی: «گەیشتوینەتە بارودۆخێك کە هەموو بزوتنەوە ئەنتەرناسیونالەکانی دژ بە جەنگ دەتوانن بە چەند عەرەبانەیەکی کەم کە ئەسپ رایدەکێشێ، سەفەر بکەن. لە ساڵی 1920، پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە نیو ملیۆن ئەندام پێکهاتبوو، فەرەنسا 200 هەزار ئەندام و ئیتالیاش بە هەمانشێوە.

کاتێ دەڵێین گومانمان نییە لە بەرپابوونی شۆڕشی جیهانی مانای ئەوە نییە کە مەرجە سەرکەوتوو بێت.

## (1930)یەکان لە بزاوتێکی هێوردا

بەر لە دە ساڵێك گفتوگۆم لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئێمە بەرەو سەردەمێك دەچین وەك فیلمێکی ساڵی (1930)یەکان وایە، بەڵام لە بزاوتێکی هێوردا. ئێمە نغرۆی جیهانێکی

دواکەوتوو بووین، کە کەمێك جیاوازترە لە جیهانی ساڵەکانی 1929 -1933. لەو سەردەمەدا 8 ملیۆن بێکار هەبوو لە ئەڵمانیا، بێ ئەوەی بیمەی بێکاریشیان هەبێت. ئەمڕۆکە 4 ملیۆن بێکار هەیە و بیمەی بێکاریشیان بۆ دابینکراوە، کە دەگاتە سەروی تێکڕای کرێکان لە بەریتانیا، راستە لۆپان لاسایی هتلەر دەکاتەوە، بەڵام پشتیوانی ئەم لە نەرم و نیانیدا بەراورد ناکرێت، لە گەڵ ئەوەی هیتلەر سەرەڕای ئەو 13 ملیۆن دەنگەی بە دەستیهێنا لە 1933، دەیەها هەزار چەکداری نازی و هێزی پشتیوانی هەبوو، کە ئەرکییان لە ناوبردنی رێکخراوە کرێکارییەکان بوو. (بەرەی نیشتمانی) لە فەرەنسا هیچ یەکێك لە مانەی نەبوو، پشتیوانییەکەی هێندە توووند و تۆکمە نەبوو. کاتێك مانگرتنە جەماوەرییەکان روویدا لە فەرەنسا لە نۆڤێمبەر و دیسێمبەری 1995، پشتیوانی بۆ (بەرەی نیشتیمانی) دابەش بوو، لۆپان لە گەڵ پاشماوەی رێکخراوەکە مایەوە.

پاشان هەڵەیە کە بە سادەییەوە (1930)یەکان بە رۆژانێکی تاریك لە قەڵەم بدەین و هیچیتر. هەرەسی چینی کرێکاری ئەڵمانی بەرامبەر هیتلەر کارەساتێك بوو، کە ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خستنەگەڕی کارگەکانی فەرەنسا لە لایەن جەماوەرەوە لە حوزەیرانی 1936، کە پرشنگی شۆڕشی بەرزکردەوە، بەڵام بە داخەوە رێبەرایەتی مانگرتنەکە، پارتی کۆمۆنیست و پارتی

سۆسیالیست هێزەکانی یەکخست لەگەڵ لیبراڵەکان لەپێناو لە ئامێزگرتنی خەبات ئەم هاوپەیمانییە لە ژێر ناوی (بەرەی نیشتیمانی) پاش سێ ساڵ دەنگیاندا بۆ پشتیوانی و هاریکاری کردنی مارشاڵ پێتان لە گەڵ نازییەکان.

(1930)یەکان، دەیەم تووندو تیژی بووە و هەرکەسێك دانیشتبێت، ئەوا یارمەتی هێزە کۆنەپەرستەکانی داوە. ئەو راستییەی کە فیلمی (1930)یەکان بە خاوی دەگێڕێتەوە مانای ئەوەیە، کە هەلێکی زۆر گەورەتر هەیە بۆ راگرتن و ئاڕاستەکردنی بەو رێگایەدا کە خۆمان بیخوازین. کلیلی چارەساز بنیاتنانی پارتی شۆڕشگێڕە هەروەك ترۆتسکی نووسیویەتی: «خەباتی جەماوەری وەکو هەڵم وایە و پارتی شۆڕشگێڕ (پستۆن)ەکەیە، کە ماشێنەکە ئاڕاستە دەکات. پستۆن بێ هەڵم پارچە میتاڵێکی بێ سودە؛ هەڵمیش بێ پستۆن بڵاودەبێتەوە و بە هیچ شوێنێکت ناگەیەنێت».

بە گەڕانەوە بۆ ناونیشانی وتارەکە ئاگام لەوەبوو، کە دەکرێت مارکسیزم وەك هەڵبژاردەیەکی دۆگما لە یاسا ئاسنینەکانی مێژوو، وەك راستییەك (مارکس هەردەم زانیویەتی کە رووداوەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە مێژوودا. ئەگەر لینین بەر لە گەڕانەوەی بۆ روسیا لە ساڵی 1917، ئەو کاریگەریەی لەسەر پارتی بەلشەفیك، پاشان لە سەر مێژووی شۆڕش زۆر گەورە دەبوو. هەندێك رووداوی تر دەیانتوانی گەشەکردنی مێژوویی خێراتر بکەن.

بۆ نموونە بوومەلەرزەکەی باکوری رۆژئاوای تورکیا بووە هۆی دارمانی خانووەکانی گەڕەکە میللییەکان، کە کرێکارە تورکەکان تێیدا دەژیان و ئەو کرێکارە کوردانەش کە وەك پەناهەندە تازە لە باشوری رۆژئاوای تورکیاوە هاتبوونە ناوچەکە، لە هەمانکاتدا ئەو خانووە پتەوانەی دەوڵەمەندەکان زیانێکی کەمیان بەرکەوتبوو بە هۆی بومەلەرزەکەوە. ئەم رووداوە دەکرا لە لایەن سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانەوە بقۆزرێتەوە تا ئەوە بسەلمێنن، کە دابەشکردنی چینایەتی دابەشکردنی سەرەکییە لە نێو کۆمەڵگەدا، کە کرێکارە تورك و کوردەکان بران.

# بەندی پانزەیەم

## هەزارە: لە نێوان هیوا و ترسدا

لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا، کارل مارکس و فریدریك ئەنگلس نووسیویانە:

(مێژووی ئێستا و داهاتووی هەموو کۆمەڵگەکان، مێژووی خەباتی چینایەتییە. مرۆڤی ئازاد و کۆیلە، ئەرستۆکراتی و رەش و رووت، دەرەبەگ و جوتیار، وەستا و شاگرد، بە واتایەکی تر زۆردار و زۆرلێکراو بەرامبەر بە یەکتری دەوەستنەوە و شەڕێکی بەردەوام کە تاوێك شاراوە و تاوێك لە رووە، شەڕێك کە هەر جارەی یان بە ئاوەدانکردنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی بەرفراوانی کۆمەڵگە کۆتایی دێت یان بە وێرانکارییەکی گشتی بە سەر چینە خەباتگێڕەکاندا، دەشکێتەوە.

شۆڕشی کۆیلەکان کە سپارتاکۆس رێبەرایەتی دەکرد و هەموو شۆڕشەکانی تری کۆیلەکان تێکشکێنران. ئەمەش بووە هۆی بەردەوام نەبوونی سیستمی کۆیلەکان لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا. خزمەتکاران جێی کۆیلەکانیان گرتەوە. فیوداڵیزم جێی کۆیلایەتی گرتەوە. ئەم پرۆسەیە خێراتر کرا بە هۆی داگیرکردنی هۆزە ئەڵمانییەکانەوە لە لایەن ئیمپراتۆریەتی رۆمانییەوە.

دیسانەوە کاتێك قسە لەسەر گواستنەوە دەکەین لە فیوداڵیزمەوە بۆ سەرمایەداری، زۆرجار وەك پرۆسەیەکی نەرم و نیان دێتە بەرگوێ. دەتوانیت لە نیو کاتژمێردا بەشێك لە مەڕ فیودالیزم بخوێنیتەوە و پاشان بچیتە سەر بەشێکی

تر لە مەڕ سەرمایەداری، بەڵام زۆر بە پێچەوانەوە، پرۆسەکە زۆر لەمە توووند و تیژتر بووە، فیودالیزم لە ئەوروپا پتر لە هەزارەیەك ژیا، کاتێك لە ئاوابووندا بوو سەرمایەداری لەسەر هەڵداندابوو، لە نێو درزەگاکانی کۆمەڵگەی فیودالیزمدا، دەبوو شەقامێکی یەك ڕەوگە بەرەو سەرەوەی بەرێت. لە راستیدا، ئیسپانییە عەرەبەکان لە سەدەی (11)یەمدا، زۆر لە ئیسپانیای پاش سێ سەدەی تریش پێشکەوتووتر بوو. لە سەدەی (17) یەمدا، لە سەردەمی (شەڕی 30 ساڵەدا 1618 – 1648)، ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا گەیشتە نیوە.

دیسان ترسناکییەکانی فیودالیزم بە توندی بەردەوام بوو. بۆ نموونە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ خاوەنی زەوی مافی خۆی بوو لەو گوندانەی ژێر کۆنترۆڵی خۆی پاکیزێتی لە هەر کچە کارەکەرێك بستێنێت. ستەمکاری دژبە خزمەتکاران (کۆیلە کرِدراوەکان) و بە تایبەتی ژنەکانیان، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو.

سەرمایەداری زۆر دینامیکیتر بووە، پتر لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری بەر لە خۆی. لێرەوە جیاوازییەکان لەسەر پێوەرێکی زۆر دراماتیکیتر لە وانی پێشتر، دەردەکەوت. سەرمایەداری هێزە بەرهەمهێنەرەکانی تاڕادەیەکی زۆر پێشخستبوو، تاوەکو بەشی هەمووان بکات. لە هەمانکاتدا سەرمایەداری دابەش بووە لەنێو خۆیدا بە هۆی پێشبڕکێ لەنێوان سەرمایەداران و دەوڵەتە

سەرمایەدارییە جیاوازەکاندا. پێشبڕکێ لەنێوان فۆرت و جەنەراڵ مۆتۆرز ناچاری کردن هێزەکانی کار زیاتر بچەوسێننەوە. پێشبڕکێی سەروبەری نێوان سەرمایەداران دەبێتە هۆی سەپاندنی جەورو ستەم دژ بە کرێکاران و لە گشت دامەزراوە سەرمایەدارییەکاندا. سەروەت و سامانی بێ سنور، هاوکاتە لەگەڵ برسێتییەکی ترسناك. قات و قڕی خۆراك دیاردەیەکی تازە نییە بۆ مرۆڤایەتی: ئەمە هەزار ساڵ بووە. ئەمانە دەرئەنجامی کەمی خۆراك بوون. ئەمڕۆ، لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا، ملیۆنەها خەڵك هەن کە بە دەست برسێتییەوە دەناڵێنن، لەکاتێکدا بڕێکی زیاد لە دانەوێڵە لە بەردەستدایە لە جیهاندا. خاڵەکانی کۆتایی دەکرێت لە ڕێی ئەم نموونەوە بخرێتەڕوو: واخەملێنراوە کە ساڵانە 20 ملیۆن منداڵ گیانیان لە دەستدەدەن بە هۆی نەبوونی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە. قازانجی بێل گەیت، کە دەوڵەمەندترین پیاوە لە جیهاندا، لە ساڵێکدا بەسە بۆ بەرهەمهێنانی بۆڕی پێویست بۆ ئاو و هەڵکەندنی بیر، تا هیچ مناڵێك لە ئاوی پاك بێبەش نەبێت، قازانجی تەنها ساڵێك! بێگومان پێشبڕکێی نێوان سەرمایەداران تەنها شێوازێکی ئابوری نییە، بەڵکو هەروەها شێوازی سەربازیشی هەیە.

لە گەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ شۆڕشگێڕی مەزنی پۆڵەندی - ئەڵمانی، نووسیویەتی کە ئەو ئەڵتەرناتیڤەی لە بەردەم مرۆڤایەتی

دایە؛ سۆسیالیزم یاخود بەربەریزم، سەبارەت بە بەربەریزم ئێمە ئێستا زانیاری زۆرترمان لە بەردەستدایە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسەی لە جەنیوەری ساڵی 1919دا کوژرا، بەر لەوەی ژوورەکانی گاز و داهێنانی بۆمبی ئەتۆمی – کە بۆمبارانی هیرۆشیما و ناکازاکی پێکرا، ببینێت.

سەرەتای نەوەدەکان بوو، کاتێك کە تێڕوانین لە ئەوروپا دەیەی 90 وەکو سەیرکردنی فلیمێکی (30)یەکان وایە، بەڵام بە خاوکراوەیی.

لەو 20 ساڵەی دواییدا، جیهان رووبەڕوی سێ قەیرانی ئابوری گشتگیر بۆتەوە، بەڵام هەموویان دووبارە بوونەوەیەکی کاریکاتێریانەی پێکدادانە ترساناکەکانی 1929- 1933 بوو. راستە بزوتنەوەیەکی راستڕەوی توندڕەو – فاشیزم – سەریهەڵدا لە ئەوروپا، بەڵام لۆپان تەنها وێنەیەکی کرچ و کاڵە لە هیتلەر. راستە کە بەرەی نیشتمانی لوپان پشتیوانی 5 ملیۆن دەنگدەری بە دەستهێناوە بەرامبەر بە 13 ملیۆن بۆ هیتلەر. بەڵام جیاوازی لە چەشنی پشتیوانی بۆ هەردووکیان رادیکاڵ بوو. پشتیوانی کردنەکەی هیتلەر لە لایەن وردە بۆرژواکانەوە بزوێنرا، کە هەموو شتێکیان لە دەستچوو لەپێکدادانەکەدا.

پشتیوانی جەماوەری لە لوپان، بەمشێوەیە شێتانەیە نەبوو. هیتلەر بەر لە گرتنەدەستی ئۆفیسەکەی لە جەنیوەری 1933دا، هێزی پشتیوانی چەکدار کردبوو.

پشتیوانیکارانی لوپان سەرقاڵی هێرشکردنە سەر

کۆچبەران بوون، لێرەو لەوێ. لە لایەکی ترەوە- خەباتی کرێکارانیش دووبارەبوونەوەیەکی کرچ و کاڵی (30)یەکانە.

راستە ئاستی خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا لە 90 کاندا برەوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام تەنانەت مانگرتنە جەماوەرییەکانی نۆڤێمبەر و دیسێمبەری 1995یش، بەراورد ناکرێت لە گەڵ بە گەڕخستنەوەی کارگەکان لە لایەن جەماوەرەوە لە جونی 1936 .

ئەوە راستە کە چیرۆکی (90)ەکان وەکو فلیمێکی ساڵی 30 یەکان وایە لە خاویدا، بەر لە هەموو شتێك ئەوە دەگەیەنێت کە کاری راگرتنی فلیمەکە ئاسانترە وەك لە وەی خێراتر بووایە.

لە مە گرنگتریش ئەو بارودۆخە سیاسییەی چینی کرێکارە، کە زۆر پەسەندترە لای شۆڕشگێڕەکان وەك لەوەی لە 1930 یەکاندا بوو، پارتە ستالینییەکان کۆنترۆڵی چەپیان کردبوو لە سەرتاپای ئەوروپادا. بێگومان سەرکەوتنی هیتلەر مسۆگەر نەبوو. ترۆتسکی زانایانە پێیداگرت لەسەر پێویستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە پارتە کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا بۆ وەستانەوە لە رووی هیتلەردا، دەکرا هیتلەر رابگیرێت. بەر لە هەموو شتێك ئەو 8 ملیۆن دەنگەی پارتی سۆسیال دیموکرات و ئەو 6 ملیۆن دەنگەی پارتی کۆمۆنیست بە دەستیانهێنابوو، زۆر زیاتربوو لەو دەنگانەی نازییەکان هێنابوویان. لەوەش گرنگتر جۆری پشتیوانی کردنەکە بوو لە پارتە کرێکارییەکان. ترۆتسکی نوسیبووی پشتیوانی

نازییەکان وەك «تەپ و تۆزێکی مرۆیی وابوو – چەند کەسێکی تاك و تەرا – لە کاتێکدا پشتیوانی پارتە کرێکارییەکان وزەیەکی جەماوەری بوو، لە کارگەکان و هێڵەکانی شەمەندەفەر ...هتد. هیتلەر لە بەر ئەوە رێی لێنەگیرا، چونکە سیاسەتی ستالینییەکان دژبە بەرەی یەکگرتوو بوو؛ ستالین سۆسیال دیموکراتەکانی بە سۆسیال فاشیست ناوزەد دەکرد.

دیسانەوە خستنەگەڕی کارگەکان لە فەرەنسا لە 1936 دەکرا ببوایە بە پلاتفۆرم بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا نەك هەر لە فەرەنسا، بەڵکو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە هەر جێگەیەك بێت... نموونە لە ئەڵمانیا بە داخەوە ستالینیەکان هەوڵیاندا بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەتێك لەگەڵ پارتی لیبراڵ، هەموو ئەمەش لە بەر بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ستالین بوو. ئەنجامیش ئەوەبوو، کە لە 1940دا ئەو پەرلەمانەی لە ئایاری 1936دا هەڵبژێردرابوو، لە ژێر ئاڵای بەرەی جەماوەریدا دەنگیدا بۆ پشتیوانی کردنی مارشاڵ پیتان، سەرۆکی حکومەتی فەرەنسی، کە ئێستا هاوکاری ئەڵمانیای نازی دەکات.

ئەمڕۆ دەسەڵاتی پارتە ستالینییەکان لە ئەوروپا هەرەسیهێناوە لە پاش جیابوونەوەی رژێمە سەرمایەدارەکان لە دەوڵەت، لە روسیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپادا. ئێستا بوارێکی زۆر فراوان هەیە لە ئەوروپا بۆ شۆڕشگێڕەکان تا دەست بکەنەوە بە بنیادنان.

هەزارەی سێیەم بۆ ئێمە هەم هیوابەخش و

هەم ئاگادارکەرەوەی مەترسییەکانیشە لە هەمانکاتدا. ئێمە لەسەردەمی کۆتاییەکاندا دەژین. سەردەمی ئەگەرە زۆر دوورەکان و مەترسییە زۆر گەورەکان. دەبێت ئامۆژگارییە بە نرخەکەی (سپینۆزا)ی فەیلەسوف بگرینە بەرچاو، کە دەڵێت» مرۆڤ نابێت نە پێ بکەنێ و نە بگریت، بەڵکو دەبێت تێ بگات». ئێمە لە سەردەمی ئەگەرە زۆر دوورەکاندا دەژین.

مانیفێستی کۆمۆنیست، چینی کرێکاران وەك گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری وەسفکردووە. ئەمڕۆ، چینی کرێکارانی جیهانی لە بە هێزیدا بەراورد ناکرێت بە ئەو سەردەمەی (مانیفێستی کۆمۆنیست)ی تێدا نوسراوە. ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی تەنها لە کۆریای باشور زۆر پترە لە تێکڕای ژمارەی چینی کرێکارانی پیشەسازی هەموو جیهان لەکاتی مردنی مارکس لە 1883 دا. ئێمە جیهانێکمان لە بەردەمدایە دەبێت بە دەستی بهێنین.

شەڕی سیاتڵ تووڕەییەکی جەماوەری نیشاندا بەرامبەر بە دامەزراوە سەرمایەدارییەکان. بەربڵاوترین رۆژنامە لەنێو جەماوەری ئەڵمانیادا – دێر شپیگل – لە نوسنێکدا سەبارەت بە خۆپیشاندانی سیاتڵ دەڵێت « ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە هەزارەی داهاتوو بە جەنگێکی دژ بە سەرمایەداری دەست پێدەکات. بۆ چەندین ساڵ وشەی دژە سەرمایەداری بەشێك بووە لە فەرهەنگی چەند رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی گچکە. ئێستا بەشێکە لە زمانی ملیۆنەها خەڵك.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاک لاکان | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێک نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل<br>مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط<br>سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێک نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | 84 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئاشنابوون بە سپینۆزا | 85 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە پۆپەر | 86 |
| 2016 | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | 87 |
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجد خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە لینین1 | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە لینین2 | 91 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | 94 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێک نوسەر | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | |
| 2016 | موصلح شێخ ئیسلامی | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سێگۆشەی گڕگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەک بۆ ناسینی جەنگ | 104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم له هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |